# دار تووە تەنیاکە

## چنوور نامیق حەسەن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دار تووه تەنیاکە

## سێ نۆڤلێت

## چنوور نامیق حەسەن



ناوی کتێب: دار تووه تەنیاکە- سێ نۆڤلێت
نووسینی: چنوور نامیق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# مەئوا

پاش تێپەڕبوونی تەمەنێک لە نائارامی، دووبارە ڕوخسارەکان ڕەنگی یەک دەگرن، ئا ئەمە ئەو ڕێکەوتەیە کۆنە ئاشناکان لە پەنایدا ئەوین لە یەکتر دەخوازن، لەم دووبارە بوونەوەیە، شانۆ ناوەندی باخچەیەکی بەهارییە، دوو ئەکتەری بچکۆلانەش کۆنە گۆرانیی پەپوولەکان دەڵێنەوە، بەهەمان خەمی خۆڕسکییانە گۆش کراون، بەڵام ئەمجارە ئەو دوو عاشقە ڕۆڵێکی تازە دەبینن، هەرگیز هەڵوێست لەبیر ناکرێ، کە ژیان دەبێ بەتەمێکی سپی، ئیدی خەیاڵی ڕۆژەکان بەرەو فەنابوونمان دەبەن، هەڵوێست هەیە جوانە هەرچەندیش دەمانژاکێنێ و ئەزیەتمان دەدا، بەڵام نهێنییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکا، تا ئێستا ڕۆژگار دەڕوات، بێباکانە جێ پەنجەی لەسەر ئەو ڕووانە بەجێ دێڵێ، بەتەنیا هەر ڕۆح پیر نابێت، ڕەنگە مرۆڤ بەشێوە نەناسرێتەوە، بەڵام کە ڕۆح دێتە قسە و بەرانبەرەکەی ئەدوێنێ وشەکان بۆنی ڕۆح دەگرن...

ئەوەتانێ پاش چەندین ساڵ عاشقەکان بەڕێکەوت یەک دەبیننەوە، ئەگەر چپەکانی ڕۆح نەبێ هەرگیز یەکتر ناناسنەوە، کاتێ قەدەر دەیانکا بەناوبژیوان لە نێوان دوو منداڵی بچکۆلە لە ناوەندی باخچەکەدا...

بیرمە تکا باسی ڕەوای بۆ دەکردم، دەی وت تۆ نازانی ئەو چاوانەی ڕەوا چۆن بەرەو شاری پەمەیی ئەزیەت بەکێشم دەکەن، من بەنیگا پڕ لە



ماناکانی پەستییەکی بێ لەزەت تاڵ دامئەگرێ...

نازانم ئەم پەشێوییە ناو بنێم چی.

هەرگیز ناتوانم گوزارشت لەو ونبوونە جوانە بکەم.

ئای زەمەنی بەسەرچوو قەت ئەو کاتانەم بیر نابەیتەوە. کە تکا بەپەرۆشەوە دوا کۆڵانی بیری خامۆشی دەگەڕا تا سەربردەی هەموو ڕەواکان لە دوو توێی کتێبێکی بچکۆلەدا جێ کاتەوە و پێشکەش بەم ڕۆژگارەی بکا.

ئەو ڕۆژانەی لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووین، تازە تکا و ڕەوا یەکیان ناسیبوو، هەرچەندە تکا لە خێزانێکی بێ کەموکوڕی پەروەردە بووبوو، بەڵام بەهەستی ناسک و وردبینی بیری لە زۆربەی ئافرەتانی دی جیا دەکرایەوە... بچووکترین ڕووداو کاری تێ دەکرد، سۆزی هەڵچووی سیمایەکی زۆر تایبەتی پێ بەخشیبوو، نارەحەتی ویژدان و دەوروبەر وەکو مەکۆی مەکینە دەیهێنا و دەیبرد، باڵای ڕێک و مامناوەندی بوو، بەڕۆژانی تەم و سەرما پرچە ڕەشەکەی بەسەر شان و ملی دەهاتە خوارەوە، ڕووی وەکو مانگ لەناو شەوانی پرچەکەی شەوقی دەدایەوە. هەردەم جلوبەرگی سادەی دەپۆشی، بەزۆربیش ڕەنگە متەکانی هەڵدەبژارد، ئێسک سووک و لێو بەبزە بوو ،بیرمە کە تازە ڕەوای دەناسی هەروا دەزانم ئەمڕۆیە بەنازەوە دەی وت: من دڵنیام لە خۆشەویستی ڕەوا بۆم، بەڵام نازانم بۆ هێندە خۆی دوور دەگرێ و ئاوڕم لێ ناداتەوە؟

منیش دڵیم سارد دەکردەوە، گریمان ڕەوا تۆی دەوێ. ئایا دەتوانن لەم کۆمەڵەدا بەبێ گرفت ژیان بەسەر بەرن؟

بڕوانە جلوبەرگەکەی دەستە شەقاربووەکانی، دە لێی گەڕێ تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

لە وەڵامدا دەیوت من دەزانم شەڕی ڕەوا بەرانبەر بەو جیهانەیە کە منی تێدا پەروەردە بووم، بەڵام دنیاکەی ئەو زۆر لە وەی ئێمە پاکترە، کە من

هەر چیم بوێت لەبەردەستم بێ دەبێ ژیان چی چێژێکی هەبێ، کە من نەتوانم بەدڵی خۆم مرۆڤێکم خۆش بوێ ئیتر ژیان مانای چییە؟

قسەکانی تکا شۆڕشێک بوون بۆ خۆی، نەیدەزانی چی بکات، وەک ئەو ئەکتەرەی دوو ڕۆڵی دژ بەیەکی پێ درابێ، وای لێ هاتبوو ژیانی خۆی ڕەت دەکردەوە زۆربەی بەیانیان بەپێ دەهات بۆ قوتابخانە، تا چاوی بەهەنگاوە وردەکانی ڕەوا بڕێژێ، هەرچەندە ڕەواش هەمان هەستی بەرانبەر بەو هەبوو، بەڵام ئەم بەتواناتر بوو، دەیتوانی ئەو حەزەی بشارێتەوە، سوێندیشی خواردبوو تکا تووشی ئەو ژیانە ئاڵۆزەی خۆی نەکات، هەر ئەو بەیانییەم لە بیرە تکا و ڕەوام لە ڕێگای قوتابخانە پێکەوە بینی ئەوەندەم زانی تکا بەدەم گریانەوە ڕووی لەناو دەستەکانی شاردەوە وەک بیەوێ پیرۆزیی هەنیسکەکانی بشارێتەوە، ڕەواش دڵی دەدایەوە.

خانمەکەم تۆ توحفەیەکی نایابی ئەم سروشتەی، دەبێ لە جوانترین مۆزەخانە بپارێزرێیت، جیاوازیی نێوان من و تۆ ماوەی شەو و ڕۆژە، وا چاکە خەڵکانی وەک من کە ئەو خەیاڵاتە بکەن زیندە بەچاڵ بکرێن، تۆ یەکێکیت لەو شتانەی کە مەحاڵە بیر لە فەوتان و شکانت بکەمەوە، ئاخ نازانم بۆ بوویتە بەو کۆمەڵە پشکۆیەی لە کوانووی دڵی مندا نەبێ ناگەشێیتەوە؟ دەنا ماڵێک لە مەنفای ئاوەدانیدا ناگوزەرێ، هەر کەسەو توانجی بێڕەحمانەی خۆی تێ دەهاوێژێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو عاشقە قسەی خەڵکانێکیان وەلاوە نابوو ئەوەندەی مەسەلەیەکی گەورە پێکەوەی دەبەستنەوە.

تکا ئافرەتێکی چاوکراوە و ڕۆشنبیر بوو، ئەو ئاگای لە ڕۆشنبیری دەوروبەر بوو، خوێندنەوەی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان هەبوو بەتایبەتی حەزی دەکرد لە بواری ڕۆژنامەوانی و ماف و دادپەروەریدا کار بکات تا پشتگیری لە ڕاستی بکات، چەندین جار کە پێکەوە دەوەستاین بەڕەوای دەوت، ئاخ خۆزگە ئەو دواڕۆژەی کە دەمەوێ وەکو تۆ لەبەردەستم دەبوو...



پاش بێدەنگییەکی کورت هەر خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە:

ها ڕەوا گیان ئەوە بۆچی وا بێدەنگی داگیری کردووی؟

ئاخر من چی بکەم لە دواڕۆژ کە لە بازنەیەکدا دەژیم یاسا تەنیا بەسەر بێدەسەڵاتاندا کاری پێ دەکرێ؟

ڕەوا پشی دەخواردەوە و دەی وت:

تکا گیان ئەوە تۆ چی دەڵێی، من لە دواڕۆژی خۆت بەنیزیکتر دەزانی؟

خۆت دەزانی هیچ شتێک ئەوەندەی من لە تۆوە دوور نییە...

ئەمجارەش وەکو جارانی پێشوو، بەدڵشکاوی جیا بوونەوە...

***

قوتابخانە تاقە پردی نێوان جیهانی تکا و ڕەوا بوو، بەڵام ڕەوا بۆ چاوانی هەڵوێست کە پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو و خەڵاتی خوشکی کە شەشەمی سەرەتایی بوو، ناچار بوو قوتابخانەی ڕۆژ بەجێ بێڵێ و مشووری ئەوان بخوات. زۆر جار ڕەوا پێی دەوتین خۆ ئەگەر خۆزگەکانم باڵیان هەبوایە تا ئەودیوی مەنفاکان پێیان دەفڕیم، ئاخ مەگەر تەنیا مەرگ ئەوەندەی وڵاتەکەی ئێمە وێرانکەر بێت، ڕەنگە قەبر زۆر ئاوەدانتر بێ لەم بازاڕەی کە ڕۆژانە تێیدا بیر و هۆشمان دادەپلۆسرێ، خۆ ئەگەر لێمانیشی سەنن، ئەوە لێی بێئاگاین و ئاسوودەین.

تکا تەنیا خەمی گەورەی ڕەوای لە دڵ نەبوو، بەڵکو لە ماڵەوەش ڕەهێڵی تاقە برای قسەکانی ڕەوای بۆ دووبارە دەکردەوە، بەڵام ئەم بەئیقاعێکی تر، هەرچەندە ژیانێکی بێ کەموکوڕییان هەبوو، دەت وت ئەم خوشک و برایە بۆ خەمخۆری دروست بوونە، هەستی ناسکی تکا بێ لەزەت جوانی کردبوو، یەکەم دانیشتنم بوو لەگەڵ ڕەهێڵ و تکا، دەت وت چەندین ساڵە ئەم گەنجە دەناسم، بەئەمەک ڕووخۆش، هەست بەئازاری هەموو بوونەوەرەکانی کەون دەکات... هەرگیز ئەو وشە ناسکانەیم بیر ناچێتەوە کە دەی وت، ئای تکا گیان دەبێ چی لە ئازاردانی ویژدان

ستەمتر بێ، دەبێ تاکەی لەم باخچە بەشکراوانەی ئێمە ڕێژەی پەپوولەکان لە کەمبووندا بن، دەبێ کەینێ بەئاڵوگۆڕی ڕەنگەکانیان گوڵەکان بڕازێتەوە، دەبێ تاکەی شەوەکانمان بەچریکەی ناوەختی کەنارییەکان ڕابچڵەکێ، کێ دەزانێ ژمارەی ئەو گوڵاڵانە چەندن کە بەدەم خورپەکانمانەوە دەژاکێن؟ تاکەی غەفڵەت بانگی ڕەوی پاساری و کۆچی پەرەسێلکەکانی قەدەر بەگوێمان دەدا؟ تاقە شت لە دنیای پاکی ئەمەک نزیکی دەکردمەوە قوتابخانە بوو، ئەویشم بەڕێ کرد، ڕەهێل دەرچووی کۆلێجی زانست بوو بەشی جیۆلۆجی، بۆیە شارەزای گەرما و هەڵچوونی زەوی بوو، بەناو قوولایی شتەکاندا ڕۆ دەچوو. بەنەرمی «با» هەنگاوەکانی سەفەری لەسەر دڵی لێبوردووی خاکی غەریبی دەکردە وانە، ئەو سەفەرانەی بەپۆشاکی تەماوییەوە سجوود دەکەنە مەراسیمێکی ئاشکرا، ئەوەی جێی باسە لە بواری ئەو زانستە فراوانە کاری نەکرد، ئەو حەزی لە گەڕان دەکرد، لەو گیانلەبەرانەوە فێری سەربەخۆیی بوو بوو کە بەدرێژایی تەمەنیان دڵی خاکیان دەخوارد و درێژەیان بەژیان دەدا، لە ماوەی سالانی خوێندن تکا بەرەو کامڵبوونی فیکری تەواو دەچوو، کامڵبوون بەمانای پێگەیشتنی فیکر و دەرچوون لە دووڕیانی گومان و بڕوا بەخۆبوون، بیرمە کە چۆن تکا دەستەکانی خۆی وەسف دەکرد، سەری دەست و ناوی دەستم دوو مەئوای هۆگرن بەڕوخساری دەمیی ڕەوا، بۆیە پەنجەکانم هێندە پایزییانە وشک دەبنەوە و لێوەکانم تامەزرۆیانە دێنە گۆ، لەگەڵ ئەوەش تاقە شتێک نەبوو بەرامبەر بەدواڕۆژ گەشبینمان کات تەنانەت لە قوتابخانەش جۆرە جیاوازییەکی زۆر زەقمان دەبینی لە هەندێ لە مامۆستاکان، بۆ نموونە: قوتابییە ڕێک پۆش و بێ کەموکورییەکانیان لە ڕیزێک دادەنا، من و تکاش بەر ڕیزی خواپێدراوان کەوتبووین، بەڵام تکا لەمە بێدەنگ نەدەبوو.

ئەو هۆگری قوتابییە سادەکان بوو، بەمەش مامۆستاکان جۆرە دژایەتییەکیان دەکرد دەیان وت چما تکا کێیە؟ تا لە فەرمانەکانمان یاخی



بێت، یاخیبوون بەلای ئەوانەوە تەفسیری بەدڕەوشتی دەکرد، ئەوان نەیاندەزانی یاخیبوون بەرامبەر بەناڕەوایی یانی ئاسوودەیی ویژدان، هەر چۆن مرۆڤ پێویستی بەخۆراک و پۆشاک هەیە ئاوهاش ویژدان پێویستی بەئاسوودەیی هەیە.

ڕابردووی ڕەهێلیش قاڵ بوو، بۆیە بەبینینی گوڵێک لە ورووژانی مەملەکەتی هەنگەکان دەگەیی، نموونەی مرۆڤی کامڵ و پڕ لە ئەزموون بوو، وەک ئەوانەی بەشەوان نانوون تا لە هزرە بەئێشەکانی بێدەرەتانی ون دەبن. تەنیا چوار بەهار لە تکا گەورەتر بوو، چەندین جار ملی ڕێگای هات و نەهاتی گرتبووە بەر، نەیدەتوانی لە شوێنێک بگیرسێتەوە، زۆر جار لە باخچەیەکی نزیکی ماڵی (تکا)وە دادەنیشتین، کە تکا لە ڕەهێلی دەپرسی چۆن دەتوانی بەبێ هاوڕێ ڕۆژگار بەسەربەریت؟

ڕەهێڵ بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە دەی وت تۆ بەهەڵەدا چوویت، من هاوڕێیەکم هەیە وەکو سێبەر بەدوامەوەیە بگرە ئەو لە ڕەوای لای تۆ بەئەمەک ترە، هەر هیچ نەبێ هەناسەیەک لێم جیانابێتەوە، چما سەفەر هاوڕێ نییە؟

باشە تۆ بەچییەوە خەریکی و چی لە بڕوانامە دەکەیت، ئێمە لە گۆڕەپانێکدا دەژین لە هەر ساتێکی بێ ئەمەک دەبینە خۆراکی نەزانین و خیانەت، ئێمە خۆشترین ڕۆژەکانی تەمەنمان وەکو کیژۆڵەیەکی بێ خاوەن دەدەینە دەستانێکەوە بانگێشتی خاوێنی دەکەن و نامانپارێزن وەکو لیمۆ دەمانگوشن تا وشک دەبین، پاشان فڕێمان دەدەنە لا ڕێگایەک مەگەر بەڕێکەوت بەسەرماندا تێپەڕن ئەوجا بەنووکی پێڵاوەکانیان لە بەر پێیان دوورمان دەخەنەوە. تا نەبینە کۆسپ و لێمان بخزێن، بەتوێکڵیش هەر دوورمان دەخەنەوە، ئەی ئەوە خیانەت نییە؟ وەرە واز لە هەموو شتێک بێنە با پێکەوە سەری خۆمان هەڵگرین و بڕۆین.

تاقە وەلامی تکا ئەو سەرنجە پەپوولەییە بوو کە پاش هەموو گریانێک

ڕەوا لەسەر ڕووی بەجێی دەهێشت، گریان بەبێدەنگی جۆرە تقووسێکی پیرۆزە، مرۆڤ لە کاتی پڕبووندا پەنای بۆ دەبا.

ئا بەم جۆرە کەس نەیدەزانی تکا چ نەخشەیەک بۆ دوارۆژ دەکێشێ ئەوەندە نەبێ کتێبەکەی دەکردەوە و هەڵمی مەئیووسی وەک پۆلە ئارامی تەریو زەردەخەنەیان دەژاکاند... ڕەهێڵ زۆری دەوت و تکا کەمی دەژنەفت، چەندین جار تکا پێدەکەنی و دەی وت، بڕوا دەکەی هیچ لە ڕەهێڵ حاڵی نابم، تەنیا دەستەکانی دەبینم بەنەزمێکی نارێک بەرز و نزم دەبێتەوە. پاش ماوەیەک دێمەوە سەرخۆم، بەتەنیا لە ژوورەکەدا ماومەتەوە، ڕەهێڵ زۆر جاران سەری نابووە سەری باو بۆران، بۆیە هێندە بەگرمە و بۆڵەوە دەئاخافت، چاوانی وەک تاریکیی شەوان تووڕە بوون، یەکێ لەو چیرۆکانەی کە لە باخچەکە بۆی گێڕابوومەوە مایەی سەرسوڕمان بوو، لە سەفەرێکی بۆ هەندەران، لەناو باخیرەکە ئافرەتێک منداڵەکەی خۆی دەداتە، دەستی ڕەهێڵەوە کە تاوێ بۆی هەڵگرێ، پاش دەمێک بێئامانی شەپۆل باخیرەکە وەردەگێڕێ، نەفەرەکان پەرت و بڵاو دەبنەوە ناو دەریاکە، یەکێ لە وانەش ڕەهێڵە، مەلۆتکەکەی نووساندووە بەسینگیەوە، ئەو مەلەوانێکی بەتوانایە فێرە لەگەڵ دڵی گەورەی دەریادا بەشەڕ بێت، بەڵام ئەمجارەیان دەستەکانی تەوقن و لەو مەلۆتکەیە ئاڵاون، بەهەر حاڵ ڕەهێڵ نیوەی ئاوەکە دەبڕێ، ئەم جارە بۆی ڕوون بووەتەوە دەریاش بەو ئاوەدانییە خیانەت دەزانێ، لەگەڵ غرووری شەپۆلەکان کەوتە شەڕی مان و نەمان و هەرچەندە زەمەنی دەبڕی جەستەی ڕاکشاوی ئەو خائینە کۆتایی نەدەهات، زۆری نەبرد شەویش بوو بەمیوانی ئەو جیهانە جوولێنەرە، ئای لەو کاتانەی کە دەریا دەستەملانی خەو دەبێ بەجووتە جەستەی سڕی ئادەمیزاد دەپێون، بەزیندوویی گۆڕەوشاری عومری دەدەن، تا بڵێی ڕەهێڵ کەم هێز دەبێ، وەرزی سوبات باوی نامێنێ، چی سەرمایە لەو جەستانە دەگیرسێتەوە، دەڵێن دەریا زۆر نهێنی لە دڵ دەگرێ دەبێ وابێ؟ ئەدی کو مامەڵەی زەردەخەنەی پەپوولەیی دەکا و نازی وەنەوشەیی لە زارۆکان



دەسەنێ، ئەوەتانێ خەویش بووە بەدایەن و جەستەی سەرئاوکەوتووی خەڵکی ڕادەژەنێ، بەنازەوە چاوەکانی ڕەهێڵ لێک دەنێ، سەرماش وەکو سیحربازێکی بەئەزموون دەستەکانی دەکاتەوە و ئەو ساوایە دەفڕێنێ، ئەوەش نەبوو بۆ کەناری فەرامۆشی بیانباتەوە و لێیان گەڕێ، ڕەهێڵ دەی وت ئاخ ئەمە چی ئاژاوەیەکە گڕوگاڵ سەرئاو کەوتووە، مێژووی تەرمی دوا هەناسەش ڕادەماڵێ، کە ڕەهێڵ ئەو ڕووداوەی بەبیر دێتەوە، تووشی پێکەنینێک دەبێ، پاشان دەبێ بەقاقایەکی دوورودرێژ، ئەوەی بیناسێ لێی شارەزایە، هەر کاتێکیش خەمی شینی ئەو منداڵە لەگەڵ پێکەکەیدا هەڵدا. حاڵەتەکەی لێ دێ پاشان پێکەنینەکەی بەسوێراوی یادەوەرییەکانی ئەو شەوە دەشواتەوە و دەچێتە ناو دنیای تێڕامانی ئارامییەوە...

***

درۆ نییە گەر بڵێم (سەرما)ش ماڵێکی دییە بۆ دڵنەوایی عاشقان، کە نمەکان دەهاتنە خوارێ بەپرچی درێژی تکاوە شەوی باراناوییان دەخولقاند، لە کاتی باراندا قژە ڕەشەکەی بەردەدایەوە تا تێر ئاوی ئاسمان بخواتەوە، دەت وت دڵی تینوێتی دەشکێنێ، بەردەوام دەی وت، جەستەش پێویستی بەخاوێن بوونەوەیە، لە غەدر، لە دڵتەنگی، لە نائارامی، باران باشترین پاککەرەوەیە بۆ دڵ و دەروون هەروەها چاوەڕوانی لە برژانگمان دەکاتەوە، بیرمە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووین، بەفر دەرباری، ئەرز سپی دەچووەوە و هەور پرووشەی دەکرد، ئێمەش لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە شەڕە بەفرمان دەکرد تکا تۆپەڵێ بەفری دایە نێوچەوانی ئەو کوڕەی کە بەچاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشەوە دانیشتبوو، جووتێ چاوی ڕەش و قژێکی ڕەشتر ڕوخسارییان جوانتر دەکرد، تا دەهات پرووشە بەفر ئەو جەستە تاریکەی بەسەر دەکردەوە. ئەو تۆپەڵە بەفرە بەئاگای هێنایەوە، تکا بەپێکەنینەوە هات بۆ لای، دەت وت بووکە بەفرینەیە، بەرانبەری ڕاوەستاوە، پاش دەمێ هاتەوە قسە: ببوورە هاوڕێ نەمزانی، ئەی تۆ شەڕە بەفر ناکەیت، تاقە

وەڵامی ڕەوا سەرنجێکی پەپوولەیی بوو لەسەر ڕووی تکا نیشتەوە، ڕەوا سەری لێبوردنی لەقاند و هەستایە سەر پێ و زەنگی قوتابخانە خەیاڵەکانیانی تاراند.

که دوور کەوتینەوە تکا لێی پرسیم تۆ ئەو کوڕە ناناسیت؟ منیش وتم وابزانم لە یەکێ لە پۆلە سێیەمەکانە، چوزانم قەدەر وادەکا لە پۆلی چوارەم پێکەوە بین، بەوەشەوە لێ نەگەڕێین بگرە ببین بەئاشنای یەک، ئێستاش ئەو ئێوارەیەم لە بیرە کە باوکی ڕەوا نەخۆش کەوت، هەموو شتێ تینی لە فرمێسکەوە وەردەگرت، تکاش هەر چاوەڕوانی بارینی بەفر بوو تا بەپێیە نەرمەکانیەوە پەیامی ساڵی ڕابردووی بۆ بێنێتەوە... هەر لەو ڕۆژانە بوو باوکی ڕەوا ماڵئاوایی کرد، ئەو دەمە بوو کە ڕەهێڵ شار و دەر و دەشتی دەپێوا بەوەش ئەرکی سەرشانی ڕەوا قورستر دەکەوت، ئەو جوانی مرۆڤی لە کارکردندا دەدۆزییەوە، هەروەها تاقێ دەیخوێند و پاش چوونە قوتابخانەش کاری دەکرد، کارەکەشی بەزۆری سەرپێیی و دەسگێڕی بوو، یەکێ لەو کارانەش ئەوە بوو لە پێش ئۆتۆمبێلەکان ڕادەوەستا تا شتومەکی نەفەرەکان بگوێزێتەوە، بەو حاڵە پۆلی چواریشی بەڕێ خست کە دەریش چوو بۆ پۆلی پێنجەم، چووە قوتابخانەی شەوان. تکاش قوتابخانەی لێ ببووە بەندیخانە و چاوی پێ هەڵنەدەهات. دەی وت هەست دەکەم قوتابخانە چۆڵە و تروسکە و ڕووناکاییم لە دڵدا نییە. نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە درێژانە بکەم؟ بەڵام هەر ڕەوای دەبینی و ئاگاداری هەموو هەواڵێکی ژیانی بوو، کە تووڕەیی دایدەگرت لەگەڵ ڕەوا بەشەڕ دەهاتن، جارێکیش لەپێش دەرگای قوتابخانە هاتوچۆیان دەکرد گوێم لێ بوو بەڕەوای دەوت چۆن خۆم دایە بەر لێزمەی خەمی ناوادەوە، تاقە کەس کە تێم دەگەیی تۆ بووی. کەچی تۆش وەکو با سەرەڕۆیی دەکەی، تەنیا تۆ بووی وەکو ئەوینێکی تەڕیو... دەتخوێندمەوە، کەچی تۆش باوەڕت پێ ناکرێ، بەڵام ئەمە گوناهی تۆی تێدا نییە من بەردەوام مرۆڤی سەرەڕۆم تووش دەبێ.



بێ دەنگی ڕەوا کوشندە بوو لەگەڵ ئەوەش چاوەکانی دەتوت پشکۆن بەهەناسەکانی تکا دەکوژانەوە پاشان دەیوت نا تکا گیان بەهەڵە لێم تێ مەگە. تۆ تکایەکی بێ دەسەڵاتانەی، ڕۆژانە ئارامم دەکەیتەوە.

ڕەوا گەنجێکی هوشیار و هەست ناسک بوو، شەوانە چێژی لەو ڕووناکییە کەمەی مۆمێک وەردەگرت وێڕای گرفتی ماڵەوەش تکا لێی نەدەگەڕا کاتێ خەم چاوەکانی تاپۆ دەکرد وەها کتێبێکی پڕ لە ئێشی هەمەڕەنگ بوو بەئاسانی دەخوێندرایەوە بەڕامانەوە دەهاتە قسە.

ئاخر تکا گیان من شایان بەتۆ نیم، بەدەستی خۆت دواڕۆژی خۆت مەشێوێنە، دواڕۆژی خۆت بەیەکێ لەو بەتوانایانەوە ببەستەوە، من دڵنیام کە تۆشم لێ دەبەنەوە. ئەوەی کە ناتوانن لێمانی سەنن تەنیا بیرکردنەوەمانە. هەر هەستە موڵکی خۆمانە، بۆیان بلوێ ئەوەشمان لێ داگیر دەکەن، خۆ من دەزانم خەونەکانمان یەکن وەلێ بەچی ئاویان دەین و گەورەیان کەین؟

کە من خۆم موڵکی خۆم نەبم چۆن دەتوانم تۆ بەختەوەرکەم؟ دەڵێین یاسا مەگەر هەر بەسەر بێ دەسەڵاتاندا جێبەجێ بکرێت! ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێ ماڵەکەم خۆری نەدیوە، ئەوە بچووکترین مافی خۆمانە لێمان یاساغە، دەبێ هیواکانی ترمان چۆن بێنە دی؟

ماڵی ڕەوا کەوتبووە گەڕەکێکەوە هەرچی خانووی تێدا بوو لە ماڵەکەی ئەوان بڵندتر بوو لە دوو ژووری مامناوەندی پێکهاتبوو، تا بڵێی قووڵ بوو، حەوشەیەکی بچکۆلە و باریکە ڕێگایەک دەیگەیاندە دەرگایەکی بچکۆلە کە بەدوو پلیکانێ سەردەکەوتیتە بەر دەرگای کۆڵان، ئەوەی ڕاستی بێت نە هاوین و نە زستانان خۆری پێ نەدەکەوت، ڕەوا هەموو دەمێ دەیوت ئێمە لە قەبیلەی سێبەرەوە هاتووین، بۆیە خۆر نایەوێ میوانداریمان بکا. هەر بەڕێکەوتیش ئەو دوو ژوورەیان دەس کەوتبوو ئەویش کاتی خۆی ئاژەڵی تێدا بەخێو دەکرا، بەڵام ئێستا خاوێن و بۆیاغ

کراوە کاتێ تکا ئەو باسانەی بۆ دەگێڕامەوە هێندەی تر ونبوون کێشی دەکردم لەو شارەی کە تاکو ماوم بەپیاسەکانی غەریبیم ناشکێ. لە وەتەی هەم نامۆیی تاقە دایەنە بەئەمەکەوە گۆشم دەکات، بۆیە هێندە بەمرۆڤی نامۆ و گوڵی نەشاز و خەونی نامۆ هۆگرم و ئاشنایەتی ڕۆژگارە تەریوەکانی تەمەن دەکەم، نامۆ تەنیا ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بێ لانەن یا خۆشەویستییەکیان لە دەس دەدەن، بەڵکو نامۆ ئەو کەسەیە کە جێگای لەناو کۆمەڵەکەی نابێتەوە کاتێ بەنەرمونیانی ڕەفتار بکەیت بێ هاوبیربیت، خەمخۆرت نەبێ، ئەمانە هەموو وشەی غەریبییان پێ پڕ نابێتەوە...

ئەو دەمانەی بیرم دەبێتە جاڵجاڵۆکەی گومان، جۆرەها داوی هەمەڕەنگ بەری چاوم دەگرن، پرچم دەبێتە تاقە هۆگری پەنجەکانم، تا بەخۆدێمەوە جووتێ پەلکی درێژم بەدەستەوەیە کاتێ لەگەڵ خەیاڵەکانم بەراوردیان دەکەم دەبینم لە پرچی شەوانی چاوەڕوانیم کورتترن.

حاڵەتێکی سەیرە ئەوەندە بەتاسەوەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو دوو ئەویندارە پەنجەکانم بەجۆرێ لەبیرم دەکەن دووبارە پەلکەکانم خاو دەکەنەوە، کە خەیاڵێک دەمباتەوە دەگەمە ئەوپەڕی دنیا، تا دێمەوە پەنجەکانم کاری ڕۆتینی خۆیان ئەنجام داوە. ئەمجارەیان خەیاڵم بەلای قسەکانی ڕەواوە بوو، هەموو دەمێ دەیوت: باشە کە ئێمە کۆیلەی دەستی ڕۆژگار بین کوێوە بچین کاتێ دەروازەکانی بەختەوەری ون دەکەین ئیتر وەک گەڕیدەکانی سەر بەفر شوێن خاڵێکی فرە دوور دەکەوین، ئەو دەمانە هێندە سڕین جەستەمان چ ئاگای سەرما و گەرمای نامێنێ، وەک ئەو ساتانەی تینی دیدارێک پۆشتەمان دەکاتەوە تەمەنمان لە سفرەوە دەس پێ دەکا، دەڵێی تازە گڕوگاڵ دەکەین کاتێ مێشک و جەستەمان سارد دەبێتەوە، سەر پێ دەکەوین دەڵێی زەمەنێکی فراوان کەوتۆتە نێوانی گڕوگاڵ کردن و پێگرتنمان لە تازەوە بەشوێن یەکتری دەگەڕێین.

گەڕان بەشوێن پەرییەکانی ئاخافتن، بەشوێن ڕێژنەکانی ئەو ئاسۆیەی



بووە بەچەتری بزە ئاڵەکانمان:

نا ، بەساردی هەناسەمانەوە بەڕێ دەکەوین، بەرەو مەنفاکانی غوربەت دەڕۆین، ملمان دەنێین بەلارەوە سێبەری دارەکان دەکەینە ژوانێکی ئەبەدی، ببوورن هیچ شتێک ئەبەدی نییە ، چونکە مەرگ دامانده‌بڕێ، کەواتە ئەبەدی تا ئەو کاتەی هەناسەمان ڕادەوەستێ و ئێشەکانمان کپ دەبنەوە، لەو ڕێگایە لە یەکتر ون دەبین تەنانەت دارە بێ گەڵاکانیش دەکەینە مەئوا، نامەئوای یەک بینین، نەخێر مەئوایەک بۆ پشوو، پشووی ڕێگای یەکدۆزینەوە، لەو خەونە سەمەرانە بەخەبەر دێین هێشتا کە دەوروبەری خۆمان و سەر بالیفەکە دەگەڕێین تومەز ئا ئەمە ژیانە، هەروەها تکا قسەکانی پێ دەبڕی دەی وت باشە خۆ دەڵێین لە دوای هەر تاریکییەک ڕۆژێکی ڕووناک هەڵدێ، ئێمە کە ڕۆژەکانمان نادیار بن، ئیتر بەرانبەر بەچی گەشبین بین، ئێمە هەموو دەمێ هەنگاو دەنێین، بەڵام هەموو هەنگاوێک نا ، مەبەستم ئەوڕۆ نییە کە بەرەو ڕێگا دووبەختییەکان دەبینەوە تا خۆمان لە ڕابردوو قوتار کەین، کەچی ڕابردوو لێمان نابێتەوە وەک بیەوێ بەشێک لە دڵ و دەروونمان بکات بەهەوار، بەسانایی لێمان ناگەڕێ تا هەناسەمان سوار دەبێ.

ژیانی ڕەوا لە نێوانی دوو جیهانی دژ بەیەک هاتوچۆی دەکرد، ژیانی قوتابخانە و خوێندن لە پێناوی دوارۆژ و جیهانی بازاڕ وەها کە مرۆڤێکی هۆشیار و ناسک دەبێ بەدوو بەشەوە فکری پەرتوبڵاو دەبێتەوە باری دەروونی نائاسایی دەبێ. ڕەوا بەوەش قایل بوو، بەڵام هەردەمەو کارێکی تاقی دەکردەوە لە پێناوی دوو خوشکە بچکۆلەکەی، دڵی لە هەموو شتێک ڕەنجاسبوو لە تکا، لە قوتابخانە لە ماڵ. بەیانیان کە کازیوە خۆی کۆدەکاتەوە و دەڕوا هەراو زەنای ناو بازاڕ و مەزاتکردنی ویژدان بۆ پەیداکردنی پوولێکی زیاتر پەردەی گوێی ڕۆژە بێ دەسەڵاتەکانی ئەلەراندەوە. ئەو دەمانەی هەموو شتێک لە جووڵانەوەیە بەرەو قوتابخانە کەوتمە ڕێ، بینیم تکا بەڕێگای خوار قوتابخانەکە دەڕۆیی، ئەو شەقامە

زۆر بەکەمی ئۆتۆمبێلی پیادا دەڕۆیی ڕاست دەچووە ناو بازاڕەکە، تکا دەتوت بووکەشووشەیە و ڕێگاکە پەلکێشی دەکات، چەند جار بانگم کرد هەر وەڵامی نەدامەوە، هەرگیز ئەو پەیکەرە کچە جوانەم بیر ناچێتەوە چۆن نیگاکانی لەو ئەرزە ڕۆدەکرد دەتوت ئەو سەرنجانە بۆ ئەوە پەخش دەکا تا برسێتیی ئەرز بشکێنن، برسێتیش جۆری هەیە هەر هەمووشی لەژێر کاسەی تامەزرۆیی دەمێنێتەوە، بەڵام خۆ هەمووشی بەخواردن و خواردنەوە ناشکێ، بەڵکو بەوەیە کە چۆن تاسەت لە شتێکی دوورە دەست دەشکێ، تکا تامەزرۆییەکی سەیر دەستی گرتبوو دەتوت بەرەو جێ ژوان دەچێت گەرم گەرم ڕوومەتەکانی دەسووتا.

چەندین جار بەتکام دەوت ئەمە شەڕی ناڕەوایە تۆ دەیفرۆشیت ئەویش لە وەڵامدا دەیوت تۆ دەڵێی شەڕ دەزانی ئەوە جوانترین هەڵوێستە گوزارشت لە مافەکانمان دەکات، ئەو جموجۆڵەی ئەنجامی دەدەین بۆ شکاندنی تەوقی ئاسنینی دەستەکانمان خۆی جوانترین کردارە بۆ ڕزگاربوونمان ئەمەش مانای خۆ بەدەستەوە نەدانە، بەڵام ئەوانەی غەدرت لێ دەکەن بەمە دەڵێن «شەڕکردن» ئەگەر شەڕ داکۆکیکردن بێ لە مافە ڕەواکانمان ئەوە با هەر شەڕخواز بین، کە دڵ میوەیەک دەخوازێ دەتوانی نەیخۆی، بەڵام چی لەگەڵ ڕوحیانەت دەوترێ ئەوە شتێکی مەحاڵە.

تکا بەرەو بازاڕەکە دەبووەوە و منیش وەکو سێبەر وە دوای کەوتبووم، کە گەیشتینە ناو بازاڕەکە لەپڕ یەکێ لە بەردەممان ڕاوەستا ڕووی کردە تکا و وتی:

(ئەرێ خانم پێڵاوەکەت بۆیاغ ناکەیت؟)

تەنیا دوو دەستم بینی کە بەڕەش و قاوەیی ڕەنگ بووبوون، کە ئەو دیمەنەم بینی خورپەی گومان دڵ و دەروونی هەژاندم. ئای لەو کاتانەی کە یەقین دەبێتە دایکێکی ڕوحی و کۆرپەی گومان لە بەردەستمان هەڵدەگرێ. هەر دەڵێی ئەو دایەنەیە کە ڕاستگۆیانە دەماندوێنێ و خورپەکانمان



دەژمێرێ، ئەمە چییە؟

کتوپڕ دەستەکانی ڕەوام بینی دەتوت دوو کۆتری سپین و چەرمەسەرێی ئەم ڕۆژگارە پیسی کردوون، تا من چوومە ناو دنیای خەیاڵاتی خۆمەوە دووبارە دەنگەکە هەمان ڕستەی وتەوە، ئەو دەنگە چەندین سەدە گێڕامییە دواوە، بەسەرخۆ جۆلانێی بەتەمەنم دەکرد ئارامانە بەناو بیرەوەریی منداڵیمدا دەگوزەرا...

نا هەرگیز ئەوە دەنگ نەبوو، بەڵکو گرمەی ڕاستییەکی ناوادەبوو ماڵە شووشەیییەکانی خەیاڵمی ورد و خاش کرد. ڕەوا بوو بەپەیکەر و ڕووبەڕووی تکا ڕاوەستا، ئەمڕۆ بۆ شازدە ساڵ دەچێ ئەو دیمەنە دەملەرزێنێ گەر هەموو بوومەلەرزەکانی بوون پێکەوە بجوولێنن هەرگیز ئەوەندەی ئەو بەیانییانە وێرانم ناکەن، وێرانکردنی عاشقان زۆر ئەستەمە، کە خەیاڵێ دەیباتەوە بۆ بەر هەیوانەکانی چاوەڕوانی بەهەناسەیەک دەژاکێ، ئەو ساتانە دەبێ پەرژینی نێوانی ئەو و ئەویندارەکەی لە گەڵای ئەو شۆڕەبییانە بێ کە لە بێنازیدا شۆڕدەبنەوە سەر تەرمی گەڵاوەریوەکان وەک ئەو لقانەی بەقورسایی زەمەن دەچەمێنەوە و بەردیمەنێکی جوان لە سەرنجی ڕێبواران دەگرن. ئەو دەمانە بەتاسەوە دەڕوانینە ئەو پەرژینە بۆ ئەوەی نیگاکانمان لەسەر خاڵێکدا بگیرسێتەوە، بۆ کۆکردنەوەی جوانی ئەو شتە یاساغەی پشتییەوە، دەڵێن زەمەن بیرەوەرییەکانمان دەسوێ، بەتێپەڕبوونی کات برینەکانمان ساڕێژ دەبێ، دەبێ وابێ! هەر جارێ گوێبیستی نزایەکی سەرسپی دەبم لە خۆڕا بەرەو بازاڕی کەس نەناسان دەکەومە ڕێ بۆ خۆم دەگەڕێم بەشێوەیەک خۆم ون دەکەم نازانم بۆچی هاتوومە بەدەستی خاڵی و دەروونێکی خاپوورەوە بەنیگا خەواڵووەکانمەوە زەمبیلەی دەستی ئەو ئافرەتانە دەپشکنم کە بەدەستێک منداڵەکەیان بەکێش دەکەن و بەوی تریش زەمبیلەیەک پڕ لە جەفای وشکەوە بوو و بە چمکی عەبا ڕەشەکەیان ناپاکی ئەو غەدرە ڕادەماڵن کە خۆیان ملی بۆ کەچ دەکەن و بەسانایی بۆی دەستەمۆ دەبن، هەرگیز ئەو ڕستەیەم بیرناچێتەوە

کە ڕەوا سێ بارەی کردەوە: «خانمەکەم پێڵاوەکەت بۆیاغ ناکەیت»، ڕەوا دەتوت بەردێکە لەو بەردانەی کە قەدەر بستێ لەو ئەرزەی ژێر پێی تکای بۆ کردووە بەوەتەن، تکا بێدەنگ لە جێگای خۆیدا مایەوە لە ڕقاندا بزەیەکی تووڕە لێوی بەئەستەم ترازاند، ڕیزە دانە سپییەکانی هێندەی تر تووڕەییەکەیان لێ جوان دەکرد، فرمێسکەکانی وەکو شەونمی لە شەو بەجێماو ڕوومەتەکانیان داگیرسان، هێندەی تر وەرزی باران و سەرمایان بیرچووبووەوە، نازانم ئەو حاڵەتە هیستریییەی تکای داگیر کرد ناو بنێم چی؟ هەرچی تووڕەیی هەبوو لە دەستی ڕاستی کۆی کردەوە، بەهەموو توانایەوە دەستی ڕاست و چەپ کرد و زللەیەکی توندی دایە بنا گوێی ڕەوا. خەڵکی ناو باژێڕەکە هەموو لێمان کۆبوونەوە، شانۆیەکی بازنەیی گەورەیان لە چوار دەورمان دروست کرد، ئێمەش دەتوت سێ ئەکتەرین هێندە ڕاستگۆیانە ئەو ڕۆڵە پڕ لە میحنەتەمان دەبینی، ئای هاوڕێیان دەمویست خۆم بشارمەوە تاقە مەئوا بۆ ڕوخسارم وڵاتی دەستەکانم بوون، کە بۆنی نازێکی بێ ئەندازەیان دەکردە هەڵم و نیازەکانم تێیدا چرۆیان دەکرد، هەر هێڵێک لە هێڵەکانی ناو لەپم ڕێگای دووری ئاواییەکیان پیشان دەدام، کە دەڵێم مەئوا تەنیا حەشارگە یاخود جێگای حەسانەوە ناگرێتەوە، خۆشترین مەئوا بۆ خەمەکانم کە پڕاوپڕ دەبم لە ژان، سینگی خۆشەویستەکەمە، ئیدی بەوشەیەک دەبمە رووبارە ڕێژنە، تەم و ئەوین و ڕووداوم لێ دەڕژێ، هیچ شتێک وەک بۆنی ئەویندارەکەم مەستم ناکات، وەکو ڕۆحی شنەبایەک کە لە کونجی وێرانە ماڵێک دەگیرسێتەوە تا دەستەکانی لە بیرەوەری بەجێماوی کوانوویەکی سارد و دڵی ڕەشی قۆرییەکی پڕ لە گوڵاوی بەجێمان بشوا، دیسانەوە دەڵێم دڵی خۆشەویستەکەم پیرۆزترین مەفتەنە، کاتێ بەتێڕامانێکەوە سەرەخۆشیم لێ دەکا، یاخود ئێوارانێک بەتەنیشتمدا تێدەپەڕێ لەزەتی گەرمەوە بوونم پێ دەبەخشێ، کەواتە دڵی تکا بێ مەئوایە، بۆیە ئەوینی تێدا دەزێ، نزاکانی ناگەنە دڵی ڕەوا، بۆیە دەکوژێنەوە، خواستەکانی وەکو خەوی ئەو بێوەژنانە کورتن، کە نایەنە ڕۆژ.

***



لەو ڕۆژەوەی ساردی بوو بەوەرزێکی هەمیشەیی لە باخچە بێ نەشئەکانی دڵی ڕەوا، گۆڕانێکی سەیری بەسەرهات، وای دەزانی بێ ویژدانی سەراپای خەڵکی گرتووەتەوە چەندێ تکا پاڵپشتێکی بەئەمەک بوو بۆ دڵنەوایی کردنی ڕەوا ئەوەندەش ڕەوا لە دواڕۆژی خۆی و ئەو بەگومان بوو، ئەو کاتانەی ئەوین و گومان تێکەڵاو دەبن ئیتر شیرازەی ژیان دەپچڕێ، بەردەوام تکا گفتوگۆکانی خۆی و ڕەوای بۆ دەگێڕامەوە کە پێی دەوت:

ئاخ تکا گیان، ئەو ململانێ ئەزەلییەی نێوان ئێمە و ئێوە بەسانایی دوایی نایەت چۆن دەبێ لە ماڵێکدا بژین و شۆڕشێک لە نێوانمان بێت؟

بیرمە جارێکیان تکا بەدەم گریانەوە بەجێی هێشت، کە لە ڕەوام پرسی ئەوە چییە؟ بەم جۆرە وەڵامی دامەوە: من کاتێ تکام خۆش دەوێ کە لێمەوە دوور بێ، هەر شتێک کە لە پەیوەندیی ڕۆحی دەرچوو ئیتر لێخن دەبێ، مرۆڤ بۆ ئەوە نەخوڵقاوە، کە چی کەسێکی خۆشویست لە نزیکیەوە بژێ. پاش بێدەنگ بوونێکی کورت دیسانەوە دەیوت ئای خودایە دەبێ چی بکەین تا لە کۆیلەیی دەربازبین، هیچ شتێک وەکو کۆیلەیی ڕۆح نییە، زۆر ئاساییە جەستەت کۆیلە بێت، بەڵام بەمەرجێ ماوەت بدەن دەس لە ملی خەیاڵ بکەیت.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوە نەبێ کە ڕەوا تکای خۆش نەوێ، لەو ڕۆژەوەی ئاشنای ڕۆحی تکا بووبوو نەیدەزانی مەوتنی ئارامی کوێوە دەکەوێ و پێیەکانی بەرەو کوێ هەڵی دەگرن، کاتێ وەزیفەی پێیەکان دەبێتە لەش گواستنەوە، ئیتر بیر و هۆش دەبنە مولکی نائومێدی، ئای لەو کاتانەی کە مرۆڤ دەبێتە دەرۆزەکەری سۆز و عاتیفە لەبەردەم پەنجەرەی هەر ژووانێک مشتێ نیگا و چەپکێ سۆزی بێ داڵدە دەکاتە ژەمی شەوێکی دووردرێژ، ئەوەش شەنکردنی ساتە فرە جوانەکانی تەمەنی دەوێ، جا کەوا بێ کەینێ بەخۆماندا بچینەوە؟

پاش ئەو شەڕە چاوەڕوان نەکراوە، ئیتر تکا و ڕەوام نەدەبینی بەیەکەوە، شەو نەبوو خەونەکانی تکا سەردانی بەر دەرگای ماڵی ڕەوا نەکەن وەکو ڕوحیانەتی سپیی باڵندەیەک جار نەجارێ دەنووکی لە پەنجەرە بچکۆلەکەیان دەدا و خەوی چاوانی ڕەوای دەچنینەوە دەتوت بەو پەنجە باریکانەی مینای دڵی ئەو عاشقە پاک دەکاتەوە جار نەجارێ بەتەقە تەقی دەرگا تەنەکەکەی ژوورەکەی ڕادەچڵەکی لەو خەیاڵە تەریوانە... جارێکیان لە ڕەوام پرسی بۆ ئەوەندە ئازاری ئەو کچە دەدەی، کەچی دەیوت، من یەکێکم ناوێ بەسارد و گەرمی ژیان گۆش نەکرابێ، ئەو مرۆڤەی لە دوورگەکانی عەشقەوە نەهاتبێ خورپەکانی لە لارێ لیتاوییەکانی ژوان لێ بەجێ نەمابێ لە چەندین شکستی گەورە ئەو خورپانە بەهزر هۆشی پەنهانی نەچنێتەوە ئیدی چۆن دەیکا بەڕاچەنێن و لە وانەکانی نائومێدیی من تێ دەگا. ژیان بەتفت و تاڵییەکانیەوە جوانمان دەکات، ئەو بووکە ژاکاوەی کە پێش چاوی گرتووم گەلاڕێزانی وەرزەکان لە دڵ دەگرێ، ئەو وەک نمە و پرووشە بەفری دیدارەکان نەرمە، ژیانی من شەڕێکی گەورەیە نامەوێ تکا بشکێنم ئەوە دواجار بوو لەگەڵ ڕەوا دەئاخافتم.

***

ڕۆژان دەڕۆیین و مانگیان بەڕێ دەکرد، ئێستا پۆلی پێنجەمیش بوو بەساڵی پار و هاوین تازە پێی دەنایە ناو هەواری پڕ گەزەندەی عاشقانەوە، ئەی بۆ دەڵێن «کانی عاشقان»، دەبا شاری عاشقانیش گەرەکی ئەوانە بێ کە نائومێدی دەکەنە سەرین و چمکی ڕابردوو دەکەنە پەتۆی بۆنخۆشی سەبووری، داهاتووش بەڕایەخی نەرمی هیواکان. ڕەوا بووبوو بەو قومە هیوایەی ڕۆژ بەڕۆژ هەڵوێست و خەلاتیان گەورە دەکرد، خۆیشی لە قوتابخانە و کارەکانیشی سەرکەوتنی بەدەس هێنا، بەڵام ئەو شەڕودابڕانەی لە تکا کردبووی بەمرۆڤێکی قایم، ساڵ دەهات و دەچوو زامەکان دەبوونە چرۆ و دەمیان دەکردەوە. ئێستا تکا ڕۆڵێکی تازە دەبینێ لەو فێرگەیەی کە لە مناڵییەوە تاسەی دەکرد. کۆلیجی ماف دنیایەکی



فراوان بوو بۆ پێگەیاندنی سکالاکانی هەرچەندە حەزی دەکرد لە بواری ڕۆژنامەوانییش کار بکات، بەڵام بەمەش ڕازی بوو، چونکە هەردوو پێکەوە دەبووین زۆر جاران پێی دەوتم ئەوە هەندێ لە ئاواتەکانم هاتنەدی، بەڵام دەبێ بتوانم ویژدانم ئاسوودەکەم؟

بیرمە پاش دروستبوونی ئەو ناکۆکییەی نێوان تکا و ڕەوا، مامۆستاکەمان پێی وتین لە بارەی (ڕەوشت)ەوە دارشتنێک بنووسن، بەڵام لە یازدە دێڕ کەمتر نەبێت، چاوەکانی تکا پیاڵەیەک بوون سیحریان لێ دەڕژا، هەستایە سەر پێ و وتی: ببوورە مامۆستا لەم قەیرانی ئینساف و یەکسانییەی کە بیر و هۆشی تەنیون، چۆن دەتەوێ یانزە دێڕ کەمتر نەنووسین، لەسەر ئەو ڕایەی دەری بڕی سێ ڕۆژ قوتابخانەی لێ قەدەغەکرا، ئەو مەسەلەیەی تکا بوو بووە تەوەر لەسەر زاری مامۆستا و قوتابییەکان، هەبوون ڕاکەیان پەسەند دەکرد و نەیاندەتوانی پشتگیریی لێ بکەن، هەندێکیشیان بەئاشکرا دژایەتییان دەکرد، زۆر جار مامۆستا ڕابەر پێی دەوت: کچی باش واز لەم هەڵوێستە مەردانەیە بێنە با تێدانەچیت، ئەویش بەدەم خەیاڵەوە دەیوت: قەسەم بەپێکەنینە شێواوەکەی ڕەهێڵی برام وەکو ئەو شەپۆلانە لە هەڵچوون و داچوون دام، بەخەمی شینی گروگاڵی مندالانە نەبێ پاراو نابم، ئا ئاوها وەرزەکان دەمخۆنەوە و ئازارەکان شەنم دەکەن.

زەمەنی دابڕانی ڕەوا زۆری پێ چوو، ڕۆژەکان تا دەهات درێژتر دەبوونەوە، تەرمی قسەی خۆش ژوانی بەرین و پیرە خەویان دەنایە سەر شان و دەیانگەیاندە کەنارەکانی غەفڵەت. غەفڵەت لە ژیان، لە دەردەسەری، لە بیرەژان، لە ئاسوودەیی. ئیدی چاوەڕوانی هەر چوار وەرزەکەی دەپۆشی، یەخەی ڕۆژەکان تا دەهات چڵکن دەبوو هەر مەوسمی ژوان نەهات، هەڵوێست و خەلاتیش هیچیان لە بارەیەوە نەدەزانی، ئەوان لە ماڵی خاڵیان دەژیان لەسەر خوێندن بەردەوام بوون، ئیتر هیواکانی تکا لە مەنفاکانی ناو وەتەنەوە بەناو ژێر زەمینەکان ڕۆدەچوون، بەسوێراوی

دیدەی تکا ماچەکانیان بەتام دەبوو، پاش دوو ساڵ لەو شەڕە جوانە یەکەم نامەی ڕەوای خستە سەر چاوانی، تێیدا دەیوت: بەڕێز تکاخان... دەمەوێ بتدوێنم، بەڵام نازانم چۆن دەست پێ بکەم، چۆن دەبێ جوانترین توحفە بۆ گەمەی ئەم ژیانە بەکاربهێنم، دەبێ ببەخشی، هەرچەندە زەمەن لێکمان بترازێنێ، بەڵام هەرگیز میهرەبانی تۆم لە بیرناباتەوە. کە من دوورکەوتنەوەم هەڵبژارد وانەزانی تۆم ڕەت کردۆتەوە، نا، من بێ ئەمەکیم ڕەت کردەوە... ئەم زەمینەی کە بەرەو ڕووی هەڵدێین، ئەو خەونە گەورەیە نییە، هەمان ڕاستییە تاڵەکانی لای خۆمان لێرە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی تر، لێرەدا بەها و عاتیفە زۆر لاوازن، ئەم ژیانە نامۆبوونێکی سامناکە، هەر بەهیوای شادومانیت. دوارۆژی خۆت دیاری بکە. با ڕێکەوتیش دوایین ماڵی دیدارمان بێت...

***

پاش پێنج ساڵ لە گەیشتنی ئەو نامەیە تکا چەندین وەرزی لە خۆشی و ناخۆشی بەڕێ کرد، ئێستا ئافرەتێکی بەئەزموونە و پڕ بەسەرما و گەرما، نەگەیشتنی بەئامێزی ڕەوا چاوکراوەتری کردووە بەرانبەر بەمەحاڵەکانی ژیان، ئەو بەردەوام دەیوت من ڕۆحی ڕەوام خۆشدەوێ با هەر دووربین... مەوسیم وەک نزاکانی چاوی تکا بەستبووی، تکا نووسینگەی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەو پارێزەرێکی هۆشیارە و بەوەشەوە ناوەستێ بەردەوام خەریکی خوێندنەوەیە، تەنانەت وتاری بڵاوکراوەشی هەیە لە بواری ماف و کێشەکانی دادپەروەری، لە پڕ ڕەهێڵ خۆی کرد بەژوورەکەیدا، بەبێ قسە گورج دانیشت، لەوە دەچوو تازە حاڵەتە سەیرەکە بەری دابێ، هەندێ لە پاشماوەی پێکەنینە توورەکە بەلێوەکانییەوە بوو، ڕەنگی ڕەش داگیرسابوو، دەتوت ڕەشەبا لە گەمەیەکی دووچارەدا شپرزەی کردووە، بەرادەیەک لێوەکانی زەرد بووبوون وشەکانی بۆنی لیمۆیان گرتبوو، تکا پرسیاری لێ کردبوو، کە چی ڕووی داوە، بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی نەدابۆوە، ڕەهێڵم بینی ئاوها شڵەژاوە و خۆی کرد بەژوورەکەی تکا، ئیتر



منیش بەدوایەوە چوومە ژوورەکە، کە تکام دی بەشێوەیەک شڵەژابوو، وەک ئەوەی لە سەربانێکەوە بکەوێتە خوارێ نە ئەوەبێ بگاتە ئەرز و نە ئەوەش بێ لە شوێنەکەی خۆی بمێنێتەوە، ئا ئەوەیە حاڵەتی قەتیس مانی ئاگایی، لە نێوان بڕوا کردن و گوماندا. کاتێ جۆڵانە بەهزرمان دەکرێ، ئیتر دەبینە بەردەکەی سیزیف، بەدەستە سووکەکانی قەدەرەوە دەکەوینە خوارێ و دووبارە سەرمان دەخاتەوە ئیتر تکا نەیدەزانی چی بکات، تووشی ئەو هیستریا جوانەی ئەو جارە بوو کە زللەکەی دایە بنا گوێی ڕەوا، بەڵام ئەمجارە هەموو هێزی لە دەستی ڕاستی کۆکردەوە و کێشایە سەر مێزەکەی بەردەستی، چاوەکانی نائومێدی و چاوەڕوانییان لێ دەباری، کۆنە برینی تەمەنێ پێش ئەم ساتانەی کولایەوە، ماوەیەک بێدەنگ ڕاوەستا وەلێ ئازاری هەمە چەشنی ناسی تا هاتەوە سەر خۆی، پاشان هاواری کردە سەر ڕەهێڵ بۆ پێم ناڵێی چی ڕووی داوە؟

دەتوت هەستی بەوە کردووە کە شتێکی ناخۆش چاوەڕوانی دەکات، ڕەهێڵیش دەستی کرد بەگێڕانەوەی چیرۆکی منداڵەکە، بەبێ ئەوەی تکاش هیچی لێ حاڵی بێت، ئیتر ماوەیەکی پێ چوو تا تکا هاتەوە سەرخۆی، ڕەهێڵ دووبارە پێکەنینەکەی لێ هاتبۆوە، ئەوجا تکا لێی حاڵی بوو، پاش بێدەنگ بوونی ڕەهێڵ و تێڕامانە ئارامەکەی، هاتەوە سەرخۆی و وتی دەزانی ڕەواش لە بەندیخانەیە؟

تکا هیچ وەڵامی نەبوو، لەو کاتەوە چاوەکانی بڕیاری بەڕۆژووبوونێکی سەیریان دا، بەڕۆژووبون لە هەموو شتێکی جوان، لە خەو، لە ڕوانین و لە ڕەشتن، تەنیا دوارۆژی ڕەوایان دەخوێندەوە کە لە پێش چاوی بووبووە تابلۆیەک تەنیا ڕەنگە تاریکەکانی بەخۆوە دەگرت.

***

لە پاش حەوت ساڵ دابڕان تکا یەکێک بوو لەو حەشامەتەی کە چاوەڕوانی دادگاییکردنی مرۆڤێکی بێچارەیان دەکرد، بۆ جارێکی تر لە

پشتی ئەو ئاسنانەوە جووتێ چاوی هەڵۆیی بێڕەحمانە دڵیان دەپێکا، بەو عەبا ڕەشەی سەرشانی جوانترین ویقاری لێ دەباری، لەنێو ئەو چاوانە، تەماشای دەبووە پەپوولە و ڕووی لیمۆیی ڕەوای دەکردە پەرژینی باخچەی یادەوەرییەکانی خۆیان، خەیاڵی تکا بووبووە باڵدار و تەرزی لاولاوەکانی ڕابوردووی بەسەر دەکردەوە، لە دەنگی داواکاری گشتی بەئاگاهاتەوە، کە داوای توندترین سزای بۆ ڕەوا دەکرد، دەیوت ئەم تاوانبارەی لەبەر چاوتانە، یەکێکە لەوانەی بوونەتە هۆی کۆچکردنی سەدان کەسی سوودبەخش، ئا ئەمەیە بۆتە پردی تاوان بۆ چۆڵکردنی وڵاتەکەمان، ئەمە تاوانێکی بێ خۆشبوونە، بەڵکو خیانەتێکی گەورەیە بەرانبەر بەبەرژەوەندیی میللەت و وڵات. نازانم ئەو ڕۆژە بەچی بشوبهێنم، ڕۆژێکی فرە بێ مەیل بوو، هەموو شتێک ڕەنگی بێزاریی پۆشیبوو تەنانەت مەملەکەتی بەختەوەریش چۆڵ و هۆڵ بوو، دەتوت هەموو ڕۆحلەبەرەکان لە سوباتدان بەختەوەری شوێن پێی ئاسەواری مەینەتی و دڵگرانی هەڵگرتبوو، نازانم چی بڵێم؟ خۆ چیدی میلی کاتژمێرەکان ناگەڕێنەوە مەگەر هەر تارمایی ڕۆح و تەزووی خەیاڵ لەو هۆڵە سارد و سڕەدا بگیرسێتەوە:

دەستەی بەڕێوەبەری دادگا پرسیاری کرد، کێیە لە جیاتی تاوانبار قسە دەکات؟

لە پڕ ئەو بەژنە ڕێکە لەناو حەشامەتەکە بەرزبووەوە، بەعابا ڕەشەکەی سەر شانییەوە مامزانە بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، دەتوت کازبوەیە و دەیەوێ لە پاشماوەی تاریکی شەو خۆی ڕزگار بکات، هەنگاوەکانی لەگەڵ ترپەی دڵی من یەک تۆن بوون، ئەو جوانییەک بوو بەهەموو ماناکانییەوە، دەتوت ئەو توحفەیەیە کە ڕەوا باسی دەکرد، بەڵام دەمێ نییە لە باو بۆران جیا بۆتەوە... گەیشتە پێش دەستەی بەڕێوەبەری دادگا و ڕاوەستا بەدەنگێکی بێبەش کە چەندین مۆسیقای بەئێشی دەژەنی و تاسەی گۆرانیی غەریبانی دەبڕییە بالای سەرسامی، هاتە قسە، منم لە



جیاتی تاوانبار قسە دەکەم!

کە بینینی ڕەوا لەسەر ئەو ڕووە خاوێنە بازنەیە خەمی دروست کرد، لەرزێکی توند ڕەوای ڕاژەند، دەتوت دایەنێکی بێ ئەمەکە و ترس لە سەرمای ژیان دەردەکا، پاش چەند ساتێ شپرزەیی، دەستی گرتە لای چەپی دەم و چاوییەوە، شوێن زللەکەی بیرکەوتەوە، ئەو کاتانەی زامەکان سەوز دەبنەوە.

سەبووری دەبێ بەمشتێ خوێ و کاری خۆی لەسەر دەکات، ئەو دەمانە کزیی دەنگ و زەعفەرانیی ڕەنگە شپرزەکان ئاهەنگێک لە ئەزیەت دەگێڕن و بۆنە خۆشەکانی ڕابردوو ئەکەنە هەوێنی بەختەوەری ئەمڕۆ، ڕەوا خۆی بۆ ڕانەگیرا. پڕ بەهۆڵەکە هاواری کرد:

داوا ئەکەم لە دەستەی بەڕێوەبەری دادگا، خۆم لە جیاتی خۆم قسە دەکەم، من ئەمە ڕەت دەکەمەوە.

هۆڵەکە پڕ بوو لە غەڵبەغەڵب، دادگایی کردنیان دواخست بۆ دانیشتنێکی تر، هۆڵەکە چۆڵ بوو، تکا منی بەجێهێشت و بەرەو لای قەفەسە ئاسنەکە ڕۆیی، ڕەوا چاوی بڕیبووە ئەو ڕۆینەی تکا، بەتووڕەییەوە وتی، باشە تۆ بۆ بوویتە بەسێبەری شوومی من و لێم ناگەڕێی، ئەگەر قەدەر وای کردووە، تا کەی لە پەنای مەحاڵەکان چاوەڕوان بین، ڕوخساری تکا تادەهات بەو خەمانەی ڕەوا جوان دەبووەوە، دەتوت لە خێڵی غەریبان بەجێ ماوە و لەو ئامێزە نەبێ جوانی نایناسێتەوە: بەنەرمییەوە بەرەوای وت: نا ڕەوا گیان ئەمڕۆ من وەکو عاشقێک ناتدوێنم، چونکە عەشق لە مێژە ماڵئاوایی لە کوانووی سارد و سڕی دڵمان کردووە و نایەتەوە، چەندە ناسکە ئەوەندەش لە ئێمە بەهێزترە، ڕەهاترە، هەرگیز عەشق دەستەمۆ ناکرێ، بەڵکو ئەو ئێمە دەستەمۆ دەکات. بەباڵە سپێکانییەوە سەر دەکاتە ئەو دڵانەی کە خۆی ئارەزووی خاپوورکردنیان دەکا، بەڵێ هاورێ گیان لە مێژە دڵی ئێمەی کردووە بەکۆنە

هەوار مەگەر، جار نەجارێ بەشەقەی باڵەکانییەوە پرووشە وەفامان بەسەردا ببارێنێ و جێمان بێڵێ، من تەنیا قسە لەسەر تۆ ناکەم بەڵکو کێشەی زۆربەی ڕەواکانی وڵاتەکەمان دەخەمە ڕوو، ئەمڕۆ من مەنفاکانی ڕۆژگار دەپشکنم، تا ناونیشانی هەمووتان بدۆزمەوە و خەمەکانتان بخەمە ناو چوارچێوەیەکی گەورە، ئەویش (هەڵەکانی دەسەڵات)ە...

هەرگیز تکام بەو شێوەیە نەبینیبوو، یەکەم جار بوو بەبێ ئارایشت ڕاوەستێ ناسکیی خۆی ئاشکرا بکات، بیرمە بەمن و ڕەوای دەوت:

ڕۆژی دادێ باوی دەمامک نامێنێ: ئای چەند تامەزرۆی ئەو ساتانەم، نەزربێت منیش لەو ڕۆژە ئارایشت نەکەم، ئەو دەمانەی ڕاستی خۆی لە چوارچێوە و درۆ ڕزگار دەکات. گوناهێکی زۆر گەورەیە ڕوخسارەکان پاکێتیی خۆیان دەرنەخەن... ئەو کەسانەی ویژدان لە کەناری بێ ئینسافی بەجێ دێڵن، گەمەی کورتی ژیان بەشێواوی بەسەر دەبەن و لێی ناگەن، دەتوت چاوەکانی تکا تەماشاکردنیان بیر چۆتەوە، تەنانەت ڕەواشیان وەکو پاڵەوانی فیلمێکی لێڵ دەبینی دوو نامەی کراوەی ئاشکرابوون، پەیامی هەموو ڕەواکانیان دەگەیاندە خەڵکی...

پەستییەکی زۆر جوان ڕەوای داگرتبوو، چەندین دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ، لە سیمای ئاشکرا دەبوو، کاتێ ئەوین و تووڕەیی مرۆڤێک دەکەنە لانە، ئیدی هۆش ناتوانێ بڕیاری خۆی بدات، ڕەوا نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو دژ بەیەکانەی بیری خۆی بکات، تەنیا سوێندی بەو عەشقەی هەردووکیان خوارد ئەگەر تکا لەو مەسەلەیەی بێتە قسە بۆ هەتایە لێی زویر دەبێ، ڕەتکردنەوەی ڕەوا بۆ هەڵوێستی تکا، لەبەر چەند هۆیەک بوو، یەکێ لەوانەش ئەوە بوو، ڕەوا شارەزای تکا بوو، دەیزانی کە هاتە قسە ئیتر بێدەنگ نابێ تا دوارۆژی خۆی لە دەست نەدا و تووشی ئازار دەبێت وەڵامی تکا ئەوەندە بوو، باشە ڕەوا مەگەر لە هەڵەکانی دەسەڵات گوێم بۆ شل کەی، ماڵئاوا... ئیدی تکا بەشڵەژاوی هۆڵی دادگای بەجێهێشت، نازانم ئەو حاڵەتەی تکای تێدا بوو بەچی بچوێنم، هەموو جەستەی



دەلەرزی، چاوانی دەت وت هەورن و دایاندەکردە سەر ڕوومەتی، تکا هاوڕێی باشی زۆر بوون و ڕێزیان لێ دەگرت یەکێ لەوانەش بڕوا بوو. بڕوا کوڕێکی سپیکەلانە و باڵا بەرزبوو، چاوەسەوزەکانی لە مێژە بەبەهاریان ئاشنا کردبوو، هەم هوشیار و باوەڕیشی بەخۆی هەبوو، یەکێ بوو لەو پارێزەرانەی ویژدانیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دانابوو، بۆیە لە ناوەندەکە دۆست و ئاشنای زۆری هەبوو، یەکێ بوو لەوانەی بێ ئەندازە تکای خۆش دەویست، بەڵام نا بەڕووکەش بەڵکو وەکو فیکر و ڕەوشت بەرزی پەسەندی دەکرد، لە هەمووشی سەیرتر، سادەیی تکای بەلاوە سەیر بوو، ئەو بەپێوەندییە ڕۆحییەکەی تکا و ڕەوای دەزانی و هیوای دوارۆژێکی ڕوونی بۆیان دەخواست. هەرچەندە ڕەوا هەستی ناسکی تکای بریندار کردبوو، ئەم بۆ ڕێگا چارەیەک دەگەڕا کە بەبێدەنگی لەو میحنەتە ڕزگاری بکات، بەدەم هەنسکی کورتەوە وتی: بابڕۆین بۆ ماڵی بڕوا مەگەر هەر ئەو بتوانێ یارمەتیم بدات، تکا شپرزەیی دەبەشییەوە سەر هەموو شتێکی دەوروبەری، نیوەڕۆ بوو لە دەرگای ماڵی بڕوامان دا. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو ژیانێکی سادە و ماڵێکی مامناوەندیی هەبوو لە یەکێ لەو شوقانەی ناو بازاڕ نیشتەجێ بووبوو.

دوو ژوور و هۆڵێکی بەدەستەوە بوو، ئەویش هەر بەتەنیا دەژیا، کاتێ دەرگای لێ کردینەوە دەتوت بەشی خۆی لەو شپرزەیییەی تکا وەرگرتووە، ماوەیەک قسەی بۆ نەکرا، کتوپڕ ئەو ڕۆژەم وەبیر هاتەوە کە ناکۆکی تکا و ڕەوا دەستی پێ کرد، خۆم لە هەمان هەڵوێست بینییەوە وەک سێ پەیکەر هیچمان وشەیەکمان بۆ نەدەهات، من چوزانم ئەمە یەکەم بێدەنگ بوونە چارەنووسی تکا و بڕوا دیاری دەکا؟

پاشان بڕوا پێشوازیی لێ کردین بۆ ناو هۆڵی دانیشتن، من نازانم تکا چیی لە ڕەوا دۆزیبووەوە و لە بڕوادا نەبێت؟

قسەکانی بڕوا پڕ بوون لە ئەمەک و تینی ڕاستگۆیی، دەتوت ئاوازێک لە چرپە دەخولقێنێ، ئێمە هەر وا ڕاهاتووین، ئەوەی بیەوێین ئاوڕی لێ

نادەینەوە، ئەگەر کەسێکیش نەیەوێین بەدرێژایی تەمەن بەدوایدا دەگەڕێین بەشێوەیەک خووی پێوە دەگرین، ئەگەر ڕەتیشمان بکاتەوە ئەوە دەیکەینە سێبەرێکی وەفادار تێکەڵاوی بەژیانی خۆمان دەکەین، هەر جارێ پەستی دایگرتین دەیکەینە شای مەملەکەتی باخچە پایزییەکانی دەروونمان، لەناو چیمەنی هزرماندا جۆرەها چیرۆکی بۆ دەخولقێنین، ئای لەو چرکە ساتانەی کە لە سێبەری خەیاڵێکی زەعفەرانیدا پشوو دەدەین، زەلیلیی دەکەینە ڕۆڵی سەرەکیی ئەو پاڵەوانەی کە خۆشمان دەوێ، تا ئەوەی کە خۆشی دەوێین، بۆ ئەوەی هەر خۆمان تاوانبار کەین.

لەو مەراسیمە بەشکۆیانە خۆمان دەدەینە دەستی قەدەرەوە، ئەویش بەرەو هەڵەتەکانی ژیانمان دەبا...

دانیشتن لەگەڵ بڕوادا، دنیایەکی تازەی پێ ناساندین، تکا وتی ئەوەی ڕاستی بێ دەمەوێ یارمەتیم بدەی، بڕوا بەڕوویەکی خۆشەوە وتی: بەخێرهاتن هەرچی بەمن بکرێ لێی دوا ناکەوم، قەت تکام ئاوها بەبێ دەسەڵاتی نەبینیبوو، دەتوت لەو دیدارە سەرپێیە ڕەوا هەموو توانا و هێزی لێ سەندۆتەوە... خەمەکانی هێندەی تر چاوەکانی دەگەشاندنەوە، بەبێ ئەوەی لە مەسەلەکە بزانێت تکای دڵنیا کردەوە، وتی چی بەمن بکرێ دریغیی لێ ناکەم، بەڵام مەسەلەکە چییە؟

تکاش باسی هەڵوێستەکەی ڕەوا و سوێندەکەی بۆ کرد، کە ناتوانێ لە دادگاییکردنی ڕەوا لەوێندەر بێت.

بڕوا لە مانای ڕاستەقینەی عەشق تێگەیبوو. ئەوە یەکەم جاری نەبوو، بەڵکو ئەویش ڕابردووی پڕ لە خوریە و بەجێمان بوو، بۆیە بڕوا و ڕاستگۆیی بەلاوە جوانترین وەفا بوو بەرانبەر بەمرۆڤ، پاشان تکای زۆر بەڕەوانی خوێندبۆوە، دەیزانی بەئەمەکە، ئەمەک بەلای بڕواوە یەکێ بوو لە ڕوکنەکانی ڕەوشت بەرزی، بەم جۆرە بەڵێنی پێی دا هەر شتێک بەو بکرێت، کەمتەرخەمی لێ نەکا، تکا وتی هەر نەبێ حوکمەکەی بۆ کەم بکەنەوە...



هەرچەندە بڕوا، ڕاستگۆیانە کاری بۆ ڕەوا کرد، بەڵام تاوانبارکردنی ڕەوا شتێکی حەتمی بوو، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە بەندیخانە مایەوە!

پاش ئەو هەموو نەهامەتییەی باڵی کێشابووە سەر شەقامەکانی ئەو دڵدارانەی کە وەنەوزیان دەدایە دەم بێداریی شەوەکانەوە و بەزمانی باڵدارەکان بەئاگا دەهاتنەوە، هەر کەسە و چارەنووسی خۆی دەکردە بالیف و دڵنیایی لە ژێریدا گەرم دەکردەوە، چەندین ڕەوا لەناو بەندیخانەکان دنیایەک لە ئازادییان دەکردەوە، ئای نازانم بۆ هەمیشە شتە یاساغەکان پەسەندن، چونکە قەدەغەن، خۆشمان دەوێن، چەندین تکاش لە دەرەوە پێشبڕکێیان لە گەڵ شەقامەکانی نائومێدی دەکرد، بەڵام سەیرە تۆ بڵێی شەقامەکان لەوان خێراتر نەبن و نەیبەنەوە. خۆ ئەگەر تکاکانیش ببەنەوە هەر شەقامەکان کۆتاییان نایەت، جا ئەمە چی پێ دەڵێین؟ هەموو دەمێ تکا خۆزگەی بەڕەوا دەخواست دەیوت هەر هیچ نەبێ گوێی کپە و ئاگای لە شەڕی ناڕەوای ئەم گەردوونە نییە...

تکا هەرچەند مرۆڤێکی بەتوانا بوو، بەڵام قەت نەیدەتوانی لە ئاستی وشەی ڕەوا قایم بێت. ئەوەندەی ئەمڕۆ دڵی لێی ڕەنجاوە و بێباکانە دەدوێ... ئێستا ئەو بوونەوەرێکە نە دڵنەوانی دەوێ نە هیواکانی پیرۆکە دەبن سەرنجە پەپوولەییەکەی ڕەوا نەبێ رووی دەنەخشێنێ، ئیتر هەموو شتێکی جوانی لێ تۆراوە، تاقە شت کە ڕۆژانە گەورەی دەکات کارەکەیەتی.

لەو ڕۆژەوەی ڕەوا بوو بەبەربەست لە ڕێگای دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی، زیاتر ویژدانی لە بواری کارەکەیدا ئاسوودە دەکرد، بەتایبەتی بەسەرهاتەکەی ڕەوا و ڕەهێڵی کرد بەوتار و لە نامیلکەی (هەڵەکانی دەسەلات) بلاوی کردەوە. بیرمە پاش مەحکوومکردنی ڕەوا، سێ ڕۆژی ڕێک مانی لە خواردن و خواردنەوە گرت، پاش بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژ گەیشتە ئەو بڕیارەی کە هەرگیز ئەو و ڕەوا بۆ یەک ناشێن، ساڵ دەهات و دەچوو وەکو بیرەوەرییەکانی تکا، زەمەن تۆزی لێ دەنیشت و ڕۆژەکان نوێ

دەبوونەوە، ئەم چەند بەشەی هەڵەکانی دەسەڵاتیش لە گوێچکەمدا دەنگ دەدەنەوە...

کاتێ مرۆڤ زیندان دەکاتە پەنا، دیارە بڕوای تەواوی بەو شوێنە دابڕاوە هەیە، بۆیە بەرەو ڕووی دەچێ، هەر هیچ نەبێ بەئازادی بیر دەکاتەوە بەویژدانەوە بڕیار دەدا، ڕۆمانسییانە خەون دەبینێ، خۆزگە کێشەی ڕەواکان کۆتایی دەهات، خۆ تەنیا یەک ڕەوامان نییە بەڵکو ئەم ڕاکردنە بووە بەحیرفە و چێژی لێ وەردەگرین، بەگرتنی ڕەواکانیش کێشەکان چارەسەرناکرێن، بەڵکو دەبێ کێشە سەرەکییەکان بدۆزینەوە تا چارەسەریان کەین، کاتێ مرۆڤ تووشی گرفتێک دەبێ هیچ داڵدەیەک شک نابات، تەنها هەرەس دەکاتە ماڵی خۆ خواردن و ئەو کاتانە ڕۆح دەبێ بەدەسکەلەی ئازاری سەخت و یاخیبوون هەڵدەبژێرێ، یاخیبوون لە قەدەر لە وڵات لە خود، دەبێ بەشتێکی حەتمی، بێگومان یاخیبوون لە قەدەر شتێکی مەحاڵە بەوەشەوە ڕەنگە قەدەر بمانبەخشێ، بەڵام دەسەڵات خۆشبوونی نییە...

بەشێکی تری هەڵەکانی دەسەڵات دەڵێ: من دەمەوێ بدوێم، بەڵکو دەمەوێ ڕاستییەکان بڵێم، ئەمڕۆ دیاردەی کۆچکردنی بەکۆمەڵ بووە بەباو، چۆن ئەو تەیرانەی شوێن پێی ئاو و هەوای پاک هەڵدەگرن، خۆ ئاو و بای لای خۆمان لە ئاوی هەموو شوێنێ خاوێنترە، ئەوان دەڕۆن جێگایان دەبێ بەوێرانە بیرەوەریی، چونکە دەیانەوێ ئاسوودەیی بکەنە ماڵ و تێیدا بحەوێنەوە ئیتر لە هەر کوێ بێ گرنگ نییە...

ئەوان دەیانەوێ خەیاڵی تێدا گەورەکەن و ژانەکانیان لە سێبەری بەختەوەری دڵ شکاودا خۆشبنەوە، دەیانەوێ خۆیان خاوێن بکەنەوە، لە تووڕەیی گوللەی وێڵ و شەوە پڕ لە ڕەشەباکان... کە مرۆڤێک ون دەبێ، ئیتر ئاسوودەیی نایگرێتە خۆ، کە ئەو باوەشە پڕ لە ئەمەکە نەبێ، نە لە ماڵ و نە لە وڵات، کارەساتە، ئیتر قەیران مانای چییە؟ یەکەم شت لەبەردەم ئەو گرفتانە کە بیری لێ دەکەنەوە ڕاکردنە، گرنگ نییە بەرەو کوێ



مل دەنێن، چونکە کە ژیان مەحاڵ بوو و دەستانی وەفا شک نەبەن، ئەدی چی بکەین.؟

***

من کاتەکانی ناخۆشیم زۆر بەلاوە ئاساییە، بەڵام کە دەگەمە ترۆپکی خۆشییەکان، فرمێسکی گەرم و هەناسەی کورت دەمکەنە لانە، ئەوجا ڕیزە خەمەکانی ژیان، بەنازەوە بۆم پێدەکەنن، تومەز هاتوون بمکەنە بووک و بەرەو مەملەکەتی تاسەکانم بەکێشم بکەن، هێواش هێواش سەرنجەکانم بەرەو ماڵی ئارامی پێشم دەکەون، لە وێندەر کەرنەڤاڵی گریان ساز دەکەم، ئیتر دەبم بەیەکێ لەو مەملەکەتە، ئاخ چەند ستەمە، خۆ ئەو مەملەکەتەش جەستەی شەکەتم ناگرێتە خۆ، ئەوەندە دەزانم دێمەوە خۆ. ئەو ساتە جوانانەش هەڵم دەدەنە خوارەوە، تومەز خەویش ڕەتم دەکاتەوە ئەو چرکە ساتە ڕامانەشیان پێ زۆرە بەهزرمدا گوزەر بکات، بەپەلە خەبەرم دەکەنەوە تا تاڵی ئەو ڕاستییە مەستم کا. مەست بوون بەناڕەوایی شێتم دەکا، ئەو زاوا جوانەم بیر دەباتەوە کە ئارامییە، بۆ ناو مەئوا دەروونییەکەی خۆم پەلکێشم دەکا. لە مێژە ئەو خورپە ناوەختانە شینایی زەردەخەنەیان تاپۆ کردووم، خودایە کوێ بکەم بەماڵ؟

تا هەنووکەش تکا پەشیمانی دەکا بەلانکی هەرەسەکانی خۆی و ڕەوای بچکۆلەی گەورە دەکا، گەورە بوون دوور لە ئامێزی وەفاداران مەرگێکی تاقانەیە بێ دڵنەوایی بەسەرمان دەکاتەوە، دەتوانین لە سەرە مەرگێکی کورت هەموو تەمەنمان بکەینە سابات و لە پەنایدا دوا هەناسەکانمان بەسەر بەرین، بەبێ ئەوەی ڕاڕایی و ترس دامانگرێ مەگەر لەوێ بەزەردەخەنەوە ماڵئاوایی لە ژیان بکەین، هۆڵی دادگا بەلای تکاوە جوانترین شوێن بوو، چونکە لە وێندەر چارەنووسی خۆی دیاری کرد و هەڵەکانی دەسەڵاتی، تێدا ناسییەوە؟

نازانم ئێمە وەرزەکان بەڕێ دەکەین، یا هەر ئەوان دوای دوودڵیمان

دەکەون، ئەوەندە دەزانم هەر وەرزێک و دیاریی تایبەتی خۆی دەبەخشێ بەڕۆحمان، بەڕەنگمان، بەشپرزەییمان، بەهێمنیمان، کە باس لە دیاریی ڕۆح دەکەین سووکە خەیاڵێک ڕاماندەچەنێنێ، مەوسیم هەیە سوورایی گوڵەکان دەخواتەوە، ئەو دەمانەی شپرزەیی دەبێتە ڕاستییەکی زیندوو و دەماندوێنێ، لاڕێیەک دەکەینە ماڵ و تەنیایی تێدا دەشکێنین، وەلێ ڕەنگێکی تر دەبێ بەمیوان و دەرگای کوختە تازەکەمان لێ دەکاتەوە، بەکاوەخۆ دەستمان دەگرێ بەناو ساتە وەنەوشەییەکان دەمانبا و ڕایەخی فێنکی دەکاتە داڵدەمان، ئا ئەمە سیحری ئەو وەرزەیە کە هەنووکە مەوتینمانە، باخچەکە تا بڵێی گەورەیە پڕە لە شەوانی سەمەرە و بەیانیانی بێ میوان، پڕە لە جووڵە لە چیرۆکی هەمەچەشن و بێدەنگیی تووڕە و عاشقی ناکام لەناو ئەو نهێنییە دڵ گەورەیە سروشتی کات دەخۆینەوە. دەمێ خەم و دەمێکی تر بەختەوەری ختووکەی سەبووریمان دەدا، هەموو شتێک خووگرتنە، خووگرتن بەبەستەزمانانەوە، بەیارییەکەوە، بەمنداڵێکەوە، بەبینینی گوڵێک، بەژان گرتن، ئەمانە هەموو تێفکرین دروست دەکەن، وردبوونەوەش بۆن و بەرامەی جیاوازی هەیە لەگەڵ دواخشپەی گەڵایەک قسە دەکا، هەیە بەتەنیشتی درەختێکەوە تێدەپەڕێ حەز دەکا بیکا بەهاوڕێ و وێنەیەک لە تەنیشتییەوە بگرێ، نازانم بڵێم هاتوچۆی خەڵکیش بۆ ئەم باخچەیە گشت شەوێ خووگرتنە یا پێویستییەکی پێویستە، دەبێ تێیدا قەدەر کۆنە ئاشناکان ڕووبەڕوو بکاتەوە.

ئا ئەمەیە لانەی کۆنە ئەویندارانی بێ داڵدە لەوانەیە زۆر لە نزیکی یەکترەوە دانیشتبن، لەوانەشە مامەڵەی بەرائەتیش لە یەکتر بکەن بەبێ ئەوەی یەکتری بناسنەوە.

ئەو باخچەیەی کە لەبارەیەوە دەپەیڤم زۆر ئاوەدانە، نازانم بڵێم مەئوای حەسانەوەی ڕۆژانی دوای گەرما و ماندووبوونی بیرە، یاخود پەنایەکی چەپە بۆ ڕاکردن لەو ڕاستییە بالادەستەی کە دەستەمۆی کردووین، بەتەنیا



هەر خۆمانیش نەء، بەڵکو هزر و هۆشی داپڵۆسیوین...

ئێستا شەوێکی کپە، زەمەن وەکو دڵی ئەو کچۆڵەیەیە کە تازە هەڵدەچێ، نە لەمانای عەشق دەگا و نە لە خورپە شارەزایە، نە ڕاڕایی پێی دەوێرێ، تەنیا ئەو ئیقاعانە نەبێ کە لەگەڵ هەستمان دەگونجێ. وەکو بۆن داگیریان کردووین، ئێستا فێنکی لەو چیمەنە وەردەگرین کە خووی بەهەنگاوەکانمانەوە گرتووە، ئەو هەنگاوانەی کە نامورادی دەخەنە سینگییەوە، شار بێدەنگە مەگەر جار نەجارێ هۆڕنی ئۆتۆمبێلێک یاخود دەسرێژێکی ناوەخت ئەو ساتانە بخاتە دوودڵییەوە، هەر کەسەو لەو کەشوهەوایە تەرمی ئازار سارد دەکاتەوە و چاوەڕوانی دەکاتە پردی بەردەوامبوونی ژیان، تا هەنووکەش نەمزانیوە ئازارەکانمان هێندە بێ مەوتین، ئێستا مێزەکان بوونە بەسەنتەری کۆبوونەوەی خەڵکی، دەمێکی تر گڵۆپەکان دەکوژێنەوە تا وەنەوزی چیمەنەکە بکەنە خەوێکی درێژ، مێزەکانیش بەتەنیا دەمێننەوە تەنیا گەزەندە و چرپەی کوژاوە و هەندێ توێکڵە گوڵەبەڕۆژە و بۆنی خۆشی میوەی لەسەر بەجێ دەمێنێ. ئا ئەمە ئەو شەوانەیە کە زەمەن وەستایانە کاری خۆی لەسەر ڕووداوەکان ئەنجام داوە... تەنانەت بەبێ دەمامکیش یەک ناناسنەوە ئەوەیە ئەمەکی زەمەن بەویستی خۆی گەورەمان دەکا، چەندین هێڵ لەسەر ڕوومان بەجێ دێڵێ بەڵام ئەسەف هیچیان بۆ ئەو هەوارە نامانبەنەوە کە دڵ ئارەزووی دەکا...

زۆر جار بێدەنگی دەبێتە خۆشترین ئاوایی و لە پاڵیدا دەحەسێینەوە هەندێ جاریش دەبێتە هاودەمێکی کوشندە.

ئا لەو کاتە دوو منداڵی بچکۆلە پەردەی ئەو هێمنییەیان دڕاند، بەدەم گریان و شەڕە قسەوە بەرەو لای دوو مێزەکەوە دێن، هەردووکیان لەسەر تۆپێک بەشەڕ هاتوون، ئەم دەڵێ بۆ من و ئەوی تریش دەڵێ بۆ من. یەکیان مێردمنداڵێکی حەوت ساڵانە، ئەوی تریشیان کچۆڵەیەکی شەش ساڵانە دەڵێی ئەو پەپوولەیەیە کە دەکەوێتە تۆڕی چێشتەنگاوێکەوە بەبێ ئەوەی بژاکێ خۆی دەرباز دەکا، دوو پەلکی ڕەش و جووتێ چاوی گەش

ڕوویان دەنەخشاند.

ئەوان لەم کێشمەکێش و هەرایەدا دەڵێی کەرتی یەکترن، لە زۆر شتدا بەیەک دەچن، لە ئاخافتن، لە جۆری ئاماژەکردن، لە تووڕەبوونیان بەم جۆرە درێژەیان بەو شەڕە جوانەی خۆیان دەدا، تا لە ناکاو باوکی کچەکە و دایکی کوڕە ئێسک سووکەکە بەرەو لای منداڵەکان بوونەوە، بەڵام هەردوو بەیەک تۆن بانگی منداڵەکانیان کرد، چۆن لە فیزیادا یاسایەک هەیە نابێ دوو شت لە یەک ئان و ساتدا شوێنێک داگیر بکەن، ئەی چۆن ئەو دوو دەنگە توانییان بەیەک تۆن ئەو شوێنە داگیر بکەن؟ نازانم بڵێم چی، نازانم ڕاکردنەکەی تکا بەچی بشوبهێنم وەکو ئاسکێکی سرک بازی دا، ئێستا قژی ماش و برنجی هەیبەتێکی نائاسایی داوە بەڕووی، دەتوت لە پارچەیەک نیانی خولقاوە، دەڵێی هەموو گیانلەبەرەکان جگەرگۆشەی ئەون، نازانم چۆن ئەو دوو دەنگە یەک کەوتن و هەناسەیەک پاش و پێشیان نەبوو، ئای خودایە چی دەبینم؟ لە شوێنی خۆم نەبزووتم، ئەوەی مایەی باسکردنە، ئەو دوو دەنگە بوونە مایەی ئاشکرابوونی زۆر شت، ئا ئەمەیە گەڕانەوەی پاش سەفەری دوورودرێژی تەمەن، گوێیەکانم خۆیان بەدرۆ دەخستەوەوە چی دەژنەفن.

پاش چەندین ساڵ تازە سەرنجە پەپوولەییەکە ڕووی تکا دەنەخشێنێ. دەتوت زەمەنێکی دوورودرێژە لە خەو بەجێماوە و لەژێر پێڵووی ئارام بووە، خۆزگە تکا هەر شەڕی نێوان ئەو دوو فریشتەیەی نەدەبینی، خۆزگە هەر پێی نەدەزانی، دەبێ تەمەنێکیش خەمی تازە پەروەردەکات. تەنیا یارییەکەی ئەوان بەتقووسێکی هێمنانە بەردەوام بوو، ساڵ دەڕوات و دیدارەکان دڵی هاوین فێنک دەکەنەوە، هەڵەکانی دەسەڵاتیش هەر ساڵ و بەشێوەیەک دەنووسرێتەوە، تەنیا گەمەی ئەو دوو منداڵە ناشێوێ، ئەوان لە سایەی ئەو هەڵە گەورانەدا دەمەو هەمەو ژاکانێ چرۆ دەکەن و دەم دەکەنەوە و پێدەکەنن...*

٢٠٠٠/١١/١٥ - هەولێر

# تابلۆ

پاش زەمەنی یەکترناسین و پەرت بوونمان لە کۆشی کۆچی بێ نەزەر، ئەمشەو بەپرشی زیکری گوڵە هێرۆکانی خەیاڵم ڕووی خەماویم دەشۆمەوە، سەیری ڕووتبوونەوەی ژیان دەکەم کتێبی جوانترین ساتەکانی ونبوونم، دەسماڵی گومان دەدەمە سەر شانم تا لەرزی ختوورەی گریان لە جەستەم دەرچێت و بۆ تاوێکیش شارە لەبیرکراوەکانی دیدەنیم بەسەر کەمەوە، ئەڕۆم و پاش چەندین مەرگی پەمەییم ئەو مردووشۆرەم کە بەنیانی پەنجەکانم جەستەی خەماویم نەرمەشێل دەکەم ئاهەنگی ماتەمینی مەرگی خۆم و ئازیزانم دەگێڕم، لەسەر تاتەشۆری بێنازیم بۆ تاوێ ڕادەکشێم و خەمی ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی خۆم دامئەگرێ.

پاش لەبارچوونی چەندەها ئێوارەی لێواو لێو لە وەنەوشەکانی تەمەن، پارچەی مەرکانە شکاوەکانی شەڕەکانم کۆ دەکەمەوە، گەرەکمە لەناو دەستەکانم جێی هەموو گوڵە نازنازەکانی سەر ئەرزی ژوورەکەم بکەمەوە پەنجەرەیەک بۆ ئەو هەناسە تۆراوانە بکەمەوە کە لە سیەکانمەوە دەرباز ئەبن.

بەسوێراوی چرکە شەرمنەکانی دیدەنیم ئاوپڕژێنی تەنهاییم بکەم. هەموو شتێک لەم ژوورەدا وەکو مەرگ بێدەنگی داگیری کردووە، دوو تەپڵەکی چکۆلانە هەندێ وردەواڵەیان لە سەر دانراوە، چەند کاسێتێکی ئەو



دەنگانەی کە لێکەوتوون یا ئەوانەی کە خەم دەخەنە دڵەوە و تۆقەیەکی پڕچم کە پاش فڕینی پەپوولە دوودڵەکانی سەرسەرم بێزار بووم و فڕێم دایە سەریەکێکیان چەند قەڵەمێکی لێو... هتد، ماتی ئەم ژوورەی کردووە بەمۆزەخانە، جەستەی خۆشەویستەکەشم بتێکی جوانی ئەو سەردەمەیە و جێی خۆی تیادا کردۆتەوە، هەموو ئەو شتانەی کە بەئەندێشەما گوزەر دەکات خامۆشیم پێ دەبەخشن و مۆمیا دەکرێن، تەمەنیش بەجێی هێشتم و منیش بوومە بەیەکێ لەو تابلۆیانەی کە لە ژوورەکەما هەڵواسراون، نازانم لە کوێوە بێمە گۆ، لە خۆمەوە یا لە باسی ئەو چنوورانەی، کە یەکە بەیەکە لەم کۆڕە دەستیان گرتووم، بازنەیەکیان دروست کردووە و دەمگرییێن، چاوم بڕیوەتە ئەو تابلۆیەی کە ڕامان بۆی بەجێ هێشتم و ڕۆی، ئێستا تێکەڵاوی ئەو ئاوابوونە دەبم، هەست ڕادەگرم ، نازانم هەنسکی دووکەڵاوی خۆمە یا هەناسە و کۆکەی ئەو جەستە بێ دەربەستەی ژوورەکەی تەنیشتمەوەیە جار نەجارێ بەئاگام دێنێتەوە لەناو کۆڵانە پێچاوپێچەکانی ڕابردوو دێم و دەڕۆم، وێنەکەی داریوش قسە خۆماڵییەکانی خۆمانم بەبیر دێنێتەوە، ئەو دەمانەی من و ڕامان و دەربەست لەسەربانی ماڵە کۆنەکەمان گفتوگۆمان لەسەر ئەدەب و وەفا و ڕاستگۆیی و وێران بوونمان دەکرد، تەنیا شەو ماڵی ڕاستەقینەی ئێمە بوو، دەمانتوانی باسی شتەجوانەکانی تێدا بکەین، یان بەلای کەمەوە ئەو شتانەی کە بەلای ئێمەوە جوانن مەبەستم لە جوانی شیرینی ئەو شتانەیە کە دڵمان بەکێش دەکەن، خۆ مەرج نییە جوانی ڕووکەش بێ، زۆرجار کەسێکمان خۆش دەوێ ئەوەندە سەرنجڕاکێش نییە بەڵام لە دڵمانا جێگای خۆی دەکاتەوە، ئەو دەمانە هەریەک لە ئێمە نەخشەیەکمان لەو پەڵانەی ئاسمان بۆ نادیاری خۆمان دەکردە وڵات، ئیدی بەوباسە یاساغانەوە خەریک دەبووین تا خەم مەستی دەکردین و میهرەبانانە ئەیدواندین، ئێمەش بەنەهاتنەدی خواستەکانمان بەتێڕامان لە بریسکەی ئەستێرەکان هەر یەکەو بەرەو جیهانی تایبەت بەخۆمان هەنگاومان دەنا ، بەڵام خۆ هەر

هەموومان لە خاڵێکی ئەو نەخشانە یەکمان دەگرتەوە، ڕامان ئەو هێمنییەی دەهەژاند و دەیگوت ئا هاوڕێ گیان چایەکەمان پێ نەگەیی، منیش بەزەردەخەنەوە دەمگوت خۆ چاکەمان سارد بووەوە بیریشمان چوو بێخوێنەوە، بابڕۆم گەرمی کەمەوە تا قسەکانمان تینی ڕاستگۆیی بگرن، ئەویش بەحەسرەتێکی قووڵەوە بەدووکەڵی جگەرەکەی شارە بەهەڵم بووەکەی منی بەرپا دەکرد قەیدی نییە با ئەویش وەک خواستەکانمان سارد بێتەوە، بەپەلە دەچوومە خوارێ جیهانێکی گەرم و جەنجاڵ بەڕۆژ ئەیبرژاندین و شەوانیش شنەی ئەو بانە لەبیرکراوە دڵنەوایی دەکردین، تاقە شوێن بوو کە تێیدا مەست دەبووین ئاخ خۆ ئێستاش دڵم لەسەربانی ماڵە قووڵەکەمان بەجێماوە کە لە دوو ژووری دابڕاو پێک هاتبوو، خۆ دیواری ئەو باریکەڕێیەی دەیگەیاندینە بەر دەرگای حەوشە وڵاتێ قەوزەی لە خۆوە گرتبوو، هەر پەڵەیەک دەبووە شارێکی کەسک خەڵکانێکی لێموییان تیا ئەبینرا، کە لە جوگرافیای هیچ بوونێک نەمدیون، لە تاریکی حەوشەکەدا نوقم دەبووم تا دەگەیمە چێشتخانە نایلۆنییەکەمان بەدەست ڕێگام بۆ خۆم دەکردەوە، چاکەم دەنایە سەر ئاگرەکە و بەپەلە دەگەڕامەوە بۆ لای قاڵدرمەکان ئا لەوێدا دائەنیشتم هودنەم لەگەڵ زیکەی سیسرکەکان دەبەست تا ترسەکەم بڕەوێتەوە، خۆ سامی ئەو تاریکییە ئەوەندە گران بوو هەرمەپرسە چەندین تارمایی خۆیان نیشان ئەدام، ئەوە چوارساڵی ڕەبەقە تاریکی دڵمان ئەکێڵێ و تێرمان لێ ناخوات، ئەوە تەمەنێکە کەم بارانییان کردووە بەبیانووی تاریکی، ئەو شەوانە لە نووتەکی حەزەکانمان جیا نەدەکرایەوە خۆ دەبێ هەموو شتێک بەسیاسەت تەفسیر بکرێت، دەبا وانەی تاریکیشمان بۆ شی کاتەوە. من نازانم دەبێ هۆی نەگەڕانەوەی کۆتری سپی بێت یاخود بێ بارانی، زۆر جار من لەم بیرکردنەوەیە بووم چایەکە هەڵدەچوو و شاری خەیاڵە تاریکەکانمی تێک دەنا ئەو تروسکە ئاگرەش دەکوژایەوە ئیدی بەپەلەکوتێ خۆم دەگەیاندە لای چێشتخانەکە. جارێکیان بزماری قەد تەختەدارێکی کراسەکەمی ڕاکێشا و تۆزێکی لێ



دڕا، جار نا جارێ پشیلەیەک بەسەر ئەو تەنەکانە ڕەت دەبوو کە بنمیچی چێشتخانەکەیان لێ دروست کرابوو. بەو تەقەتەقەی سەبووریم دەهات، قۆرییەکەم هەڵگرت و چوومە سەربان، گوێم لە لێدانی دڵی خۆم بوو، قسەکانی ڕامان و دەربەستم بڕی، ڕامان وتی: ئای فرمێسک گیان ئەزێتمان دای، ڕامان گەنجێکی کامڵ و هەست ناسک بوو، هەردەم چاوەکانی پەڵەی خەمێکی سەیریان ئەدا، ئەو و دەربەستی هاوسەرم خەوی ڕەنگاوڕەنگیان دەکردە هەوێنی ژیان، ژیانێکی لە مەرگ تاشراو بەئازارەکانمان سەبووری دەهات بێدەنگی دەربەست وەک دڵی هاوینان گەرمی دەکردم و هەڵدەچووم، ئەو دڵی مۆڵگەی شەوە فێنکەکان بوو مەگەر جار نەجارێ هۆڕنی ئۆتۆمبێلێک یا پێکەنینی منداڵێک بەئاگای بهێنابایەوە لە دونیای خەیاڵاوی تایبەت بەخۆی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد منیش بەزۆر خۆم دەکوتایە ناو شاری خەیاڵە خاوەکانی ئەوەوە جێگای خۆم تێدا دەکردەوە.

نازانم ئەو جورئەتەی ڕامان بەچی بچوێنم ڕاشکاوانە بەرانبەر بەرپرسەکانی دەهاتە گۆ، لەگەڵ ئەوەش نەیدەتوانی لە کارەکەی بەردەوام بێت کە بەرانبەر بەو گوێنەدانەش لێیان دەکۆڵییەوە دەیوت باشە بەڕێز بۆچی جەنابتان جلی جوان و خانووی گەورە و ئوتومبێلی تازە نەبێت تیایدا ناسرەون، ئێمەش لە ژوورێکدا بخۆین و بخۆینەوە و هەر لەوێش بنووین و بەدەستێ جلەوە شین و شایی ئەم ڕۆژگارە بەسەر کەینەوە؟ ئەو بەرپرسانەی کە لە ڕامان تێگەییبوون لێی زوێر نەدەبوون، پاشان دەیوت دیارە ئێوە لە قوڕە شینە دروست بوونە و ئێمە لە قوڕی ئاسایی، ئیدی زۆر بوون ئەو شەوانەی کە دڵمان بەناخی ئەو قۆرییە ڕەشە ژێر دەکردەوە، زۆر بوون ئەو سەدە شەوانەی کە دڵنەوایی تاریکاییمان بەزرەی پیاڵە و کەوچکەکانمان دەکرد تەنها چا تێکدان بەخواستی خۆمان بوو، دەنا لە چاخانەکان ئەویشیان دەکردە مەتەڵ و بەشوێن مەبەستەکەیدا دەگەڕان، خۆزگە بەو ڕۆژانە دەخوازم هەر نەبێ ئەوکاتە خەڵکانێک هەبوون زۆر لە سەرووی

ئەرزەوە بۆمان دەگەڕان، نەیاندەزانی ئێمە لەژێر زەمینێکدا دەژین جگە لە پارچەیەکی پچکۆلەی ئاسمان کەسی دی پەی پێ نابات. ئێستاش کە لە هەلبەست دەپرسم ئێرە خۆشە یا ماڵە کۆنەکەمان، دەڵێ: ئۆی دایە ماڵە کۆنەکەی چی خۆ پاسکیلێکی دەویست تا بگەینە بەر دەرگای حەوشە. من نازانم بۆ دەبێ یا لەژێر زەمینا بژین یا زۆر بڵند. ماوەیەک بوو ماڵەکەمان گوێزابۆوە بۆ یەکێ لەو شوقانەی کە هەر قاتە و دوو ماڵی تیا نیشتەجێیە، ئەمجارەیان بەپێچەوانەی سێ مانگ لەمەوبەر نزیکیی ئاسمانمان بەدەست کەوتبوو، لە دوو ژوور و هۆڵێک پێک هاتبوو ئەو هۆڵەی کە ئێستا بووە بەمۆزەخانەی بێدەنگی و تابلۆکانی ژان بەلەدایکبوونی وشەیەک سەدای پەرتبوونمان دەبووە مەوسیمی جۆراوجۆر ، ئەو بێدەنگییەی کە بووە بەغەزاکەر تەنانەت دڵیشی داگیر کردووم، نازانم چۆن باس لەم شەوە بکەم تاقە سەبووریم جیکە جیکی ئەو جوجەڵەیەی (هەکار)ە کە تازە هاوڕێ مردووەکەی لێ جیاکرابۆوە، ئاژاوەیەکی گەورەی لە دڵما بەرپا کردووە و سەری لی تێک داوم، گشت چرکەیەک تێکەڵاوی هێلانە نغرۆکانی ویژدانم دەبێت تا دێ تووڕەییییەکەم بەسەربادانێکی پڕ تۆڵە دەنەخشێنێ، ئێستا وردە وردە بەرەو ئەو مەملەکەتە نادیارە دەڕۆم دوای ئەو مرۆڤە دەکەوم کە ڕەنگی لە تابلۆکە جیا ناکرێتەوە، خەیڵی ڕۆییم دوا باخچەکانی ئەو مەملەکەتە دەیخوێندمەوە، لەهەر شوێنێ گوڵێکیان لە پەرچەمم دەدا هەرچەندە ڕوخسارەکان ئاشنام بوون وەلێ ئەسەف زمانی ئاخافتنیان بیرچووبۆوە، هەموو شتێک لەو ناوچەیە بەئاماژە گوزارشتی لێ دەکرا. لەژێر دارێکی سەرەڕێ بۆ تاوێ پشوویەکم دا بەڵام پەپوولەکانی وەنەوز لێم نەگەڕان سەر بخەمە سەر ئەفسانەکانی ژیان، چاوم بڕیبووە تابلۆکە بەڵام هێرشی وەنەوزە پەپوولەییەکانی سەرنجم زۆر لە حەسرەتەکانم گەورەتر بوون سەرانسەری تابلۆکەیان تاپۆ کرد، هەموو شتێک لەو شوێنەدا بۆنی تاراوگە و تامی جیابوونەوەی دەدا، کات، وەرزەکان. ڕوخسارە بێ دەمامکەکان تێکڕا ئەو ڕۆژانەیان بەبیر دەهێنامەوە کە لە ئازیزانم بڕمیانەوە، چون



بڕینەوەی کۆرپەیەک لە دایکێکی بەئەمەک بۆنی نامۆییم لێ دەهات، لەسەر ئەژنۆ دانیشتبووم نوێژم بۆ هەڵاتنی هەتاو دەکرد وەلێ ئەسەف ئەو دەمێ بوو ڕوخساری بەهەڵمی گوناهەکانمان شوشتبوو ساردبۆوە بۆنم بەدەستەکانمەوە دەکرد هەستم پێ نەدەکردن. نەمدەزانی کامە قیبلەی دونیای ئەو تاراوگەیەیە ئیدی تا سزا و ڕێگا هاتن و بەئاگایان هێنامەوە وەنەوزیش کۆچی بێ نەزەری کرد و بەجێی هێشتم، کە هاتن بەپیرمەوە و دەستیان گرتم ئاواییە بچکۆلانەکەی جارانم بیر کەوتەوە، ئەوان بەرەو مەنفای لەبیرکراوەکان بەکێشیان کردم، سیمایان تامی دارتووەکانی دەدا، لێویان وەکو کانییە سازگارەکە پاراو بوو، ناو لەپیان جێ گوریسی جۆلانەکانی منداڵییان پێوە دیار بوو، سەرنجیان ڕەنگی هەتاوی تۆراوی گرتبوو وەکو جۆلانەکەی جاری جاران یەکی دەستێکیان گرتبووم بەڵام ئەوان تەنها ئەیانبردم و بەرەو دواوە نەیاندەهێنامەوە، ئاوایی کۆچی بێ نەزەرم بیر کەوتەوە هەموو شوێن و زەمەنە ڕابردووەکان بەسەریان کردمەوە، هێواش هێواش بەرەو باخچەکانی نەمری ملمان دەنا ، ئا لەوێدا سزام بیر کەوتەوە کە چۆن دەستی بۆ دەخوێندمەوە لە پڕێکا دەستەکانم کردەوە و نیگاکانم تیا حەشار دا. ئەو قسانەی سزا وەکو زەنگ لە یادەوەریمدا دەزرینگایەوە، هەها فرمێسک هێڵی ژیان و قەدەری عەشقت زۆر لەیەکەوە دوورن، ئەوە چییە دەڵێی جگە لەدەربەست کەسێکی دیت خۆش دەوێ منیش بەزەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وەڵامم دەدایەوە، ئەگەر واش بێت خۆ لە گوناهەکانی شێخە گەورەترنین بەڵام دەبێ کەسێک هەبێ وەکو جیهانە پڕ لە میهرەکەی دەربەستم بۆ بخولقێنێ. هەرچەندە منیش وەکو ئەو بوومە بەبتێکی جوان و گۆرانییەکانی ئارامیم بیر چۆتەوە، ئەوە شتێکی بێ گومانە لەسەر سینگی دەربەست نەبێ خەو چاوانم ناکات بەشار، بەڕۆژە غوربەتاوێکانی ئەو نەبێ ڕۆشن نابم، بیرمە کە ئەم قسانەم بۆ سزا دەکرد قژی بژمان یاری لەگەڵ شنەی دڵی نیسان دەکرد، سزاش بەختی خۆی بەهەڵوەراندنی ئەو گوڵاڵە سوورەیە تاقی دەکردەوە کە لە بۆنی چاوەکانی

خەواڵووبوون، دەبێ، نابێ، دەبێ، نابێ...

خۆ زۆر جاران کە دوا گەڵا دەیگوت نابێ سزا سەری بادەدا و لاسکی گوڵەکەی فڕێ دەدا و درێژەی بەپرسیارە نیوەچڵەکانی خۆی دەدا و دەیگوت هەمیشە هەر نابێ و نابێ، منیش کە خەم مەستی دەکردم، هەموو پەیکەرەکان لەپێش چاوم دەبوونە دەربەست و پەستیان دەکردم بێباکانە دەموتە سزا خۆ بەتەنها عەشق مرۆڤ ناگەیێنێتە ترۆپکی ئاسوودەیی بەڵام من خۆشەی ئەو جیهانە بوومە و هەرگیز ناتوانم بەگەوجی ژیان بەڕێ کەم. ئای سزا گیان من هێشتاکە نازانم ئێمە ژیان بەڕێ دەکەین یا ئەو ئێمە بەڕێ دەخات، باخچەکانی خەیاڵم پڕ بووبوون لە جریوەی پاسارییەکان بەتەواوەتی خۆمم لەبیر کردبوو جەستەم وەک ئەو بووکەشووشەیە بوو کە بەدەستی دوو منداڵی چەتوونەوە بێ ئاوها سزا و ڕێگا بەکێشیان دەکردم، تومەز ئەوەندە یادی ساڵان مەستی کردووم جەستەم بەدەستیانەوە قورس بووە و ڕام دەتەکێنن، منیش بەهەناسە سوارییەوە لە سزام پرسی باشە ئێوە چۆن منتان دۆزییەوە، ئەی خۆ ڕێگاش لەو ڕۆژەوەی سەرگوم کرا نەهاتەوە، ئەی چۆن گەیشتنەوە بەیەکتر؟ سزا بەنیگا زستانییەکانی سەرنجی دام و دەستی گوشیم، هەر کە تینی پەنجەکانی بەردەستم کەوت بوومە تەرم و لەسەر فێنکی ئەو سەوزاییە ڕاکشام. من خۆم ئاگام لە مەڕاسیمی بەڕێکردنم بوو، هەموو درەختەکان بەدەورمەوە بوون، قژی سەوزیان بەبا ئەکرد، گەڵاکانیان باوەشێنی تەمەنیان دەکردم، گوڵەکان گوڵاوپرژێنیان کردم وەک ئەوەی کڕنوش بۆ جەستەم ببەن دەنوشتانەوە و پاش دەمێک ڕاست دەبوونەوە، لەخۆچوونێکی بەلەزەت تاپۆی کردم وەک ئەو وەرزە سەمەرانەی کە بەتاسەوە بەرەو ڕۆژەکانیان دەچووم بۆ تاوێ وەنەوز جێی هێشتم، پێڵووەکانم سووکتر بوون، کە چاوم هەڵهێنا ڕوانیم پۆلێ پەڕەسێلکەی جوان بەسەر سەرمەوە دەجریوێنن و هەڵدەفڕن وەک ئەوەی بیانەوێ لە کۆڕی ماتەمی زەردەخەنە لیمۆییەکانم بەشدار بن، بەبینینی سیمای بەرز و نزمی پەڕەسێلکەکان چاوەکانم دەستیان کرد بەفڕین، ئای



خودایە دەبێ کام ئازیزەم ببینم ئیدی ئەو ساڵەم هاتەوە یاد کە چۆن ئیکرام لەناو دارەکانی ئاوایی تەیرێکی بۆ گرتم وتی ئەمە ناوی (قارقاری)یە ئێستاش داخی ئەو ساڵەم لە دڵ دەرناچێ کە چۆن پێناسەی تەواوی ئەو باڵندەیەم لێی نەپرسی، دونیای منداڵی شتێکی جیاوازە، ئابەم جۆرە تەمەن کورتە و گەر لە شتە بچووکەکانی نەپرسی ژیان دەڕوا و قەت تێی ناگەی... دانیشتم و سەیری دەوروبەری خۆم کرد سزا و ڕێگا دانیشتبوون بەدیارمەوە وەنەوز دەیانیبردەوە، ئەمجارەیان من دەستم بۆ ئەوان برد و ڕامتەکاندن تا لەو خەیاڵە دوورە خەبەریان بکەمەوە، دەموت یەڵڵا هەستن با چاوشارکێ بکەین ئەوانیش زۆر خەواڵووبوون، ئەوەندە ڕامتەکاندن تا وشەیەک بدرکێنن بێ سوود بوو، منیش تووشی نائومێدی بووم و خەیاڵم بەرەو ڕابردوو کێشی کردم، بەرەو ئەو بنارانەی کە تیایدا فێری چاوشارکێ بووین، دڵ گەورەییمان لە سینگی شەقاربووی چیاکانەوە هەڵئەمژی. ئا لەوێدا سەدای هاوارەکانمان ناسییەوە، لە بەرائەتی ئەو ئێوارانەوە بۆنی کاڵەکمان گرت و بەناو خەیالاتی زەردەپەڕانێ تێپەڕین، من ساڵی جارێ دەبوومە میوانی ئەو لادێ دڵ پڕە و خۆم لەبەر قەدەری ڕۆژە فێنکەکانی هەڵدەخست میوانێکی بێ وڵات بووم، ڕۆحم لە پیاسەی ئێوارانی ناو شەخسەکەوە وەرئەگرت، ئای سزا گیان هەرگیز کسپەی ئەو ڕۆژانە لە دڵم دەرناچێت کە ئاوایی دار بەڕووەکان پێچرایەوە، ڕاستە من لەوێندەر نەبووم بەڵام لە ژێر هەر درەختێکی ئاوایی ڕۆحێکم بەجێ هێشتبوو تەنانەت هاوڕێکانیشم ڕەنگ و سیمای منیان هەڵمژیبوو، ماڵی مامم هەر لە منداڵیمەوە کارە کۆرپەیەکیان دابومی ئەو ڕۆژەی کە دێ لەزری بەمەرگەوە گرتبوو لەژێر پێی چەندین خۆفرۆشی هاوزمان کە پێشڕەویی جەجاڵەکەیان دەکرد بیست و چوار سەرکار و بزنی منیشیان پێچایەوە و بردیان، دوا درەخت بووبووە سێبەری پشووی ئەو دێوەزمانە، بیرمە لەسەربانی ماڵەکەمان هاتوچۆم دەکرد و خۆم بۆ تاقیکردنەوەی شەشی زانستی ئامادە دەکرد، ماڵمان لەو شارە بوو کە بۆنی خوێنی لێدەهات و هەموو شتێکی

جوانی تیا هەڕەشە لێ کراوبوو، ئەو ئێوارەیە ڕەشەبایەکی لە ڕادەبەدەر توند یاری بەپرچم دەکرد، مێشکم بووبوو بەمۆڵگەی هەزاران خەیاڵاتی پڕ ڕاچڵەکین. ئەو دەمانە دڵم بووبوو بەچەندین بەشەوە هەر بەشێکی بەدەستی ئازیزێکمەوە بوو، قوتابییەکی هێمن و دڵ پڕ کەسەر دوا نەخشەی ئارامیم بەزاندبوو. بێباکانە دەچوومە ناو دێرەکانی بێهوودەیی وانەکانەوە، ئیدی کتێبەکەی دەستم بوو بەنەخشەیەکی گەورە و ئاواییەکەمانی تیا دەرکەوت تا دەهات دارەکانی سەوزتر دەبوون، منیش لەناو جۆلانەکانی نامۆییم دەشکاند، لەو جۆلانانەوە فێری مانای سەفەر و ژیان بووم نازانم بۆ ئەو ئێوارەیە دڵم بەلای هاوڕێکانمەوە بوو، هاتوچوونی جۆلانەکەم لەناو ئەو پەڕەیە دەبینی کە سەرنجم ئەدا، لەپڕێکا گوریسی جۆلانەکەم پچڕا و کەوتمە سەر ئەرز لە ئازاری شانی ڕاستم هاتمەوە سەر خۆم، دەبێ ئەو دڵەڕاوکێیە چی بێ، لە ناکاو دەنگی دایکم بەسەر بانەکەمان بڵاوبووەوە وەک بۆنی ئەو ڕەشە ڕەیحانە وشکەی نێو لاپەڕەی کتێبەکەی دەستم کە دەمێ بوو لە ئاوایی عاشقان هێنابوومەوە، لەگەڵ سەدای دەنگی دایکم بایەک هات و ڕەشە ڕەیحانە وشکەکەی هەڵوەراندم، بەدوایا چووم و هەڵم گرت، لەناو دەستم وردبوو، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی دەنگی دایکم خەریکی تەکاندنی پاشماوی وردە ڕەیحانە عارەقاویەکەی ناو لەپم بووم، پچڕانی جۆلانەکە و وەرینی ڕەیحانەکە گومانیان لا کردم بەیەقین لەو خەیاڵاتانە بووم هەرچەندە بانگی ئیکرام و هەتاو و سزام دەکرد جۆلانەکەم بۆ چاک بکەنەوە وەڵامیان نەئەدامەوە، هەموو سەرگەرمی ڕنینەوەی ڕەشە ڕەیحانەکان بوون دەتوت دەسکەنەی عومرم دەکەن، تومەز دایکم زۆر لەمێژە بانگم دەکا و منیش لێی بێئاگام، کە دەرگای سەربانەکەی لێم کردەوە وتی باشە ئەوە چییە دەڵێی ئەو جەجاڵە تۆشی ڕاپێچ کردووە، وەرە خوارەوە بەخێرهاتنی ئەو میوانانە بکە، دەڵێن ئەمڕۆ ئاوایی کۆچی بێ نەزەری کردووە زۆربەشیان ڕاپێچ کراون و کەس نازانێ بۆ کوێیان دەبەن، باوکی سزا و دایک و باوکی هەتاویشیان بەئیڤا گواستۆتەوە، من شڵەژام و هەر خەریکی تەکاندنی



پاشماوەی ڕەیحانە وشکەوبۆکەی ناو لەپم بووم کە دەمگوت و دەمگوتەوە ئەی ڕێگا و ئیکرام چییان بەسەر هات وتی دەڵێن ڕێگاشی بەرکەوتووە، ئیدی دایکم شانی گرتم و ڕای تەکاندم، ئەوە چیتە بۆ چی وا ڕەنگت پەڕیوە؟ منیش لەبەر خۆمەوە دەموت ئای ئەوە بۆیە جۆلانەکەم پچڕاوە، زەردەپەڕێکی لیوان لێو بوو لەسەمای مەرگ و ڕۆین و جیابوونەوە، بەپەلە هاتمە خوارێ ماڵی مامم و پوورم بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە ڕەنگ بزڕکاو و لێوبەبار لە باخچە بچکۆڵەکەی حەوشەکەمان بەپێلاوە لاستیکەکانیانەوە، بێ هێز و خەمبار دانیشتبوون، نەنکم تووشی حاڵەتێکی سەیر هاتبوو بێ چاو تروکان هەر تەماشای ئەو مێشەنگەی دەکرد کە سەری نابۆ ناو گوڵێکەوە و لێی نەدەگەڕا پاشان بەسەر ڕانی خۆی دەکێشا و سەری بادەدا و دەیوت بەخوا ئاواییان چۆڵ کردووە، ئەوەی توانی خۆی دەرباز کرد ئەوەشی لەوێ مابۆوە بووە میوانی ئەو خوێنمژانەی کە ئاواییان بۆردومان کرد، نیگای خەماوی منیش تێکەڵاوی وڕێنەکانی نەنکم بوو، ئەوەی کە دڵی دەگوشیم ڕێگاش بەر ئەو لافاوە کەوتبوو و جارێکی دی نایبینمەوە، خۆ ڕاستە من لەوێ نەبووم بەڵام گوێم لە ترپەی پێی ئەو خێڵە لەبیرکراوەبوو کە بەزەبری تۆپ لە ماڵەکانی خۆیان وەدەریان دەنان، تومەز ئەو ڕەشەبا نەعلەتییە بەڕاستی جۆلانەکانی پچڕیوە و ڕەیحانەکانی بەدەستی شوومی ڕنیوەتەوە و بەپێ ڕەشەکانی هەموو گوڵاڵەکانی شێلاوە، جەجاڵ هات و لێ نەگەڕا عاشقە کەم دووەکان دواژەمی بەختەوەری لەسەر سفرە خەیاڵییەکان دانێن، لێ نەگەڕا دوا قومی هیوای تێکەڵاوی خەیاڵی عەسرە چایەکی سەر سەکۆ ئاوپرژێن کراوەکانی وەفا بخۆنەوە، قۆرییە ڕەشەکانی سەر کوانووە ساردەوبۆکان هێند بەتەنهایی هەڵقرچان تا ناخیان وەکو دڵی ئەو دایکە ڕۆڵە براوانە وشک هەڵات و پشکۆکانیش سارد بوونەوە و ژیلەی ئەو نەهامەتییە دڵەڕاوکێی خستبووە دڵی ئاسۆوە، بۆنی چای سووتاو دڵی شەماڵی ئەو ڕۆژەی ڕەش کردەوە. خاک بەئەسپایی دەگریا، پۆستاڵ ڕەشەکان ئەزیەتی بینینی

گولەکانیان ئەدا. لەبەر پەنجە زبرەکانیان گوڵ بۆنی خۆی هەڵدەوەراند، گوڵاڵەکان سوورایییان ئەکردە قورگی ترسەوە، شوانەکانیش لە مەڕ و بزنەکانیان جیا کرانەوە، بەبێ ئەوەی بۆیان هەبێ ئاوڕ لە باعە باعیان بدەنەوە، نەنکم پێی وتم ئاژەڵەکان بەگومانەوە تەماشای ڕاوچییە بێ ویژدانەکانیان دەکرد دەیانویست شوێن خاوەنەکانیان بکەون، ڕۆڵە، پێش هاتنی جەجاڵەکە کەڵەشێرەکان بەناوەختا بانگیان دەدا، مریشکەکان بۆ دوا جار لەچاڵی نەهامەتی ئەو نسکۆیە ئاویان دەخواردەوە، هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە سەر لێشێواوانە وەک کەڵەشێر بانگیان دەدا، پشیلەکان لە گرمەی دوورە تۆپ ڕاو ڕاوێنیان تێ کەوتبوو، تەنانەت مێروولەکانیش وەکو ئەوەی بار بکەن بەکۆمەڵ دەهاتن و دەچوون. نەنکم پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو هەر دەگریا و هەنسکی هەڵئەدا و دەیگوت: ئاخ هەڵمەت گیان چۆن بووی بەقوربانی ماڵ و مەڕ و بزن، خۆزگە منیش لەگەڵیان بڕۆیشتمایە، تومەز بەدوو ڕۆژ پێش ئەو کارەساتە مامم شتێکی لە دەمی پیاوانی شێخەوە بیستبوو ئیدی خۆی ڕوو لەشار دەکا و هەڵمەت بەلای ماڵ و موڵکەکەیەوە دائەنێ نەبا ئەرز و شتیان بدرێتێ چونکە ئەم هەواڵەیان بۆ چەواشەکردنی خەڵکی بڵاو کردبۆوە و تەماحیان خستبۆوە بەر هەندێکیان، ئیدی شەوکەتی مامم خاوخێزانی خۆی و ژنەکەی هەڵمەتی مامیشم دەبات بۆ شار و تەنها ئەو بەدیار ماڵەکەیانەوە دائەنێ.

زۆر بوون ئەوانەی بوونە قوربانی کەسانێکی خۆویست و هەلپەرست، پاش ئەو ڕۆژە چەندین کالێ و ڕێگا و هەتاو و ئیکرام بۆ وەرزی دووەمی ئەم درامایە بەجێ مان... جەجاڵ ڕۆیی و چەندین ڕۆڵەی بێ دایک کرد، چەندەها پەری ڕۆح سووکی بێ عاشق کرد، سەدان منداڵی بچووکی وەکو پیاو کردە بەرپرسی خێزان، ئەی ئەو ئافرەتە شۆخانەی کە لە بازاڕی فافۆن و مس و نەگبەتی کاریان دەکرد، ئەی منداڵانی قاچاغچی نەوت و بەنزین، ئەی ئەوانەی فێری دەرۆزە دەبوون و لایاندەدا، کێ لەم شتانە بەرپرسە. تا ئەو ڕۆژەی کە ڕاستییەکان ڕوون بوونەوە من هەر وامدەزانی تەنها شێخە و



خەڵکانێکی وەکو ئەو لەم کارەساتە بەرپرس بوون، نەمدەزانی کاتێ مرۆڤ لە خواستەکانی دابڕا و هاتنە دی ئارەزووەکانی مەحاڵ بوو دڕندەترین مەخلوقی لێ دەخولقێ. ئای کە کەسەر بوو لە دڵم کاتێ بەسەدان مەبەستی بچکۆلانەم دەدی خەمی بەڕێوەبردنی دایک و خوشکانیان دەکەوتە سەرشان، یا دەیانی وەکو شێوە و کانی گوڵە بەڕۆژە و وردەواڵەیان دەفرۆشت یا ئەوانەی دەبوونە قوربانی مین و کۆنە فافۆن و بەکەم ئەندامی ژیانیان بەسەر دەبرد و دایکانیان لە ماڵی پیاوە گەورەکان کاریان دەکرد، نەنکم دەیوت: ڕۆڵە خۆ ئەوشەوە سەگەلی ئاوایی تا بەیانی دەمیان کردبووە ئاسمان و دەیانقرووسکاند. وەک ئەوەی بیانەوێ ئەم بەڵایە لە خاوەنەکانیان دوور خەنەوە تا بەیانی گەورە و بچووک لە ئاوایی نەنوستووە، تەنانەت ئاژەڵانیش بەئاگابوون، تا ڕۆژی دوایی هەمووان چاوەڕوانی ئەم وەیشوومەیە بوونە. دەڵێن سەگەکەی ماڵی حاجی ڕەشید دوای ئیڤای سەربازەکان کەوتبوو بۆنی بەشوێن تایەکانیانەوە دەکرد، هەر تەقەیان لە دەوروبەری دەکرد و نەدەکشایەوە، تا دواجار پیاوەکانی دەوڵەت گوللە بارانی دەکەن و دەیکوژن، دەڵێن پێش ئەوەی بیکوژن جلوبەرگی لەبەر ئەو سەربازە دڕاندبوو کە دەستی ڕێبواری حاجی ڕەشیدی گرتبوو و دەیبرد، لەپڕێکا تۆپە بچکۆلە ڕەنگاوڕەنگەکەی هەڵبەست بەدەم بای بەلەکۆنەکەوە غل بووەوە و لە دەنگی مورووەکانی بەئاگا هاتمەوە بەتەنها خۆم دانیشتبووم، ئا ئەو ساتەی ماندوویی جەستەی ئەشێلام بیرم لەو ئاواییە ڕۆ چووبوو وەک ئەو ڕێبوارەی لە ڕێگای هەڵەتەیەکی سەخت گیر بخوات و زەردەخەنەی سەر لێوی بەبینینی ترسی چاوی کارمامزێکەوە بکوژێتەوە، ئەو کاتەی نەنکم باسی کارەساتەکەی دەکرد بیرم بەلای ئەو عاشقانەوە بوو کە زەمەنێ ڕاموسان و باخچەیەک بیرەوەرییان لەژێر ئەو دارانەی (چون دایک بوون) لێ بەجێ ما، بیرم لەوانە دەکردەوە کە باجی تاوانی گەورەکانی خۆیان دەدا. بۆ نموونە هەڵمەتی مامم گەلێ یادەوەری و ڕاستیی تاڵی لەگەڵدا ڕۆیی، زۆرترین ئەشکەوتی نهێنی تیا نغرۆ بوو،

جوانترین هەستی یاساغی بردە مەنفاوە، نا بمبەخشن بەتەواوەتی نازانم بۆ کوێی بردن، خۆ ئەو سەفەرە بەدەستی کەس نەبوو، ئەو ڕۆژەی کە شوێن پێی ئەسارەتیان هەڵگرت هەموو شتێک ڕۆڵی موگناتیسی دەدی، دەتوت: ئەو حەشامەتە شوێن هێزێکی خەفە کەوتوون هەر هەموویان خەمی ڕۆیینی ئەبەدی بەسیمایانەوە دەبینرا، بەڵام دوودڵی ئاوڕێکی پێ دەدانەوە وەک ئەوەی بەدزییەوە ماڵئاوایی لەو مەفتەنە بکەن، من دەزانم ئەشکەوتەکانی ئەودیوی ناخی مامم فرە بوون.

یەکیان بەتەنها خۆی و کاڵێی تیا نیشتەجێ بوو ئەوەی تریش ئەو خەونانەی کە لە مەرگیش یاخین و نابینرێن، ئەو دەمانەی مەتەڵی ئەشکەوتەکانی بۆ دەگێڕامەوە ناسکتر بووم لە دڵی ئەو پیرانەی کە بەئاستەم بیاندوێنی دەشڵەژێن و لە سێبەری دەستەکانی خۆیان دڵگیر دەبن. نەنکم باسی ئەوەی دەکرد چۆن فریای کوڕی مامم دەنێرێتەوە بۆ ئاوایی تا ئاوێنە و کلدانە لەبیرکراوەکەی سەر پەنجەرەکەی ماڵیانی بۆ بێنێتەوە، ئەویش لەگەڵ مامم دەبەن، لەو ڕۆژەوە نەنکم هەستی بەتاوانێکی فرە گەورە دەکرد تاکو مابوو بەرەشایی خەلووز نەبووایە چاوەکانی نەدەڕشت، کە منداڵ بووم دەمبینی هۆرەی دەکرد و فرمێسکی عارەقەی کۆڵکێشانی ڕۆژە گەرمەکانی ڕوخساری دەشوشتەوە پاشان بەچمکی کۆڵەوانەکەی چاوەکانی دەسڕییەوە، دایکم بۆی دەگێڕامەوە گوایە نەنکم دەموچاوی دەبووە سورمەی کۆڵەوانەکەیەوە منیش پەنجەم بۆی دەبرد و دەموت: تەتەیە... تەتە...

***

ئەم شەوە بووە بەعەشق و تاوێک تینوێتیم ناشکێنێ، بووە بەلەرزی ئەو ماچانەی کە بەدەم حەسرەتەکانمەوە هەڵدەوەرن، ڕۆینی من بۆ ناو تابلۆی غرووبەکە شتێکی حەتمی بوو و توانای ڕاوەستانم نەبوو، ڕاوەستان زۆر مانای سەختی هەیە، بەبۆنی دڵی من نەبێ زەمەن ناڕوا. لەو گەشتەدا نازانم چۆن ئەو ڕووبارە سەختەم بڕی کە لە دەروازەی تابلۆکە ڕێی پێ



گرتم، خۆ مەلەوانێکی هێندە لێهاتووبووم بەڵام هەرگیز پێشتر مەلەم نەکردبوو، ئەو ساتانەی کە مرۆڤ پەستی دایئەگرێ گەرم دەبێ، من هەمیشە بەبیستنی ئاوازێکی شیرین و بۆنی زەمەنێکی پیر و وەرینی ناوادەی ئاواتەکانم تێک دەچم، ئەو حاڵەتە عاتیفە و سۆزی تەنهاییم دەکاتە دەریا و دەستەکانی لە ناخما وەرئەدا وەک ئەوەی بیەوێ دڵم دەربێنێتە دەرەوە و بیفڕێنێ، لە بڕینی ئەو ڕووبارە گەلێ شتی گەورە فێر بووم، بۆنی دەمی ئەو ماسییانەم خوێندەوە کە نهێنییەکانی مەملەکەتی ئاویان تیا شارابۆوە، لە چاوی ئەو ماسییە چکۆلانە ڕادەمام کە ترسیان لەناو گەراکانیان حەشار دابوو، لە خواردنی دەمی ماسییە گەورەکان ورد بوومەوە بۆنی نزای ماسییە بچووکەکانیان لێدەهات، لەسەر ئەو بەردە جوانانەی مەملەکەتەکەیان وێنەی خۆمم بینی، تا دەهات جوان دەبوومەوە.

تا گەییمە ئەوبەری ئاوەکە چەندین ماسیم دی عەشقیان دەگۆڕییەوە، چەندین مەفتەنی پڕ لە ڕۆژە ماندووەکانم دی، خۆم و هاوڕێ سەفەر کردووەکانم دی بەدوای یەکتر درێژەمان بەچاوشارکێی ئەو مەلەوانگەیەوە دا، کاتێ سەر ئاو کەوتم ئەوەندەم زانی یەکێک ڕایکێشامە وشکانی و بەنازی دەستە نیانەکانی وشکی کردمەوە... دەستەکانی سزا دەتوت شەختەن. خۆشی دەتوت درەختێکە و چاوانی بەفر بردوونی، جلوبەرگەکەی لە ڕەنگی ئەو ئاوابوونە جیا نەدەکرایەوە، باڵەکانی لە لقوپۆی دارێکی پایزیی دەچوون بۆنی گەڵای وەریویان لێ دەهات قژەکەی بژ دەت وت لە ساڵی دروێنەی ڕۆحە جوانەکانەوە شانەی پێ نەکەوتبۆوە، بەرانبەرم ڕاوەستا و نیگاکانی پڕ بوون لە خەماوی دیدەم، لەپڕ چاوەکانی برووسکەیان دا و خاکی سەوزی ئەو تاراوگەیەیان تێک نا بەددانە مرواری ئاساکانی لێوی خۆی دەگەست، نیگای لە هەر بستێکی ئەو خاکە ڕۆکردایە شەقی دەبرد. منیش هاوارم دەکرد ئای سەیرکە ئەوە دۆمەڵانە دۆمەڵان... لەو خۆشی و هەرایە بووم ڕێگاش هات بەدەنگمەوە لە خۆشیانا دەستی سزای گرت و هێواش هێواش لە من دوور کەوتنەوە. ڕێگا کوڕە

ڕەشتاڵەکەی جاری جاران چوارده بەهاری بەسەر تێپەڕیوە، هەرگیز ئەوم نەبینیبوو سەمای جۆراو جۆر بکات و گوێ بەسەرنجە تەریوەکانی من نەدا، هەموو کاتێ ئاواتی ئەوە بوو پێکەوە بدوێین. لە خۆشیانا لەژێر ئەو بارانە مەرگاوییەدا هەڵدەبەزی پێیەکانی بەئاستەم بەر زەوی دەکەوتن هەر دوو بەناو ئەو باخچەیەدا ڕاوڕاوێنیان دەکرد. بەڵێ هەموو میوانی نامۆی ئەو وڵاتە بێ دایکە بووین، چونکە جگەلەوانەی کە بەسەرچوون کەسی دی لە بالییەی ئەو ئاوابوونەدا بەشدار نەبوو ئەوانیش هێواش هێواش لێم دوورکەوتنەوە هەرچەندە هاوارم دەکرد و شوێنیان دەکەوتم کەسیان ئاوڕیان لە تەم تومانی هەناسەم نەدەدایەوە، ئەو سەدایەی جگە لە خۆم کەسی تر گوێگری نەبوو جگە لە هەناسەم مافی بەبۆنی گوڵەکانیشەوە نەبوو ئەوان بەرەو ئاسمانەکانی ئەو پارچە لەبیر کراوە هەڵدەکشان. بەڵێ گەلێ ئاسمانم بینی سەرسامی بوو بەتاقە پێشڕەوی ئەو گەشتە ئەفسانەییەم، ڕەنگەکان بەجۆرێ ئاسۆیان جیا کردبۆوە دەتوت سنوور بۆ وڵاتێکی فرە خێڵ و فرە لایەن دەکێشن، ئای خودایە ئەمە چییە خۆ لێرانەش شەڕەڕەنگە، دەبێ داگیرکەران ئاسمانیان بەش کردبێ لەوێشدا بستێ زەمەن شک نەبەین خەونەکانمانی تیدا ببینین، من نازانم سزا و ڕێگاش بەتەمابوون جێگای خۆیان لەژێر ئاڵای یەکێ لەو حزبە ڕەنگاوڕەنگانە بکەنەوە یا بەتاسەی ڕەنگەکانەوە نیگایان وا سەرگەردان بوو نازانم چۆن لە فڕینی ئەو دوو عاشقە تێ بگەم هەر چاوم بڕیبووە ئەو وڵاتە ڕەنگاوڕەنگەی سەر سەرم ،لە ناکاو پێم لە بەردێک هەڵکەوت لەسەری نووسرابوو: ئێرە ئێسگەی هەناسە تۆراوەکانە، کەهاتمەوە سەر خۆم بینیم لەناو چوارچێوەی تابلۆکەی ڕامانا گیرم خواردووە.

***

ئەو ڕۆژانەی چاوە پایزێکانی سزا لە ناخما کەوتە پەڵەدان، میوانێکی دڵ ناسکی بناری چیا سەختەکانی ژیان بووم دوور لە هەموو گەورە بوونێک گەمەم دەکرد، لەسەر نزرگەی چرپە کوژراوەکانی مامم فێرە



خەمگینی بووم بەدیار شەوقی چرای حیکایەتەکانی ئاواییەکی سەر گەرمەوە فێرە مانای کارەسات بووم، لە پشتی ئاگایی زەمەنێکی یاساغدا زەمینێکمان ئاوەدان کردەوە کە گەورەکانمان پەیان پێ نەدەبرد، ئەو دەمانە ئاڵاکانمان جیا نەکردبۆوە هەموو تامەزرۆی بینینی کۆتری سپی بووین، تا بەشەقەی باڵەکانی دڵی خەمۆکی ئاسمانمان بۆ ئاشکرا کا، سزای گەنم ڕەنگی باڵابەرز، ڕەنگی چاوەکانی ئارەزوویەکی پایزیانەی تیا دەبینرا، پرچە ڕەش و خاوەکەی هێندە قەترانی و سەرەڕۆ بوو شەڕی لەگەڵ شەو و ڕەشەباکان دەکرد، خۆ ئەگەر دڵیشی هێندە سەرەڕۆ و چەتوون بایە هەرگیز ڕێگا متمانەی بەبەڵێنەکانی نەدەکرد.

سزا چوار بەهاری کەمتری لە ڕێگا بینیبوو، هەمیشە ستایشی دەکرد و دەیگوت: ئەو ڕێگایەی کە جوانی باخچەکانم پێ نیشان ئەدا ئەو خاکەیە بەتنۆکی میهری من نەبێ بۆن خۆش نابێ، هەموو هاوینێ کە سەردانی دڵی فێنکی ئاواییم دەکرد منداڵێک بووم هاوڕێی هەموو ئەوانە بووم کە لە چوارچێوەی تابلۆکە ئاخاوتنیان بیر چۆتەوە، خۆ ناوی هەر یەکە لەوانە تراژیدیایەکی ئەزیەتدەرەی نیشان دام، ئەوان هەموو نەوەی ئەو مەفتەنە ناکامە بوون بەڵام خۆ جیا لە من چونکە من هەمیشە سەرگەرم بووم بەبچووکترین شت دائەگیرسام نازانم هۆی عەشقە ناکامەکەی ئەو زەمەنەیە کە تیایدا گەورەبووم، ئیدی ئەوان کوێستانی خەمەکان بوون و منیش لە بەشی گەرمیانا ئەزیەتم دەخوارد. ساڵی جارێک خۆم لە گوناهە گەرمەکانی دەستەڵات پاک دەکردەوە، ئاوایی و شار دوو مەفتەنی زۆر جیاوازن وەکو من و هاوڕێکانم، ئەوانەی کە خۆشم دەوێن و دەڕۆن، من بەردەوام ڕوخساری تازە دەناسم و بەهەڵمی یادەوەرێکان گۆش دەکرێم. خۆ تازە دڵی من جێگای هیچ هاودەمێکی تیا نابێتەوە جگە لەوانەی کە ڕۆین، سزا و ڕێگا نموونەی ئەمەک و پاکی بوون. لە دڵی خەڵکی ئاوایی ئێمە هەموو بەزەمەنێک قۆناغی سەرەتاییمان بڕی، بەڵام جگە لە من و ڕێگا کەسی دی بەردەوامی بەو کاروانە ئازاراوییە نەدا، کە ناویان لێ دەنا وانەی

شەیتان. هەرگیز ئەو ساڵەم بیر ناچێتەوە کە سزا مانی لە خواردن و ژیان گرتبوو، کاتێ غەدر دەگاتە ئەو ڕادەیەی مافەکانت پێ ڕەوا نەبینن، جەستەت دەبێتە شتێکی ئەوەندە لاسار و چەتوون بەرگەی هەموو ئەزیەتێک دەگرێ، خۆ مرۆڤ دەتوانێ هەموو هەڵوێستێکی توند وەربگرێ بەڵام تەنها بەرامبەر بەخۆی نەک بەرانبەر باوکێکی دڵڕەق یا تۆڵەسەندنەوە لە خاوەن دەستەڵاتێکی بێ دڵ، کە تۆڵەش لە ڕۆح و جەستەی خۆت دەسەنیتەوە، وردە وردە دەبیتە مرۆڤیکی کێوی و جوانترین بەشت تیا دەمرێ کە ئەویش جوانی ڕۆح و عاتیفەتە. ئەو شتەی کە پێناسە ناکرێ و شوێن و زەمەنی بۆ نییە بەڵکو ڕۆح توانای فڕین و ڕاوڕاوێنی ناو ساتە پێچاوپێچەکانی زەمەن و باخچە و زیندان و بێ هیوایی هەیە.

مانگرتنەکەی سزا بۆ ئەوە بوو باوکی ڕێگای پێ نەئەدا بەردەوامی بەوانەکانی نەء بدات و ڕوو بکاتە شار تا بڕوانامەی ناوەندیش بەدەست بێنێ. بیرمە خەڵکی ئاوایی چوونە سەردانی تا ڕازی بێ بەوەی کەنیشکەکەی بنێرێتە ماڵی پووری بۆ دریژەدان بەخوێندن بەڵام بێ سوود بوو... ڕێگا توانای هەبوو ڕووبەڕووی باوکی بێتەوە، باوکی دەیوت چۆن ئەم هەموو دەغلودان و ئاژەڵە بەجێ دێڵی و دوای وانە و قوتابخانە دەکەوی و فێری زانستی شەیتان دەبی، لەو ڕۆژەوە ڕێگا شوێن وانەکانی ژیان دەکەوێ و ئاوایی بەجێ دەهێڵێ، بەتێپەڕبوونی زەمەنێک دەتوانێ باوکی ئاشت بکاتەوە و مانگی جارێ سەردانی ئاوایی دەکرد، هەموو جارێک سزا دەست ئەکا بەگریان و پێی دەڵێ ها کچی جوانتان لەگەڵە، نەیدەزانی جگە لە ئەو کەسی دی دڵی پڕ ناکاتەوە، نەیدەزانی تەنها دەستەڵات توانای هەیە لە یەکتریان جیا کاتەوە. ئەو ڕۆژەی کە باسی گرفتەکانی خۆی و ڕێگای بۆ دەکردم من بوومە بووکەشووشەیەکی بێ دڵ و گیان و هەست دەتوت ڕۆحم شوێن ئەو ڕەوە خەیاڵەی دەربەست کەوتووە کە هەمیشە لە فڕیندایە...

وەک ئەو دەمەی سزا چیرۆکی هۆشەنگی مامی و بێری خانی پووری



ڕێگای بۆ گێڕامەوە کە چەندە دڵبەستی یەکتر دەبن، هۆشەنگ گەنجێکی لەسەرخۆ و هێمن دەبێت وەکو نەسیمی بەیانیان شەرمی چاوەکانی بێری دەڕوێنێتەوە، هەموو ڕۆژێک لە ڕێی کانی چاویان بەیەکدی دەکەوێ، ئەو دەمانە باوکی سزا برا گەورە و بەرپرسی ماڵی بابی دەبێت خۆی و هۆشەنگ دوو برای بەتەمەن و دڵسۆزی یەکتر دەبن، هەموو خەڵکی ئاوایی بەو پەیوەندییەی نێوانیان دەزانن، چەندین جار مام سابیر دەچێتە خوازبێنی بێری کەچی باوکی ڕازی نابێت، تا ڕۆژێکیان لە پیاوێکی بەتەمەن مارەی دەکەن بەبیستنی ئەم هەواڵە هۆشەنگ پەلاماری تفەنگ دەدا و خۆی دەکوژێت، پاش چەندین ساڵ زەمەن لە سووڕانەوە ناکەوێت مام سابیر هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێ و دەبێتە باوکێکی دڵڕەق، کچێکی جوانی دەبێت و ناوی لێ دەنێ سزا، کێ دەزانێ سزا و ڕێگا بۆ ئەوە دەخوڵقێن تا ببنە قوربانی ئەو تاوانەی کە تەنانەت لێشی بێ ئاگان... سزا چەندین جار پێی دەوتم: پێم مەڵێن سزا، من ناوم سۆزە و بەهەڵە لە تەسکەرە ناویان نووسیوم، کە بەسزا بانگیان دەکرد هەستی بەخورپەیەکی سەیر دەکرد ڕەنگی لیمۆیی هەڵدەگەڕا و شپرزەیی لە چاوەکانی دەباری، بەئەسپایی دەچۆوە ناو زستانی خەمەکانی خۆی و ڕێگاوە، کە سزا فرمێسکەکانی سڕیبیەوە زۆر لەمێژبوو شەلالی عارەقەی دونیایەکی دوورە دەست بووم، دونیای عەشق، دونیای لەرزین، دونیای دیلێتی دەستی دەستەڵات، دونیای گوڵە بەڕۆژە بێ خۆرەکان، هەموو ئەم جیهانانە چینەیان لە خەمی بەپیتی دڵە ناکامەکەم دەکرد، هەموو ئەو مەفتەنانە بوونە ڕەوە پەرەسێلکە و پاساری جۆراوجۆر بەشی خۆیان لە زامەکانی دەروونم بەدەنووک کۆ دەکردەوە، ئیدی تووشی نەزیفی ویژدان بووم، بەگریانیش سەبووریم نەدەهات بەتێڕوانین لە جوانییەکانی سروشتیش نەدەهاتمەوە سەرخۆم، ئەو ئێوارە کۆڕی غەریبیمان گێڕا، خۆ غەریب تەنها بێ وڵات ناگرێتەوە، بەڵکو هەستکردنە بەبێ پەنایی یا کە ڕۆژەکانت لێ یاخی دەبن و شەوەکان دەبنە مەنزڵگەی نائارامیت، دەبیتەوە بەمنداڵێکی نامۆ وەک ئەوەی لەناو باخچەکاندا گۆش کرابی و خوت بەسێبەرەوە

گرتبێ، ئێستاکە سێبەرت لێ یاخی بێت، ئەو ئێوارەیەش ئێمە بووینە سێبەری چەندین سزای ئاڵۆز، چەندین نهێنی زەمانمان لەخەو هەستاند، چەندین گوناهی سپیمان کوژاندەوە بەڵام خۆ گوناهەکانی باوکی سزا تا ڕۆژی حەشر پاکبوونەوەیان نییە.

***

پاش چەند ساڵێک ڕێگا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیەی کە منداڵی تیا بەسەربرد؛ بەڵام ئەمجارەیان وەکو پەیامبەرێک زەردەخەنەی منداڵانی ناو ئاوایی دەکردە جوانی ژیان و ئارامیانی دەکردەوە. ئەوانەی جگە لە ڕاوڕاوێن و ڕاوکردنی چۆلەکە بەدار لاستیکەکانیان هیچیان نەدەزانی و هیچ لە مانای خوێندنی ئەو باڵندانە نەدەگەیین. پاش ئەو زەمەنە درێژە هەر دڵی بەلای سزاوە دەبێت کە هاتەوەش تاقە هیوای سزای بووژاندەوە، چەندین جار چوونە خوازبێنی سزا بەڵام مام سابیر هەموو جارێ ئیزنی دەدان و دەیوت مەحاڵە خوێنی هۆشەنگی برام بەفیرۆ بدەم و هاوڕێتی ئەم خێڵە بکەم. مام سابیر چوارشانەیەکی کەڵەگەت بوو خاڵێکی شین لەسەر لووتی کوترابوو، ڕیشە ماش و برنجێکەی قەڵەم کردبوو، دایکی سزا لە شەوی هاتنە دونیای سزاوە دەمرێ، مام سابیریش ئەوەندە بەئەمەک دەبێت سوێند دەخوا کەتاکو ماوە ئافرەتێکی دی نەهێنێتە ماڵی خۆی. تا خوازبێنی کردنی سزا کەس مام سابیری بەم تووڕەییەوە نەبینیبوو، بەڵام خۆ هەموو ئاوایی دەیانزانی کەمام سابیر وتی نەء ئیدی هیچ لە دەستەڵاتی کەس نامێنێ، یەکەم جار خوازبینی سزا بێدەنگی ئەو دیوەخانە دائەگرێ، ئەویش جەستەی چون پەیکەرێکی تاساو چاو دەبڕێتە ئەو تفەنگەی کە بەدیوارە لە خشت و قوڕ دروستکراوەکەوە هەڵواسراوە، تا ماوەیەکی دوورودرێژ وەڵامیشیان ناداتەوە. ئەوانیش هەموو هەڵدەستن و دیوەخانەکە جێ دێڵن، هەموو جارێ بەم شێوەیە ئیزنیان دەدا، پاش دوو سێ مانگ بەیەکجاری پێیان دەڵێ نەء، نا بەخوا من چۆن دوژمنی هۆشەنگ بەختەوەر دەکەم، لە دوای ئەوەش ڕێگا هەر لە چاوەڕوانی ئەو سزایە دەبێت کە بۆ



سەندنەوەی تۆڵە لە ڕێگا خولقابوو، ئای کە ستەمە مرۆڤ بکەیتە کەرەسەی ئازاردانی کەسێکی بێ گوناه، نەک هەر بێ گوناه بەڵکو عاشق. ڕێگا هەموو دەمێ خەیاڵ دەیبردەوە بۆ لای کانییە سازگارەکەی ئاوایی بەدەم ڕۆنینی ئاوەکەیەوە چەندین ئاوێنەی بێگەردی دەبینی دەشکان، وێنەی سزا و هەتاوە شکاوەکانی تیا دەبینی بەڵام کە تەماشای خۆری دەکرد سیمای وڵاتێکی لێڵ بوو، بەسەرسامییەوە لە خۆی ڕادەما و سەیری لێ دەهات، چەند ڕۆژێ پێش خوازبێنی کردنی سزا ئاوێنەکەی بەر باخەڵی لەسەر کانێکە لێ بەردەبێتەوە و درزێکی تێ دەکەوی، ئیدی دەموچاوی خۆی لێ دەبوو بەدووان و سیان... هەر لە شکانی ئاوێنەکەوە دڵی پڕ دەبێ و شکستی داهاتووی خۆی دەبینێ، ئەو دەیزانی بەبێ هۆ تووشی دڵتەنگی نابێت، ئەو ئاوێنەیە هەر لە منداڵییەوە لەبەر باخەڵی کراسەکانی دەبێ، هەر کە خەیاڵ بیباتەوە پەنا بۆ دونیایەکی ئارام لەناو ئەو ئاوێنەیەدا دەبات، ئاواییەکی دووری تیا دەبینێ، ئاواییەک پڕە لە شەمامە و کاڵەک و کانی جوان و گوڵی یادەوەری، کە ئاوێنەکەی شکاند ئەو دونیا ئەفسانەییەشی وێران کرد.

لەوە بەدواوە تا ئێوارەی دابڕانە هەتاییەکە دوور لە چاوی تیژی خەڵکی چاویان بەیەکدی دەکەوت، لە بچووکترین قسەوە دڵی یەکتریان دەڕەنجاند، زەردەخەنەکەی جاران بەسەر لێوی هەردووکیانەوە توێژی گرتبوو، دەتوت بەختەوەری بەئاستەم لێیان ورد دەبێتەوە و لە کەناری ئێوارەیەکی خەواڵوو لە بیریانی کردووە. خۆ قەت ئەو ئێوارەیەم بیر ناچێتەوە کە بۆ دواجار ماڵئاواییم لێ کردن من و ئیکرام و هەتاو دەچووینەوە بۆ ماڵی سزا، چوار ساڵ پێش کۆچی بێ نەزەری ئاوایی بوو، کە بەڕێگادا دەڕۆیشتین هەموو هەنگاوەکانی خۆمان دەژمارد بەسەری ئەو چڵە دارەی دەستم خەتی چارەنووسی خۆمانم لەسەر خاکی بەرپێم دیاری دەکرد، پەنجەکانم بەجۆرێ کاریان دەکرد کە هیچ ئاگام لێیان نەبوو تاگەیینە بەر دەرگای ماڵی سزا، لە وەڕینی سەگە سپییەکەی ناو دەرگای حەوشەکەیان هاتمەوە سەر خۆم.

***

ئەو ڕۆژەی کە ڕێگا لەگەڵ ئەو حەشامەتە بەڕێ کرا سزا شتێکی کەم دووی تەریقەتی عەشق بوو، لەدەسدانی باوکیشی ئەوەندەی تر سەرگەردانی کرد، زۆر بەپەلە بەرەو دارەکانی ئەوبەری کانییەکە مل دەنێ، بەرانبەر بەدرەختەکەی خۆی و ڕێگا ڕادەوەستی وەکو ئەوەی بیدوێنێ و ڕوخسەتی ژیانی لێ بخوازێ، ئێستاش دەگێڕنەوە چۆن نیگاکانی بەشوێن تایەی زیلە سەربازییەکانەوە بوو کەخەڵکیان دەگواستەوە و پاشان چۆن شوێن پێی ئەو جەجاڵە هەڵدەگرێت تا دەگاتە ژێر دارێکی نزیک ئاوایی، بەهەناسە بڕکێ ڕادەکات و لە هەر درەختێکی سەر ڕێگاکەی گەڵایەک دەکاتەوە پاشان ئەو تاقە دارە دەکاتە سێبەری چاوەڕوانی چوار مەشقی دادەنیشێ، نیگاکانی بەدەنووکی ئەو باڵندانەوە بەر دەبوونەوە کە پوشووی هێلانەکانیان دەگواستەوە. سەر لێشێوانی چاوی بڕیبووە زەمەن، داوێنی پڕ بوون لەو گەڵایانەی کە بەدەم ڕێوە ڕنیبونی بەسەریانەوە فرمێسکی دەڕشت وەک ئەو دایکەی بۆ مەرگی چەندین کۆرپەی ناو کۆشی خۆی ماتەم بگێڕێ، لەپڕ یەکێ لە خۆفرۆشەکانی لای خۆمان بانگی دەکا، هۆ سزا هۆو، ئا ئەمە ڕێگا لێرەیە وەرە بۆ لای، ئیتر سزا دونیا لەپێش چاوەکانی ڕەش دەبێت، وەک ئەوەی مەرگی گەڵاکان بیباتەوە دەکەوێتە سەر ئەرز و لە خۆی دەچێ، بەڵام یەکێ لە سەربازەکان بەدزییەوە بەئاگای دێنێتەوە و ئیزنی دەدا، بەچاوی بەزەییەوە تەماشای دەکا و دەڵێ: بڕۆ لێرانە مەمێنە، سزا لە پەنای دارێکدا خۆی حەشار ئەدا تا گەردەلوولی ڕێگاوبانەکە دەنیشێتەوە پاشان دەست دەکاتەوە بەگریان و دەکەوێتە ڕێ. لەو ڕۆژەوە ڕووی سزا تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە کەرنەڤاڵی ڕۆین و کۆچ و گریان، کە سزا ڕۆیی هەموو سامانێکی بریتی بوو لەو گەڵا وەریوانە و وێنەیەکی ڕێگا کە بۆ یادگاری لە ملی کردبوو، ئەو دەمەی ڕێگا تەمەنی عەشقی ڕاوەستا سزا حەڤدە بەهاری لە کەژاوەی چاوەڕوانی بەڕێ کردبوو، ئەو لە وانەکانی عەشقەوە ژیانی ناسی و لە لاڕێکانی چاوەڕوانیدا سەری بەخشی بەڕەشەبا.



پاش سەفەرە بێ نەزەرەکەی گەردەلوول ناسان بوومە وێرانە ڕێژوانێکی بێ سروە قورسی پێڵاوەکانی مەرگەسات خۆشییەکانی پێشێل کردم، ئەو ساتانە نامۆی ناو مەملەکەتێ بووم کە پاش ئاوارەبوونم بەبۆنی کەوتم، ئەو جێ ژوانەی بۆم بووە سایە و گریانەکەم تیای هاتە جۆش، ئەو مەوسیمە تەمەنێک وانەی ئاسمانی بەڕوانینمەوە بەجێ هێشت. لە هەر پیاسەیەکی شکستێک بەڕوخسارمەوە دیار بوو. ڕەنگێک خۆی بەبینینمەوە دەگرت، زامێکی سوور ئازاری بینینمی دەدا، تاقە ڕەنگ کە تاسەم دەکرد، ڕەنگی سپی باڵەکانی ئازادی بوو، ئازادی بەمانا گەورەکەی ئەویش بەپیاسەی ناو کۆڵانەکانی وڵاتێکی دووکەڵاویمدا دەمبینی، عاشقێکی سفرە دۆڕاوبووم، دەمێ بۆ هەڵمی وڵاتەکەم نیگاکانم دەخستە گڕ، دەمێکیش بۆ کوڕانی گەنم ڕەنگی شارەکەم. تاوێکیش بۆ بۆنی خوشکە سەنگینەکانی منداڵیم، ژەمێکیش بۆنی ئەو لیمۆیانەم دەگرت کە لە پشووی پێنج دەقەیی نێوان وانەکانی یاخیبوون و قووڵبوونەوە لە ژیان، خۆم و دەستە خوشکەکانم لە کۆشکی قوتابخانە دەمانکڕی، گەمەی تام و چێژی ئەو سەردەمەمان پێ دەکرد، هێندە بەچێژەوە ئەو لیمۆیانەمان دەگوشییە سەر زمانمان وەک بمانەوێ پێش کارەساتەکانی پاشەڕۆژ بگرین و تامی ترش وتفت و تاڵی فێر بین، وەک ئەو مرۆڤەی کە تا دەمێنێ عاشقە و لەناو دەریای تاسەکانیا فێرە دۆڕان دەبێت و هەرگیز ناگاتە نهێنییەکانی دڵی ئاو، ئەبەد چاوی بەبینینی ئەو بەردانە زاخاو نادات کە بەسیمای ئاوێنەییەوە بۆی دەگەڕێ، ئاخ ئەی زەمەنە قوڕبەسەرەکەم خۆ من ئەو ڕۆژانە تۆم بەگەلێ ڕەنگی ئەزیەتدەرەوە بینی، بەڵام هیچ کامیان ئەوەندەی ڕەنگی ئازادیت ئەزیەتی نەداوم، خۆ گەڕان بەشوێن سەربەخۆیی بووە سەردەمی تاریکی و بێبەشیمان لە بچووکترین بەها جوانەکانی ڕۆشنایی.

ئازادی زۆر شتی لێ ویستین، ئەوین پەرستانی لێ داگیر کردین چ بەمەرگ و چ بەزیندان و زیندەبەچاڵکردنی خەونەکانمان لەناو شەوە خامۆشەکاندا، ئەو ڕۆژانە، نامۆییانە بڕیاری ژیانمان دەدا، شەوان بەدزەوە

وڕێنەکانمان بەڕەڵلای سەربانی خەونە ناوادەکان دەکرد، عەشقمان لەنێو پەڕەی ڕۆمانە یاساغەکاندا دەشاردەوە، هەرگیز لەو بڕوایە نەبووم لە قەسابخانەیەکی دوورە دەستا مرۆڤ توانای خەون بینینی هەبێ بەتایبەتی خەونی هەمەڕەنگ و یاساغ، کە بۆنی مەرگ دایئەگرتم جگە لە تاماوی فرمێسکەکانم هیچ دڵنەواییەکی دیم نەبوو. خۆ بۆنی نامۆییم تەواوی ئەو شەوانەی داگرتبوو کە عەشقم لەگەڵ ئەستێرەکانا ئەکرد، جریوەی خەمە شین پۆشەکانی ڕۆژانم دەبیست، دەستەکانم بۆ زەمەن دەکردەوە تا چینەی بێدەرەتانی تێدا بکا و جێم نەهێڵێ، کەچی هەموو شتەکان گوزەریان دەکرد، ڕۆژ، خۆر، مانگ و ئەستێرە و هاوڕێکانم هەموو لە ڕۆیندا بوون، ئای ئەو دەمانە ڕۆین چەندە گەورە بوو، چەند سینگی فراوان بوو...

***

لە پاش سەفەری ئازیزان، سزا و هەتاو باری دەروونییان ڕۆژ بەڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، تا ڕۆژێکیان لەبنکە تازە دامەزرێنراوەکەی ئۆردووگای بەجێماوەکان بانگ دەکرێن تاکو خولی پەرستیاری ببینن و پاشان هەر لەوێندەریش دایاندەمەزرێنن، یەکێ لە مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو پەرستیارانە ئەوەیە کە بڕوانامەی سەرەتاییان هەبێ، خۆ ئەوانیش بڕوانامەیان سووتاوە بەڵام بەنووسین و تاقیکردنەوەیان قبووڵیان دەکەن، تومەز لە ڕێگای شێخەوە ئاسانکارییان بۆ دەکرێت بەبێ ئەوەی هەستیشی پێ بکەن پاش چەندین مانگ بەو نهێنییە دەزانن ئەویش لە ڕێگای دکتۆر (هەڵکەوت)ەوە، ڕۆژێک لە سزا دەپرسێ ئەرێ شێخەی خزمت چۆنە؟ سزا دەپەشۆکێ و دەڵێ خزمی چی، ئەو خوێنمژە خزمی من نییە. د. هەڵکەوت بەو قسانە تێک دەچێت و دەڵێ بڕواناکەم ئەو پیاوە ئەوەندە نامرۆڤ بێت، خۆ ئەو ئێوەی لەم بنکەیەوە دامەزراند و جێگاشی بۆ دابین کردن، ئەو دەمە شێخە ئەنجوومەنی ئۆردووگاکە دەبێت و ئاسانکاری بۆ خەڵکی دەکات، سزا و هەتاو قەت لەو باوەڕەدا نین شێخە چاکەی لە دەست بێت، لە بنکەکە دوو ژووریان پێ دەدەن. دکتۆر هەڵکەوتیش زۆر ڕێزیان لێ دەگرێ،



ئەو بەڕێوەبەری بنکەکە دەبێت و ئەوەی تەنها جارێک دکتۆر هەڵکەوت ببینێ تا ماوە هۆگری دەبێت، پەیوەندی نێوان سزا و هەتاو و دکتۆر هەڵکەوت ڕۆژ بەڕۆژ خۆشتر دەبێت و بەڕێزەوە مامەڵەی یەکتری دەکەن، تا وای لێ دێ چەندین پرسیار لە سیمای ژاکاوی هەتاو سەر دەردێنێ نازانن باوەڕ بەقسەی خەڵکی بکەن یا بەکردەوەی ئێستای شێخە. بەکارکردنیان لەو بنکەیەدا گەلێ خەمیان بیر دەچێتەوە، ڕۆژانی شکست و بێهوودەیی کەسی دەوێ، هاوڕێی هێمن و خەمخۆری دەوێ برینەکان دەست و پەنجەکانیان لە کسپەیان کەم دەکاتەوە، ئەوان هەردوو بیمارن و زامەکانیان لە ژماردنی نسکۆکانی تەمەن ناکەوێت، وەکو دوو خوشکی میهرەبان دڵی یەکتری ڕادەگرن، بەنۆرە دەگرین و بەنۆرەش ئێشکی چاوانی یەکتری دەگرن، بەهاریش مەملەکەتی پڕ لە خوڕەی کانی و هەورەبرووسکەی ناکاو و خۆری پاش بارانی دڵ پڕ دەبێ، گوڵەکانیش مەستییەکی ڕۆح ئاسا دەبەخشنە ڕووی ڕۆشنی هەتاو، زۆر جار بەنەهاتنە دی ویستەکانمان دڵمان دەشکێ بەڵام کە جارێک و دووان و سیان نائومێد بووین ئیدی دڵمان دەمرێ، ئای لە لەزەتی ئەو ساتانەی کە دڵمان پێشێل دەکەین و ڕاهیبانە جەستەمان بەرەنگاری توندوتیژی ژیان دەبێتەوە، ئەمەش بەئاشکرا لە هەڵسوکەوتی سزا بەدەردەکەوێ لەو ڕۆژەوەی ڕێگا دەڕوا ئەو دڵی نەزری هەنگاوەکانی دەکات و چاوەکانی بەهەڵەتەکانی ئەو ڕۆژگارە دەسپێرێ، ئەو ڕێگایەی ئێستا سەری خۆی بەبا دەسپێرێ و دڵی بەدەستی بێئەمەکی زەمەنەوە شەلاڵە لە ڕۆین، خۆ شەقامەکانی خەیاڵی پڕە لە وردە نزای بەجێماو، تەژییە لە ئاوڕدانەوەی نیوەچڵ، بێ ئاگایانە ململانێی کات دەکات و لە بێدەنگییا کاس و بێ زمان دێتە پێش چاوی ساتەکان، هەر دەڕوات و لەناو سەرابی ژانەکان نوقم دەبێ... بەڵام هەتاو بەپێچەوانەی سزاوە دڵی بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵ دەبێ، خۆ لەو شەوەی کە شێخە تووشی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن دەبێ و دەیگەیێننە بنکەکە، هەتاو دڵی خۆی لە دەست دەدا. ئەم پرسیارانە دەبنە وێردی سەر

زاری و بەردەوام دەیلێتەوە. باشە مەبەستی شێخە لە دامەزراندنی ئێمە چییە؟ ئەی بۆ خەڵکی ئاوایی بەم جۆرە لێی تێگەیشتوون، دەبێ دەستی لە ئەنفالکردنی ئەم خێڵەی ئێمە هەبێ، بەمەش سزا توورە دەبێ و هەموو جارێک پێی دەڵێ، ئەوە چیت لێ قەوماوە دەڵێی ئیکرامت بیر چووەتەوە، هەتاو لە سەربادان زیاتر هیچ وەڵامێک شک نابات، چاوەکانی پڕاوپڕن لە گومانی ڕۆژەکان، هەمیشە سەرگەرمی گەڕانە بەشوێن ڕاستییەکان، کاتێ خەیاڵ مەستی دەکا نەک هەر بێدەنگی دایئەگرێ بەڵکو برژانگەکانیشی ناترووکێنێ، وەکو بتێکی سپی و جوان ڕووی لەناو شەوانی پرچی مانگی یەک شەوە دەنوێنێ. خۆ لێوەکانی دڵێکی مەستن بەئاڵی ماچە تەریوەکانی عەشق، کاتێ لە خەیاڵ دێتەوە، هەڵدەسێتە سەر پێ باڵای مامناوەندی ئەوەندەی تر لەنجەی ڕۆینەکەی جوان دەکات... ڕۆژانە گفتوگۆ و گەمەوگاڵتە و شەڕ دەکەن. بەڵام خۆ هەرگیز مانای زویربوون نازانن. جگە لە هەناسەی ڕاستگۆیی هەردووکیان هیچی تر ئارامیان ناکاتەوە، جگە لەوەش ئەوان لەو بڕوایەدان جوانی مرۆڤ لە کارکردندایە، لە کارەکەیاندا جێ پەنجەیان زۆر دیار دەبێ، بەسۆزەوە مامەڵەی نەخۆش و کەم دەستان دەکەن، خۆ مامەڵەکردنی «د. هەڵکەوت» خاڵێکی تری سەرکەوتنیانە لە کارەکەیان... باڵای ڕێک و بەرزی زیاتر کەسایەتی بەدەر دەخا، خۆ چاویلکەکەی ئەوەندەی تر کەسایەتی گەنم ڕەنگی جوان دەکا بەڵام ئەویش دەبێتە یەکێک لە قوربانییەکانی عەشقی سزا و دڵی دەشکێ.

***

هەموو جارێ کە هەتاو باسی شێخە دەکات، سزا توورەیی دایئەگرێ و دەڵێ: ئەوە چییە دەڵێی ئیکرامت بیرچۆتەوە؟ وەڵامی هەتاو نەگۆڕە، دەڵێ نەخێر ئیکرام ڕۆحلەبەرێکی ترە، ساتێ بەبێ ئەو هەڵناکەم ئیکرامی من هەمیشە نموونەی غیرەت و ڕاستگۆییە، ئەو لە هەموو ژیانیدا تەنها یەک هەتاو دەناسێ ئەویش منم بەڵام کە ئەو منی نەوێ و تفەنگەکەی لا پیرۆزتر بێت، من چی بکەم، لە دوای بینینی شێخەوە چەندین جار ئیکرام



دەبینێ، بەڵام وەکو جاران نابێ. ڕۆژێکیان لە ئیکرام دەپرسێ باشە تۆ ڕات بەشێخە چییە، ڕەنگی ئیکرام تێک دەچێت و دەڵێ باشە خۆ هەموو دەزانین خەڵکی ئاوایی چییان پێ دەگوت؛ هەتاو لێوی هەڵدەقورتێنی و دەڵێ من لە زۆربەی ئەو قسانە بەگومانم، ئیکرام دڵی دەڕەنجێت و لەو ڕۆژەوە سەرنجە پەپوولەییەکەی لە ڕوومەتی گوڵڕەنگی هەتاو دەتۆرێ، ڕۆژان دەڕوا و مەرگی تەمەن لە تابووتی خامۆشی شەوان دەنێژێ، هەموو جارێک هەتاو و ئیکرام چاویان بەیەک دەکەوێ، لە باسی خۆیان دەرئەچن و دەکەونە ناو باسی شێخەوە، کە ئیکرام هەست بەو حاڵەتە سەیرەی هەتاو دەکا، شەوێکیان دێتە بنکەکە و پێی دەڵێ من نیازم وایە بڕۆم بۆ چیا، ئەی تۆ چی دەکەیت؟ هەتاوی دڵ بەحەسرەت قژەکەی لەژێر تریفەی مانگەشەو دەبریسکێتەوە پەرچەمە خاوەکەی لە سەرچاوی لادەبات و دەڵێ وەڵامی ئەو پرسیارە لەلای تۆیە، ئیکرام وڕکی بێ هۆ دەگرێ نە دەتوانێ دەسبەرداری هەتاو بێت نە دەشتوانێ لە باوەشی شاخەکانی وڵات دوورکەوێتەوە، چاوە کاڵەکانی هەتاو پڕن لە ئاونگی ناز، دەڵێ ئەگەر بەڕاستی منت دەوێ دەبێ لێرە بمێنیتەوە، من تەنها هەناسەی تۆ سەبووریم دەدا، جگە لەوەش ئێستا بێکەس ماومەتەوە. تریفەی مانگ ڕۆشنایی خۆی پێ زۆر نییە بۆ شوشتنەوەی ئەو دوو تارماییە جەنگاوە. سەربانی بنکەکە جێژوانێکی فرە شووم دەبێ بۆ ئەو دوو عاشقە کەللەڕەقانە. تا دێ قسەکانی هەتاو دڵی ئیکرام دەگوشێت و توورەی دەکا بەپەلە بەپەیژەکەدا دائەبەزێ. هەتاویش خەیاڵ ڕایئەکێشێتە ناو مەملەکەتە ئاڵۆزەکەی شێخەوە و پاش چەند ساتێ لە گیزەی دوورە گوللەیەک بەئاگا دێ، بەرەو پەیژەکە دەچێت لە پلیکانەی دووەمەوە دەکەوێتە ناو حەوشەی بنکەکە، لە گرمەی ئەو ئیکرام لە دەرگای حەوشەکەوە دەگەڕێتەوە، هەروەها سزا و دکتۆر هەڵکەوتیش بەپەلە فریای دەکەون، ئەوەی پێویست کا بۆی دەکەن پاشان دەیبەنە نەخۆشخانەی شار. کە ئیکرام ئەو ڕووداوە دەبینێ بۆ ساتێ چاوی لێک نانێ. هەر لە بیری لەخۆچوونەکەی هەتاو دەبێت، جگە لەوەش

توانای نییە بچێتە ناو شار و نزیکی ئاهە ساردەکانی هەتاوی بێ ڕەنگ داگیرسێ. لەپاش شەوێک دەیهێننەوە بۆ ماڵ، دەستێکی درزی بردووە دەموچاوشی بەئاستەم ڕووشاوە. کە دەڕوانێتە ڕووی ئیکرام دڵی وەک قرچەی هاوینان دێتە کوڵ و چاوانیشی زستانێک لەسەر سەرینەکەی بەرپا دەکات. بەڵام لە هەمووی سەیرتر پەشۆکانی سزایە کە هەرگیز سەلامەتی هەتاو ناگەیێنێ. ئیکرامیش لەپاڵ سەری هەتاو دائەنیشێ و دڵنەوایی دەکات. ئەو شەوە خەو لە چاوی کەسیان ناکەوێ، هەر کەسەو لەلای خۆیەوە پاڵی جۆلانەکەی من دەنێ، پێکەنینە منداڵانەکەمان دەکەنە سەبووری زامە تازەکانیان. لەپاش دوو ڕۆژ، چێشتەنگاوێکی درەنگ ئیکرام بەدیار هەتاوەوە دائەنیشێ و باسی داهاتووی خۆیان دەکەن، نەئەوەیە ئیکرام واز لە شاخ و دەرەوە بێنێ نە هەتاویش ئامادەیە لە دووری ئەو ژیان بەسەر بەرێت، دیسانەوە بەینیان تێک دەچێ، هەتاو دەڵێتە ئیکرام تۆ هەرگیز منت خۆش ناوێ، ئەوان لەم قسانە دەبن، سزا خۆی ئەکا بەژوورەکەدا، دەڵێ: ئیکرام زووبە خۆت بشارەوە، زوو بەپەلە شێخە هات و پێی وتم سەربازەکان گەییونەتە دەوروبەری بنکەکە، بەخوا دەتگرن، هەتاو ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ دەستی ئیکرام ڕادەکێشێ و ماچی دەکات دەڵێ بڕۆ من تۆم ناوێ خۆت دەرباز کە با نەتگرن، ئیکرام ئاوڕێکی حەسرەتاوی لە هەتاو دەداتەوە، سزا پاڵی پێوە دەنێ و دەڵێ بڕۆ وەختی ئەوە نییە. ئیکرام دەڕوا بەبێ ئەوەی هەتاو ئاشت بکاتەوە، بەدڵی بریندارەوە شوێن چارەنووسی نادیاری خۆی دەکەوێ.

پێنج مانگ بەسەر جێمانی چەندین هەتاو و سزا تێدەپەڕێت. هەتاو گیرۆدەی بیرکردنەوە دەبێ بێزاری ڕۆشنایی چاوەکانی دائەگیرسێنێ، پاش هەفتەیەک لە ڕۆیشتنی ئیکرام شیرین خانی خێزانی شێخە دێتە سەردانی هەتاو و لە ئەحواڵی دەپرسێ، ئەو پازدە ساڵە خێزانی شێخە دەبێ، تەنها دوو کچیان هەیە، خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەی بەرانبەر مێردەکەی دەبێ، سیمای وەفا دەبارێنێ، باڵای بەرزی بەیداخە سپییەکەی ئاشتیت



بیر دەخاتەوە. ڕووی گەنم ڕەنگی ئەوەندەی تر لە چاوە گەشەکانی دەوەشێتەوە. هەمیشە سەرپۆشی سپی بەسەرەوەیە، کراسێکی تەنکی تەختە ڕەش نتێک سپی دەپۆشی و سەڵتەیەکی ڕەشی قەدیفەی سورمەداری لەبەردایە زیاتر لە تەمەنی دەوەشێتەوە، پرچە ڕەشەکەی تاڵ تاڵ ڕاوەستاون دەڵێی شەوی دەیجوورە و بەشوێن بووکی ناکامەوە وێڵە، تا بڵێی دڵنەرم و میهرەبانە گفتوگۆی شیرینی هێندەی تر شیرینی دەکا، ئەو یەک دوو جارەی کە دێتە دیدەنی هەتاو، سزا سەرسام دەبێت، هەست بەو پرسیارانە دەکات کە بەسیمای هەتاوەوە دیارن، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی ئیکرامیش دەرباز دەکات، نەک هەر ئیکرام بەڵکو زۆربەی گەنجانی ئۆردووگای لەو ڕۆژەدا ئیزن داوە و قوتاری کردوون، چەندین پرسیار لە لای سزاش دروست دەبێ، باشە کێ دەڵێ شێخە خراپە! لەوانەیە ئەویش قوربانیی دەستی غەدری زەمەن بێت.

ئەو ڕۆژەی شیرین خان دێتە خوازبێنی هەتاو بۆ شێخە، هەتاو هیچ وەڵامێکی لا نییە، تا بیلێ خەیاڵ دەیباتەوە بۆ لای ئەو شەوەی کە قەدەر وا دەکا ئەم بەسەرنجە خەواڵووەکانی ئێشکی ئاهە ساردەکانی شێخە بگرێت، کە چاویش هەڵدێنێ مەحەبەتێکی فرە بەتین لە تەماشایەوە هەڵدەقوڵێ و دڵی هەتاو دەکاتە هێلانە. هەر ئەو عەشقەی شێخەیە دەبێتە هۆی هەڵماڵینی نهێنییەکانی پێش زەمەنێک. ڕاستە هەتاو کەوتبووە ژێر کاریگەری تەماشای شێخەوە بەڵام هەرگیز بڕوای نەدەکرد بێتە خوازبێنی، چاوە حەسرەتاوییەکانی هەتاو دەبنە دوو شارە خامۆشەکەی من و نیگاکانم پڕ دەکەن لە ختوورە و گومان، گومان لە خۆم، لە دەستەکانم، گومان لە لێوی دڵدارەکەم نەبا تامی ڕاستی عەشقی بیر چووبێتەوە، گومان لە ڕۆژانی غوربەت و بێ داڵدەییم لە کۆشی قەسابخانەکانی شارەکەم، گومان لە ڕەنگی ئەو خوێنانەی کە بەگوللەی وێڵ فوارە دەکەن، خۆ گومان لە بۆنی دووکەڵی شارەکەم هێندەی تر تەقەزام دەدا تا دێمەوە سەرخۆم، گومان لە چاوەکانی خۆم دەکەم، نەبا نیگا

قەقنەسێکانی سووتانمی بەجارێ بیر چووبێتەوە، ئەو هەموو گومانە جوانانە لە شارە خامۆشەکەی چاوانی هەتاو دەمگرییێنێ، ئەو ڕۆژە هەتاو بەشیرین خان دەڵێ جێم بێڵە تا بیری لێ دەکەمەوە، پاشان من دەسگیراندارم. بەڵام سزا بەپێچەوانەی هەتاو بیردەکاتەوە، ئەو بەیەکجاری دڵی خۆی پێشێل دەکا، چەندین جار هەڵکەوت باسی خوازبێنی دەکا، تەنها ماتی دایئەگرێ و دەڵێ مەحاڵە من لەپاش ڕێگا بەختەوەر بم، پاشان دەست دەکاتە گریان، پاش تێرامانێکی قووڵ سەری بائەدا و دەڵێ ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە مەحاڵە، مەگەر تۆ نازانی شەقامەکانی ئاسوودەییمان پڕن لە ئاوڕدانەوە و دوودڵی و نیازی نیوەچڵ. نا جگە لەو ڕێگایەی (ڕێگا)ی ونبووم غەریبیم لە هیچ مەئوایەک ناشکێ. ڕۆژان تێدەپەڕن و چاوەڕوانی ڕووبارێکی دڵ گەورەیە سەرچاوەکەی لە دەروونی زووخاو ئاسای چەندین سزا و هەتاوەوە هەڵئەقووڵێ، ئەوەندەی ئەوانیش شێخە ڕۆژەکان دەژمێری و چاوەڕوانی وەڵامی هەتاو دەکا، تا ڕۆژێکیان شیرین خان دێتەوە بۆ لای هەتاو، ئەوجا سزا لە مەسەلەکە تێدەگا و پەشۆکانی هەتاوی بۆ ڕوون دەبێتەوە، پاش خێراتن و دانیشتن شیرین خان دەڵێ بەسزا، سزاخان خۆ تۆش خۆمانی ئەوە مانگێکە من چاوەڕوانی وەڵامی هەتاوم، خۆ شێخە ئارامی نەماوە. هەتاو سوور هەڵدەگەڕێت و چەند دڵۆپە عارەقەیەک دەنیشێتە سەر هەنیەی دەڵێی ئاونگی بەهارە و ڕوخسارە خەواڵووەکەی بەسەر دەکاتەوە... دەڵێ شیرین خان چیت لێ قەوماوە چما کەس هەیە خوازبێنی بۆ مێردی خۆی بکات، چاوەکانی هەتاو بوونە وەرزی هەمەڕەنگی تابلۆکە و ونبوونەکەی منی تیا نوقم بوو، نازانم چاوم ڕاست دەکا یا خەونە دەمباتەوە، پاش ئەوەی سزا و ڕێگا هێواش هێواش بەرەو ئاسمانە هەمە وەرزەکە هەڵکشان، منیش لە ناو تاراوگەکە دەگەڕام دوای ئەو مرۆڤە نەناسە کەوتم، نازانم بەژنی شەوێکی بێدار بوو یا ئێشکچی خەمانم بوو، هەر بەدوایا دەچووم ئەویش بەخێرایی لێم دوور دەکەوتەوە هەستم بەسەرما دەکرد و تاسەی دەستەکانیم دەکرد، دەمویست ڕوخسارم



لەناو سینگمدا نوقم کەم، ڕۆژووی ئەو ماندوێتییەی پێ بشکێنم بەڵام پێی ڕانەدەگەیشتم ئاشنایانە تاسەم دەکرد، چەند هەنگاوێکم مابوو بیگەمێ لە ناکاودا بۆنی غەریبی لێ هەستا، ئای ئیکرام گیان ئا ئەوە تۆی، ئەی نامناسیتەوە، لەوە دەچوو نەیەوێ ڕێگا و شوێنی خۆیم پێ نیشان دات، لە پشتەوە کراسەکەیم ڕاکێشا، ڕوانیم لە گەڵای دار بەڕووە. سەیری ناو دەستەکانیم کرد پڕ بوون لە بەڕووی ڕەنگاوڕەنگ، بەڕووەکان بەردەبوونەوە سەر ئەرز، شین و سوور و زەرد و قاوەییان دەنواند، ئای خودایە چۆن بەڕوو ڕەنگاوڕەنگ دەبێ، خەیڵی خۆمم بەبینینێوە خەریک کرد بەڵام بەزەردەخەنەکەی جاران سەری خۆشەویستی بۆم لەقاند، شەبقە سپیەکەی هەر بەسەرەوە بوو، وتم ئا شەبقەکەتم بدەرێ، بەدەم تەماشاکردنەوە دای بەدەستمەوە لەپڕێکا ملی ڕێگای گرت و بەرەو تاراوگەکە کەوتە ڕێ، منیش بەپەلە دوای کەوتم پێم لەو بەڕووانە هەڵدەکەوت کە لە دەستەکانی ئیکرام بەردەبوونەوە دەتوت دار بەڕووە هەر دەڕۆی لێی بەجێ دەما منیش شەبقەکەی ئیکرامم کردە بەرچنەی بەڕووەکان لەولاشەوە ڕێگا و سزا لە پیاسەی ناو تاراوگەکە بوونەوە، لە هەمووی سەیرتر مەغریبی هەمە وەرزە گەمەیان بەهەموو جۆرە میوەیەک دەکرد کە بینیمن ڕەنگم فرە لیمۆیی بوو. هاوارم کرد ئای خۆ ئەوە سزایە، بەپەلە بەدوایان کەوتم، ئەوان دوو عاشقی مەست بوون جیا لە دونیای بێ ئارامی منداڵانە گەمەیان دەکرد وەک ئەوەی لە مانای عەشقا شەڵاڵ بوبن هەڵدەبەزین و ڕاوڕاوێنیان دەکرد، بەپەلە گەڕامەوە دواوە و بەرەو ئیکرام چووم تا هەواڵی هەتاوی لێ بپرسم، ئەوەندە ڕوخساری شەواوی بوو دەتوت دوور لە خۆر مەست دەبێ، نەیشم زانی ئێرە جەرگەی ئاوابوونە بۆیە هەتاوی لێ نییە.

دووبارە دوویان کەوتم و هاوارم دەکرد: سزا، ڕێگا، ئیکرام وەرن با لێرە دیلانێکەمان هەڵخەین و وازی بکەین - ئادەی گوریسەکە بێنن، ئیکرامیش سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەو هەرمێیانە بوو کە سزا و ڕێگا بۆیان

دەهاویشتم، ئیکرام دەیانیکردە ناو شەبقە سپییەکەی دەستمەوە، پاش تۆزێک هەر سێکیان هاتن بازنەیەکیان لە دەورم، دروست کرد، ئیکرام وەک یەکێ بیەوێ نوێژ بۆ دەمەوتاریک بوونێ بکات، لەسەر ئەژنۆ دانیشت و بەچڵەدارێک لەسەر خاکی تاراوگەکە وێنەی مانگێکی تەواوی کێشا، سزا و ڕێگاش بەپەنجە لیمۆییەکانیان پرچی منیان بۆن خۆش دەکرد، ئەوەندەم زانی ئیکرام تابلۆیەکی کێشا تومەز پاڵەوانی ناو ئاوابوونەکە کە پشتی لێم بوو و دەڕۆیی خۆم بووم لە هەمووی سەمەرەتر ئەو هەموو میوەیە چۆن لە وەرزێک و خاکێکدا دەڕوێن، تا کۆکەی ناوەختی دەربەست بەئاگای هێنامەوە دەموچاوم بەفرمێسکی ئەو دیمانەیە تەڕ بووبوو، تاکو چاوەکانی هەتاو ئەو هەموو وەرزە بەڕێ دەخا، شیرین خان هەر چاوەڕوانی وەڵام دەبێت، لە ناکاو دەست دەکاتە گریان و دەڵێ: دوا وەڵامم دەوێ، هەتاو دەڵێ باشە کە ئاوها سەغڵەتی چۆن خوازبێنی من دەکەی بۆ مێردەکەت. شیرین خان دەڵێ خوا ئەکا ئەو ئاسوودە دەبێت، چی بوێ من بۆی جێبەجێ دەکەم ئەوەی ڕاستی بێت لە شەوی نەخۆشییەکەیەوە کە چاوی بەتۆ کەوتبوو تووشی لەرز و تایەکی لە ڕادەبەدەر بووە و هەر وڕێنە بەتۆوە دەکا، من دەزانم جگە لە هەناسەی تۆ هیچ دەرمانێک چاری ناکات، خۆ من بۆ ئەوە ناگریم ژنم بەسەرادێت، چیرۆکی شێخە خەمێکە تا ماوم لەبیری ناکەم، ئەو لە ژیانیدا دوو هەتاوی خۆش ویستووە چۆن دەبێ لە هەردووکیان نائومێد بێ، بەبیستنی ئەم ڕستەیە هەتاو سەرسام و بێدەنگ دەبێت و خەیاڵی زۆر لەوان دوور دەکەوێتەوە و دڵی دەبێتە کۆترە سپیەکەی لای خۆمان. دەمێ ئیکرام هەڵی ئەدا و دەمێکیش شێخە دەستەمۆی دەکا، شیرین خان هەر لە باسی ئەو ڕۆژانە دەبێت کە چۆن شێخە پاش مەرگی هەتاوی یەکەم بڕیار ئەدا کەس نەکاتە هاوسەری خۆی، باوکی بەزۆر ڕازی دەکات و شیرینی بۆ مارە دەکەن، باسی ئەوە دەکەن کە چۆن پاش گواستنەوەی بەو ڕاستییە دەزانێت، فرمێسکەکانی ئەوەندەی تر ئەو ڕابردوویان بەتین ئەکرد، پاشان وتی من سوێندم خوارد کە هەر



کەسێکی خۆش بوێت بۆی مارەکەم، بەڵام خۆ ئەو هەمیشە باوکێکی بەئەمەکە بۆ خۆم و منداڵەکەم. هەتاو زۆر جەریئانە هاتە قسە، ئەی ئەو دەستی لە فەنابوونی کەسوکاری ئێمە نەبوو؟ شیرین خان بەزەردەخەنەوە وتی: ئەویش خوا دەیزانێ، ئایا تۆ بڕوا بەو قسانە دەکەیت... لە کۆتایی قسەکانیان شیرین خان دەڵێ: کەی بۆ وەڵام بێمەوە و چی بەشێخە بڵێم، هەتاو دەڵێ: هەتاکو ئیکرام نەبینم ناتوانم هیچ شتێک بڵێم.

***

دەمەو گەڵاڕێزانی جوانی دەبێ، هەڵوەرینی ڕۆح و ڕووتبوونەوەی درەخت وڵاتی مەرگ بەرپا دەکەن، گەردەلوول هێڵە بەسروشت دەکا، گەڕانەوەی کۆچکردووەکان درەنگی بەسەردادێت، چاوەکانی سزا پەیتا پەیتا ڕۆشنایی دەڕێژن لە دووری ئازیزان زۆر سەخت دەبێ گریان و دۆشدامانە لە کۆشی ئەو جەنجاڵەدا. بەتایبەتی مەسەلەی مێردکردنی هەتاو بەشێخە دەبێتە گرفتێکی ئاڵۆز، شەو و ڕۆژ دڵی سزا دەگوشێ. هەر کە باسی شووکردنی هەتاو دەکەن چاوەکانی دەبێتە مەملەکەتی ترس و گومان، ئیکرام ڕۆیی نەهاتەوە ئەویش گرفتێکی ترە، ئەو دەمە بوو کە عاشقان تفەنگیان هەڵدەبژارد و جێگای گەرموگوڕی عەشقیان بەجێ دەهێشت، بێنازی تاقە سەبووری شۆخە کچان بوو. دایکان چاو لە ڕێگا هۆرەی گەڕانەوەی ڕۆڵەکانیان دڵی بەردی دەکردە ئاو. دڵگەرمییەکی ئەوتۆ بۆ ئازادی جۆشی دەداین هەر مەپرسە، خۆ هەردەم دامێنی چیا گرەوی لە کچانی بێ ناز دەبردەوە و دەسگیرانەکانی فریو دەدا، ئەو ئێوارەیە قەدەر دێت و لە پەنجەرە بچکۆلەکەی ژوورەکەی سزاوە چەند چرپەیەک دەچرپێنێتە گوێی، وەکو نۆبووکێکی تەنها هەتا دێ جوانی دەپۆشێت، گڤەی ڕەشەبا فریوی دەدات، خۆ پێش ئەوەی لە چاو ون بێت، هەڵکەوت لێی دەپرسێ: ئەوە چییە سزا بۆ وا جوان بوویتەتەوە، تومەز بێستانی کۆنە هەواران لەسەر باڵی ڕەشەبا بانگهێشتی دەکا، بەدەم خەیاڵەوە دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە و ڕێگا دەبینی وردە وردە وەکو سەراب لێی دوور ئەکەوێتەوە،

سزا دوای خەیاڵەکەی دەکەوێ و ڕێگای گوندی خۆیان دەگرێ، خۆ ڕێگایەکی کورت نییە تا دەیگاتێ بەڵام گەڕان بەشوێن ڕێگا بۆ هەر کوێ بێت ئاوەدانییە هەر دەڕوا و دەڕوا تا ماندوو دەبێت، ڕەشەبا دەبێتە دەستی غەدر و گەمە بەجەستەی ئەو بەستەزمانە دەکات، سزا دەبێتە ئەو دومیەیەی کە لە منداڵی هەموومان لە ژێری دار تووە گەورەکە لەبیرمان کرد ئەویش بەر هەنگاوی غەدر کەوت و با ڕفاندی، ئەو گەردەلوولە سەرگەرمە پێیەکانی لە کار دەخات، سەرپۆشەکەی دەفڕێنێ، پەیتا پەیتا بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و دووبارە بەردەبێتەوە، تا دەتوانێ بەسینگی ڕەقی بەردی دەکێشێ تا لەسەر گردەکەی نزیک ماڵی شێخەوە بەردەبێتەوە، کە دێتەوە سەرخۆی شتێکی ڕابردووی لەبیر نەماوە، تەنها ئەو لاوە دەبینێ کە ئەمڕۆ لە زیندان بەربووە و باسی سەفەرەکەی سزامان بۆ دەگێڕێتەوە، تومەز لە دەست سەربازەکان هەڵاتووە و بەدوایەوەن، بۆیە ڕێگای خۆی دەگۆڕێ نەکو سزا ببینن و دەسدرێژی بکەنە سەر، هەر ئەو دەمە خۆی ئەدا بەدەستیانەوە تا ڕێگای سزایان لێ بگۆڕێ و سزا نیوەگیان دەبێت و هێزی ڕاوەستانی نامێنێ، بەگانگۆڵە خۆی دەگەیێنێتە ژێر دارە گەورەکەی ئاوایی، ئا لە وێدا دوایین هەناسە ساردەکانی بەڕۆحی خەواڵووی ڕێگا دەسپێرێ، چەند چرکەیەک پێش جیابوونەوەی لە دونیا، باوەش ئەکا بەقەدی ئەو درەختەی یەکەم دیداریان تا لێوەکانی بەخوێن دێن ماچی درەختەکە دەکات پاشان ملی دەنێ بەلارەوە و زەردەخەنەکەی کۆنە هەواران بەدەم مەرگی پەپوولەیەکەوە دەنیشێتە سەر لێوانی، ئەمە ئەو درەختەیە کە بەبۆنی عەشقی ناکام گەورە دەبێت، لەو ڕۆژەوە وشک ناکا و چوار وەرزە چرۆ دەکا و سەوز دەبێ سزاش بتێکی جوانی تەریقەتی ئەو درەختەیە و بەشێکە لەو حوزنە جوانەی کە بەسەرچوو، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی مەرگی سزادا ئەوینداران دەچنە دیدەنی ئەو نزرگەیە، خەمەکەنیان دابەش دەکەن، ئا لەوێدا چرپەی حەزە مەحاڵەکان دەگۆڕنەوە، ئەوانەی خۆیان لە ڕێی عەشق نەزر دەکەن بەدەوری دەسووڕێنەوە و پەڕۆی



ڕەنگاوڕەنگ دەبەستنە لقەکانیەوە، ئەو درەختە بەهارێکی گۆشەگیرە و عەشقی هەمەڕەنگ ئاوەدانی دەکاتەوە ئا بەم جۆرە ڕێگا دەڕوا و دڵی سزا لەگەڵ خۆی دەبا، ئەمیش لەپێناو پەپوولەی زەردەخەنەکەی جارانی خۆی نەزر کرد و بەرائەتی هەتاوی لەلای دەستێکی بەئەمەک جێ هێشت. ئێستا هەڵکەوتیش یەکێکە لەو قوربانییانەی کە دڵی وەک گوڵدانی دەم گەردەلوول دەشکێت و نائومێدانە دەڕوانێتە شەقامەکانی خۆر و ئێوارە بێ مەوسیمەکانی عەشق، لەو ڕۆژەوەی ڕێگا ون بوو، دڵی وەکو کۆترە سپییەکەی لای خۆمان هەڵدا و بەر تایەی ئەو زیلە سەربازییانە کەوت و تاسا بەبێ ئەوەی هیچ کەسێ گوێ بۆ گمەی شل کا، هەموو دەمێ دەیگوت شەوان کە گمەی ئەو کۆترە دێتە بەر گوێم لە تاریکی خەیاڵمدا بەشەقەی باڵەکانی خەمەکانم ئاوەدان دەکەنەوە. هەواڵی مەرگی ئازیزانم بۆ دێننەوە، ئیدی سەرنجی ڕۆ دەکردە ئەرز و تا دەهات هەنسکی دەدا و پاشان دەنووست.

***

لە پاش کۆچە بێ نەزەرەکەی سزا، هەتاو بەتاقی تەنیا دەمێنێتەوە، هەر ئەو دەمە دەنگوباسی گەڕانەوەی هەندێ لە ئەنفالەکان بڵاو بووەوە، ئەو خێڵەی کە هیچ لە دەنگوباسی وەرزەکان نازانن وەکو پەڵەی ئاسمانی تاراوگەکەی من هەندێکیان دەگەڕێنەوە و هەندێکیشیان بەر هەورە برووسکەی چاوانی بێبەزەیی ڕۆژگار دەکەون و ڕێگای هاتنەوەیان بیر دەچێتەوە، هەر کەسێک دێتەوە، هەتاو بەپەلە دەچێتە پیرییەوە بەخێرهاتنەوەی دەکات هەواڵی دایک و باوکی و ڕێگای لێ دەپرسێ بەڵام لە هەر کەسێ دەپرسێت هەواڵی دایکی هەتاو نازانن و دەڵێن بەرچاومان نەکەوتووە، بەڵام خۆ باوکی هەتاو و ڕێگا و باوکی سزا بەر غەزەبی ناپاکان دەکەون، لەو ڕۆژەوە تەنیا شێخە دەبێتە پەنای هەتاو، تا دێ خەم دڵی دەسوێت و نائومێدانە ڕۆژگار بەڕێ دەکات، خۆ شێخە زۆر بەشوێن سزادا ئەگەڕێ بەڵام ئەوەی لە خەیاڵی کەس نەبێ چوونی سزایە بۆ ئاوایی،

ڕۆژێکیان شیرین خان دەچێتە لای هەتاو و پێی دەڵێ شێخە منی ناردووە بەشوێن تۆ، ئێستاکە تۆ بەتەنیایت ئەگەر دەتەوێ پرس بەئیکرام بکەیت، ئەو ناونیشانی ماڵێکی داومەتێ زۆر لە ئۆردووگاوە دوور نییە بەڵام نابێ کەس بەچوونمان بۆ ئەو شوێنە بزانێت، هەتاو هیچ چارەیەکی تری نامێنێ دەڵێت ئەگەر ئیکرام ڕازی بێت من شوو بەشێخە ئەکەم، بەیانییەکی زوو، جریوەی بولبول پەردەی گوێی گەردوونی بەمۆسیقایەکی شیرین دەلەراندەوە، پاش چەندین مانگ لە چاوەڕوانی ئازیزان ئیدی هیچ هیوایەک نامێنێ بۆ گەڕانەوەیان، بەتایبەتی کە بەشێکیان هاتنەوە و ئەوانی تر نائومێد بوون، شیرین خان و هەتاو دەکەونە ڕێ، دەمەو چێشتەنگاوێک دەگەنە نزیکترین شوێن لەپاش بڕینی دەشتایی نێوان ئۆردووگاکە و ئەو خانووە قوڕانەی کە شیرین خان بۆیان دەچێ، زەوی زەردە و گەڵای درەخت وەکو ئەوانەی کە ڕۆین لە وەریندایە. لادەدەنە ئەو ماڵەی کە شێخە ناونیشانی داونەتێ، ماوەی نیو کاتژمێر دائەنیشن. پوورە پیرۆز ژنێکی کەڵەگەتی ڕەشتاڵە دەبێ چاکی و خۆشهاتنیان لێ دەکات و ئاو و چایان پێشکەش دەکا و دەکەوێتە هەواڵپرسینی شێخە. لە گفتوگوێ شیرین خان وا دەرئەکەوێ پیرۆز حەکیمی شارەزای ئەو پێشمەرگانەیە کە بریندار دەبن و نەخۆش دەکەون خۆی و ماڵی کوڕێکی لەو دەشتە نیشتەجێ دەبن، ئەوەندەی تر شێخە لەپێش چاوی هەتاو گەورە دەبێت، پاشان شیرین خان هەواڵی ئیکرامی لێ دەپرسێت، پوورە پیرۆز زەردەخەنەیەک لێوەکانی دەنەخشێنێ و دەڵێ بەڵێ لە دوێنێ شەوەوە هەواڵی پێ گەیشتووە بەڵام لەوانەیە تا ئێوارە نەگەڕێتەوە بۆ ئێرانە، ڕەنگی هەتاو ئەوەندەی تر پایز دایئەگرێ و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ چاو دەبڕێتە دەرگای حەوشەکە کە لەتەنەکە دروست کراوە، دەمەو ئێوارە لە وەڕینی سەگە ڕەشەکەی ماڵی پوورە پیرۆز کە لەناو دەرگای حەوشەکە خۆی مات دابوو ڕادەچڵەکێ، ئیکرام بەردێکی بچکۆلەی بۆ دەوەشێنێ و ئاوڕێکی لێ دەداتەوە پاشان بەڕووی خۆشەوە دێتە ژوورێ و خێراتنی هەتاو و شیرین خان دەکات، ژنەکە دەڕوا بەچێشت



لێنانەوە خەریک دەبێت، کە ئیکرام لە هەواڵی سزا دەپرسێ دەچێتە ناو دونیای تاراوگەکەی منەوە و ئاخافتنی بیر دەچێتەوە، کە دێتەوە سەر خۆی زەمەنێک وەهم و منداڵی بەجێ دێڵێ ڕوومەتەکانی بوونەتە جۆگەلەی ئاهە ساردەکانی ڕێگا و سزا. پاشان ڕوودەکاتە هەتاو و پێی دەڵێ: ئەی تۆ نیازی چیت هەیە، چاوەکانی هەتاو چەندین دیمەنی هەڵوەرینی باخچەکانی تیا دەبینرا، پەیتا پەیتا گۆناکانی دەژاکان و گوڵە حەسرەت لە لێوەکانی بەردەبوونەوە و دەمردن، تەنها فرمێسک ڕوومەتەکانی لەغەدر و بێ ئەمەکی ئیکرام دەشوشتەوە، ئەوەی ڕاستی بێ ونبوونی سزا ترسێکی گەورەی خستە دڵی ئیکرامەوە تا وای لێ هات گوێڕایەڵی قسەکانی شیرین خان بێ، شیرین خان سەرپۆشەکەی ڕێک دەخست و قسەی دەکرد منیش بۆ کاری خێر هاتوومەتە لای تۆ، شێخە منی ناردووە تا دوا وەڵام لە تۆ وەربگرم. ئەگەریش بۆ خۆت دەتەوێ، ئەوە پیرۆزباییتان لێ دەکات. ئیکرام بەتەواوەتی دەشڵەژێ و زمانی لە حەرفێکی ویژدان گیر دەخوا، هەرچی ئەکات وشەکەی بۆ تەواو ناکرێ، شیرین خان دەشڵەژێ و دەڵێ ئەیەڕۆ، ئەوە چیتە ئیکرام گیان، ئیدی بیری دەچێتەوە لای شێخە و تووشی سەرسامی دەبێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێ دەبێ ئەم خاڵی لێکچوونەی نێوان شێخە و ئیکرام چی بێت، ئەو شەوە لە ماڵی پوورە پیرۆز دەمێننەوە، ئەوان تەنها دوو ژووریان دەبێت، یەکیان بۆ ئیکرام ڕێک دەخا و ئەوی تریشیان بۆ هەتاو و شیرین خان و خۆی، بەڵام هەتا درەنگانێ بەتەنیا بەجێیان دێڵێ ئیدی شیرین خان و ئیکرام باسی کاروباری ئاوایی دەکەن و پاشان لەگەڵ هەتاو باسی منداڵی و گەمەکانی خۆیان دەکەن، حاڵەتی مرۆڤانە دەیانگەیێنێتە ئاستی گریان. ئەو بەیانییەی کە لە هەیوانەکە چایی دەخۆنەوە دەبێتە سەرەتای دابڕانی هەناسەکانی ئەو دووعاشقە و دروستبوونی بەربەستەکانی نێوانیان، هەتاو بەسەرنجەکانی ئیکرام خەماویتر بوو، دەستی لە ژێر چەناگەی دانابوو نیگاکانی ڕەوە خەمێکی تۆراو بوون بەرەو خاڵێکی نادیاری سەر دیوارە قوڕینەکەی

حەوشەکە بەرێ دەکەوت، لە خشپەی گەڵایەکی دنیادیدە وەئاگا هات و بەئیکرامی وت: ئەگەر منت دەوێ دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ ئۆردووگا، بەڵام ئیکرام بەشوێن داستانەکانی سەربەستی و شکاندنی تەوقەکانی دیلێتیدا سەرگەردان بوو، ئەو تفەنگی هەڵبژارد نەک هەناسەی بۆنخۆشی عەشق.

دوا قسەی نێوانیان وشەی جەرگ بڕی ماڵئاوایی دەبێت، هەتاو گلەیی دەبارێنێ و ئیکرامیش غیرەتی گەنجانەی دەکاتە بیانووی شۆڕشە پیرۆزەکەی و دەڵێت: ئای کەدونیایەکی سەیرە، کێ دەیووت ڕۆژێ لەڕۆژان من دەسبەرداری تۆ دەبم، پاشان بەزەردەخەنەوە دەڵێ ها هەتاوگیان تۆ شێخەت پێ باشە: جگە لەگومانێکی پەمەیی هیچی دی لەسیمای هەتاو نەهاتە گۆ، ئا بەم جۆرە لێک جیادەبنەوە و ئیکرام دەڵێ، هەتاو گیان هەتاکو ماوم بەشوێن سزادا ئەگەڕێم.

***

دوو ڕۆژ بەسەر هاتنەوەی شیرین خان و هەتاو تێدەپەڕێ. ئاهەنگی هەتاو و شێخە بۆ ماوەیەک خەمی دڵی عاشقان دەڕەوێنێتەوە، شێخە زۆر بەئاسانی جێگای خۆی لە دڵی هەتاو دەکاتەوە، ئەو کابرایەکی لەسەرخۆ و سەرنجڕاکێش دەبێ، ئەوەی لێی نزیک نەبێتەوە هەرگیز لە مانای دۆستایەتی و ڕاستگۆیی تێناگات، ئەو شەوەی شێخە بەئاواتی خۆی دەگات، گەورەترین مۆتەکە خۆشییەکانی هەتاو دەتاسێنێ، لە سەرەتادا قسەکانیان هیچی لە چرپەی دڵداران کەمتر نابێ، ڕایەخی ژوورەکە بەنەخشی هاواراوی دڵ دێنێتە خۆشەویستی، بەبۆنی بخوردی ژوورەکە ئەندێشەیان مەستانە کات بەرێ دەخا، بەڵام بەهۆی ئەو نهێنییەی کە تەنیا سزا دەیزانی، تەمەنی خۆشیانیان کورت دەبێ، خۆ هەتاویش هیچ شتێک لە خۆی شک نابات، بیری تەنها لە لای سەرنجەکانی شێخە دەبێ وەکو ئەوەی هەمیشە قەدەر لە پەیجۆری تێکدانی خۆشییەکانی بێ و دژایەتی بکات، گومان لە دڵی شێخە دەخوا و چەندین پرسیار لە ناخی گەڵاڵە دەبێت، دەڵێت بەهەتاو: باشە کە تۆ ئیکرامت خۆش دەویست بۆچی بەمن



ڕازی بوویت، ئیدی شەوی کەوتنەکەی هەتاوی بیر دەکەوێتەوە کە چۆن خۆی و ئیکرام لێک زوێر دەبن و دەنگوباسیان لەناو ئۆردووگاکە بڵاو دەبێتەوە، پاشان ئەو شەوە تاکو بەیانی چاوانی ئەو بووک و زاوایە لە خەو دەتۆرێ، هەتاو هیچی لە دەست نایە جگە لە سوێندخواردن بەهەموو جوانییەکانی سروشت، تا بەیانی گریان دەکا بەهاودەم و چاوانی دەبنە گۆمی خوێن.

ئەو لە پاکی خۆی و ئیکرام دڵنیا دەبێ، هەر بۆیە بەشێخە دەڵێت: با بچین بۆ لای پزیشکی پسپۆڕی ئافرەتان، تا بزانی من چەندە بێ تاوانم، بەم شێوەیە هەتاو تووشی کارەسات دەبێت و بەبێ ئەوەی توانای هەبێ هیچ لە خەمەکانی خۆی و شێخە بڕەوێنێتەوە، لەگەڵ ئەو بڕوا بەخۆبوونەی هەتاو و عەشقە شێتانەکەی شێخە ئەو دوو ڕۆحە جگە لە دوو جەستەی قورس و خەمبار چیتر نەبوون، دەمەو چێشتەنگاو لە دەرگای ماڵی شێخە دەدرێ و دەریای گومانی بیرکردنەوەی شێخە دەشڵەقێ، شیرین خان بەپەلە بانگی شێخە دەکات و پێی دەڵێ. شێخە دکتۆر هەڵکەوت دەیەوێ بتبینێ، سیمای هەتاو ئەوەندەی تر پایزی لێ دەڕژێ، لە دڵی خۆیدا دەڵێ بەڵکو هەواڵی سزای بۆ هێنابین، تا شێخە دەچێتە دیوەخان بۆ لای د. هەڵکەوت هەتاو بیر لە دواڕۆژی خۆی دەکاتەوە. پاش چارەگێک شێخە بەپەلە دەگەڕێتەوە دەبینێ هەتاو بەتەمای ڕۆیینە، بەڵام چی بەم جۆرە سیمای شێخە ڕۆشن دەکاتەوە. هەتاو بەبینینی سەرسام دەبێ و چەندین پرسیار لە خۆی دەکات، شێخە بانگی هەتاو دەکات و پێی دەڵێ: کوێوە دەچیت، وەرە مزگێنیم بدەرێ، تومەز هەڵکەوت، ئەو موژدەبەخشەیە کە تا ماوەیەک ژیانی ئەو خێزانە ڕۆشن دەکاتەوە، فرمێسکی شادومانی ڕوخساری شێخە بەسەر دەکاتەوە و دەستی هەتاو ڕادەکێشێ و دەڵێ سزا شەوێک پێش ونبوونی، بەڵگەی پاکی تۆ لەلای د. هەڵکەوت بەجێ دێڵێ. ئەویش نیازی سەفەری دووروودرێژی هەیە. بۆیە لەپێش ڕۆیینی سەردانی ئێرە دەکات تا بنکەکە تەسلیم بکاتەوە، ئەم زەرفەی بەرچاو

دەکەوێت کە سزا دابووی بەدەستیەوە و پێی گوتبوو ئەم ئەمانەتە هەڵگرە تا وەختی دێت. بەبیستنی ئەم قسانە ڕەنگی هەتاو لەو ساتەدا چەندین مەوسیم دەگۆڕێت. شێخە پاش بێدەنگییەکی کورت دەڵێ: خۆ دکتۆر هەڵکەوتیش تا دوێنێ شەو هیچی لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە نەزانیوە، تا ئەو دەمە هەتاو نە لە پەشۆکانی سزا تێگەییبوو نە لە هۆی ونبوونە لە ناکاوەکەی هیچی دەزانی. ئیدی بیری دەچێتەوە لای ئەو سەربانە شوومەی کە پیرۆزترین شتی لێ دەسەنێتەوە بەبێ ئەوەی هەستیش بەخۆی بکات. خۆشییەکان تا لە دایکبوونی مەبەستی بچکۆلە تەمەن دەکەن و دەکوژێنەوە.

***

ساتەکان زۆر بەپەلە لە دایک دەبوون و ڕۆژگاریان دەخولقاند، ڕۆژەکانیش لە ڕۆیشتن بەرەو نادیار نەدەکەوتن، ئەوەی شێخەی لە نزیکەوە بناسیبایە تا دەما هۆگری دەبوو، ڕەفتاری شێخە مایەی سەرنج بوو تا ئەو ڕادەیەی بەئوتومبێلی خۆی نەدەگەڕا و تێکەڵاوی قیژە و هاوار و ڕستەی نیوەچڵی منداڵان و دەنگوباسی دایکە جگەرسووتاو و دەست کورتەکان دەبوو، ئەوانەی کە قاچاغچێتی نەوت و بەنزین و فافۆنیان دەکرد بۆ دابینکردنی بژێوییان کە لە شارە بچکۆلەکەی نزیک بەئۆردووگا مامەڵەیان پێوە دەکرد، ئەو ڕۆژانە لە سەیتەرەکانی دەوڵەت ئاسانکاری بۆ دەکردن، تا ڕۆژێکیان لە یەکێ لەو سەیتەرانە بەشەڕ دێت و دەست لە ئەفسەرێک بەرز دەکاتەوە، کاتێ دەبینێ دوو قوتوو دۆشاوی تەماتە لە منداڵێک داگیر دەکا و زللەیەک لە بناگوێی دەدا، تا دوو ڕۆژ بەندی دەکەن و پاشان لە ڕێگای حوسێن ئاغای ئەفسەرەوە ڕزگاری دەبێ، ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆی متمانەکردنی خەڵکی بەشێخە و زیاتر لەلای منداڵان خۆشەویست دەبێ، ئەم ڕەفتارانەی شێخە پرسیاری زیاتر لە بیری هەتاو دەهەژێنن، خۆ شیرین خانیش خوشکێکی بەئەمەکی ژانەکانی هەتاو دەبێ و هەمیشە لەگەڵ خەمەکانیدا دەژی و دڵنەوایی دەکرد، پرسیارەکانی هەتاو ڕووبارێک بوون



لە بێ دەرەتانی و سەرسامی و دەیوت باشە تۆ شێخەت خۆش دەوێ چۆن خوازبێنی منت بۆ کرد، چاوەکانی شیرین خان سەرچاوەی ڕووباری حەسرەت بوون، خەیاڵی بۆ لای ڕۆژانی ڕابردوو کێشی دەکرد، باسی یەکەم عەشقی شێخەی بۆ کرد کە چۆن ستەمی لێ کرا ڕوومەتەکانی بەپەنجە نیانەکانی دەسڕییەوە و دەیگوت چەندێک مرۆڤ بەئەمەک و ڕاستگۆ بێت کە تامی تفت و تاڵی و زوڵمی کرد دەبێتە پارچەیەک ڕق و تەمەنی لە سەندنەوەی تۆڵە بەسەر دەبات، هەتاویش نەیدەزانی بیر لە خەمەکانی خۆی بکاتەوە یا لەو نهێنییانەی کە سزا دایە دەستی ڕەشەباوە و لە ڕێگاکانا لێی ون بوون، کێ دەڵێ گەمەی ناو تابلۆکە و ڕاوڕاوێنی ئەو و ڕێگا بۆ دۆزینەوەی کلیلی نهێنییەکان نییە، بەنۆرە قسەیان دەکرد و بەنۆرە گوێیان لە یەکتری ڕادەگرت، چەندە سەیرە چۆن دوو ئافرەت کە خێزانی یەک پیاو بن ئەوەندە هۆگری یەکتر دەبن، هەموو جارێ شیرین خان پێڵووی لێک دەنێ وەک ئەوەی وڵاتی نهێنییەکی گەورە بەسەرکاتەوە پاشان چاوانی هەڵدێنێ و سەر دەلەقێنێ و دەڵێ ئەوەی ڕۆیی ناگەڕێتەوە...

***

ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی کە لانکی خەونەکانی منداڵیم بوو و ئاوایی عاشقان و من و دیلانێکەمان و هاوڕێکانی تابلۆکەی دەگرتە خۆ، ئەو دەمانەی گشت مەخلووقێک لە پشووداندایە و جەستەی لە ماندووی ڕۆژگار دەپارێزێ، کۆتایی وەرزی حەسانەوە بوو سەردانی ماڵی پوورم کرد، ئەو ماڵەی کە دراوسێتی ماڵی شێخەیان دەکرد و لە نهێنییەکانی دڵی هەتاو بەئاگا بوون، بریا ئەو سەفەرەم تا قیامەتی تابلۆکە نەکردایە، جارێ مێردکردنی هەتاو سەرسامی کردم، خۆ من هەواڵی هەتاو و سزام لەدوورەوە بیستبوو بەڵام هەرگیز باوەڕم بەو هەواڵانە نەدەکرد، پوورم ڕووداوەکانی بۆ گێڕامەوە، وتی باشە تۆ بەمەسەلەی مەبەستی بچکۆلانەت زانیوە خۆ کتومت دایەتێ سەر ئێکرام، تەمەنی یەک ساڵ و دوو مانگی

ڕێکە، سیمای، چاوەکانی، تەنانەت نیشانەکەی سەر ڕوومەتی ئیکرامیش ها بە ڕوومەتی ڕاستیەوە، لە خۆمەوە هەستامە سەر پێ و بەرەو ماڵی شێخە کەوتمە ڕێ، لە دەرگای حەوشەکەم دا، ئەوەندەم زانی هەتاو هات بەپیرمەوە باوەشی پیا کردم وتێرتێر ماچی کردم، من نەمزانی ئەمە دوا ماڵئاواییە تەنانەت لە تابلۆکەشا ڕۆحی ئەو تاراوگەیە ئاوەدان ناکاتەوە و لێم ناپرسێ، پاشان فرمێسکەکانی سەرسامی کردم، هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە، تا باسی لێکچوونەکەی مەبەست و ئیکرامیش، تا بەچاوی خۆم ئەو منداڵەم نەدی کە بەئاستەم لە ڕۆیشتندا دەلەنگی. بڕوام بەو قسانە نەکرد، لەپڕا هاوارێکم لێ بەرزەوە بوو، ئای هەتاو خۆ ئەوە دەڵێی ئیکرامە کتومت هەموو شتێکی لەو دەچێ، کە هەتاو هەستی بەسەرسوڕمانی من کرد، بەربووە سوێندخواردن و پاکانەکردن بۆ خۆی و ئیکرام، فرمێسکی دەڕشت و دەیوت ئەگەر  شتێکم لە خۆم شک ببردایە هەرگیز مێردم بەهیچ کەسێک نەدەکرد، ئای خودایە بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆشیانیش بەنامۆیی خۆمانەوە خەریک بین و لە تامەزرۆیی تاسەکان سەر سپی کەین، دەبێ چ گوناهێکمان لەژێر سێبەری بەرائەت پێکەوە کردبێ تا بەم جۆرە باجی بەهارە کورتەکان بدەین و ئارامیان بیرچێتەوە. کاتێ هەواڵی شێخەم لێ پرسی، وتی ئەو بەشوێن ئیکراما وێڵە و ڕووی لە دەشت و چیاکان کردووە، منیش بیرێکم کردەوە و وتمە هەتاو. باشە ئەو کە دەستی لە ڕاپێچکردنی خێڵێک بێت چۆن دەتوانێ ڕوو لە دەشتەکان بکات مەگەر تۆ نازانی ئەوێ مۆڵگەی پێشمەرگەی لەخۆبوردووە، ئەی چۆن دەوێرێ جارێکی تر بێتەوە بۆ ئۆردووگا، تا دەهات ڕوخساری هەتاو بەو حەسرەتانە جوانتر دەبووەوە، سەری بائەدا و ئەیوت کەس وەکو من لە شێخە تێ نەگەییوە، مەگەر هەڵەیەک یا نهێنییەک لەم مەسەلانەدا هەبێ، هەتاو ژان دەیگرت و دەستی خستبۆوە سەر دڵی و دەیگوت تۆ دەزانیت ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەداتەوە سەر ئیکرام، منیش سەرم لەم نهێنییە سوڕ مابوو خۆ هەموومان زۆر بەباشی هەتاومان دەناسی. ئیدی چاوەکانم پڕ بوون و



تووڕەیی لە ڕووم دەباری، کاتێ بەقیژەیەک هەتاوم بێدەنگ کرد وتم، بەسە ئیتر هەرگیز بەرگەی ئەم چیرۆکانەت ناگرم... ئەوەی گومانی لا کردمە یەقینێکی تاڵ، ئەو منداڵەش وەکو ئیکرام لە ڕۆیشتندا بەئاستەم دەلەنگی. هەرکەسێک بیانبینێ و نەزانێ سوێند دەخوا کە باوک و کوڕن، هەتاو بەهەناسەی ساردی حەسرەتەوە ژیانێکی خاپووری بەرپا دەکرد وەکو عەشقە ئەزەلێکەی من نغرۆ بوو، لە ناکاو تووڕەیی دایگرت ئاخر هیچ لە خۆم شک نابەم، ناشێ تۆش بڕوام پێ نەکەیت، لەو کاتەدا شیرین خان هاتە ژوورەوە دەستی لە ملم کرد و خێرهاتنی کردم وەک خوشکێکی دونیادیدە ڕووی کردە هەتاو و پێی گوت: ئیتر بەسە وا چاوەکانت لە ڕۆشنایی دەکەون خۆ کەس لە پاکی تۆ و ئیکرام نەگەییبێ ئەوە من ئاگام لە هەموو شتێکە، بەخوا شێخەشم تێگەیاندووە چونکە دواجار من و تۆ پێکەوە ئیکرامان بینی و هەرپێکەوەش دانیشتین و پاشان ئەو شەو بەجێی هێشتین، من تۆ و پوورە پیرۆز پێکەوە خەوتین، خۆ من ئەمەم بەشێخەش وتووە نازانم بۆ ڕوی لەو کەژانە کردووە و شەیتان بەکێشی دەکات، تا ئەو کاتەی من بەجێم هێشتن شیرین خان هەر دڵنەوایی هەتاوی دەکرد...

***

ئەو ئێوارەیەی شێخە لە شاخ گەڕایەوە خەمێکی گەورەی بەکۆڵەوە بوو، دەتوت باوکێکی ڕۆڵە مردووە و دونیا گۆڕەوشاری دەدا و جگە لە مەرگ هیچ مەحشەرێکی نەبێ تیایدا کۆڕی خەم بگێڕێ، تومەز ئیکرام لە پاش شووکردنی هەتاوەوە دەکەوێتە شاخەکان و بەشوێن سزادا دەگەڕێ و هەر بەئومێدی دۆزینەوەی شەوێک پێش سەردانەکەی شێخە دەکەوێتە کەمینی سەربازە خوێنمژەکان و بەسەللییەیەک لەناوی دەبەن، خۆ برینەکەی لە ڕۆحی بێهۆشی من بەسوێتر دەبێ، ئەو چەند چرکەیەی پێش مەرگی لەناو خەیاڵە تەریوەکانی منداڵیدا شەلاڵی سەبووری دەبێ، سەرنجی وەکو پەپوولە لەو دەشتە دەخاتە گڕ، چون ئەو پەپوولانەی کە لە ژاکاندا دەمانگرتن و منداڵیمانی گەورە دەکرد، دەبێ لێکچوونی نێوان مەبەست و

ئیکرامیش قەدەرێکی تازە نەبێ بۆ تێکدانی خۆشیەکانی ڕووی هەتاو، ئێستا فڕینی ئەو ڕۆحە پاکەی کردۆتە بیانوو بۆ هەڵڕشاندنی زستانێک لە ئاهە ساردەکانی، خۆ دەمێ بوو تاسەی کۆنە ئازیزان ولاتێ هێلانەی لە کاسەسەرما چێ کردبوو هەموو شتێک تامی لە پەشیمانی دەچوو، سیمای پاڵەوانە خەیاڵیەکانی ڕامانی پێوە بوو، بۆنی سەردەمی هاوڕێی پاک و ڕاستگۆیی لێ نەدەهات وەکو تاراوگەکانی من بێ پەنا بوون، ئەو دوو سێ ڕۆژە کە لەو مەنجەنیقی سەرسامییەدا مامەوە شێخە پیاوانی ئۆردووگای ڕاسپاردبوو کە تەرمی ئیکرام بۆ دێیەکەی خۆیان ببەنەوە. باشترین پرسەی بۆ ئەو و سزا گێڕا، ئەوەی کە لە خەیاڵی کەسدا نەبوو دۆزینەوەی جومجومە و هەندێ ئێسقانی سزا و ملوانکەکەی بوو کە وێنەیەکی ڕێگایە و لە جام گیراوە و تاکێ لە گوارە ئاڵتونیەکانی لە ژێر ئەو درەختەی کە ناوی هەردووکیانی لەسەر هەڵکەنرابوو، ئیکرام بۆ هەواڵی سزا پەرێشان بوو پاش مەرگیشی هەر ئەو بووە ڕێ نیشاندەری دۆزینەوەی...

***

شێخە کۆنە ئاشنایەکی دەبێت لە شارە گراوێکەی من نیشتەجێیە، بەڵام خۆ پەیوەندییەکی برایانەی پتەو دەیانبەستێ بەیەکەوە. ئەو لە ئاوابوونی هەتاوی یەکەمەوە حوسێن ئاغای ئەفسەر دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکات، ئەو دەمەی شێخە لە دەستی ستەمی کەسوکاری هەتاو ڕوو دەکاتە ئەو و لە زۆربەی کارەکانیدا پشت بەئەمەک و دڵسۆزی ئەو کابرایە دەبەستێ، ماوەیەک لەو شارەدا نیشتەجێ دەبێت، هەموو ڕۆژێ ڕەوە قەقنەسێکانی سەرنجم دەکەونە سەمای ئاسۆیەکی دڵ گەورە و بۆ خوای ئەو مەفتەنە بێ ناسنامەیەی من دەگەڕێن تا پەیامی نزا وەریوەکانی لێوانم بدەنە گوێی بانگی منارەی شاری نامۆیان، تاوێکی چاک لە خۆم دەچم تا ترپەی هەنگاوەکانی غەدر بەئاگام دێنێتەوە، زایەڵەی سەدان هەتاو و ڕێگا و سزا و ئیکرام ئارەزووی بیستنم دەکات، ئیدی پاش مەرگی ئیکرام، شێخە هەر بەگومانەوە دەتلێتەوە، بەڵام خۆ بەرانبەر بەهەتاو و مەبەست هەرگیز



کەمتەرخەمی ناکات، ئەوەی کە لە دڵیدایە دەری نابڕێت، ئەو ڕۆژەی تەمەنی مەبەست دەبێتە دوو ساڵی ڕێک، شێخە لە شار دەگەڕێتەوە، لە یەکێ لە سەیتەرەکانی دەوڵەت دەڕوانێ مەتارە نەوتی یەکێ لە منداڵە قاچاغچیەکان دەڕژێنن و سووکایەتی پێ دەکەن، شێخە دەکەوێتە نێوانیان و پەلاماری سەربازەکە دەدا و یەخەی بەدلەکەی دەگرێ بەهەموو توانایەوە ڕایدەوەشێنێ و فڕێی دەداتە سەر ئەرز، زوڵم و زۆری سەیتەرەکان و پیاوانی دەوڵەت لە ڕادەبەدەر دەبێ و مامەڵەیان زۆر توندوتیژ دەبێ، بۆ ماوەی مانگێک شێخە دەسبەسەر دەکەن، ئەو ماوەیە ئیشوکاری شیرین خان و هەتاو هەر گریان دەبێ، تا ڕۆژێکیان شیرین خان بیر لەوە دەکاتەوە بچێتە شار، تەنبێی هەتاو دەکات کە لای کەس ئەم نهێنییە نەدرکێنێ، چێشتەنگاوێکی درەنگ شیرین خان خۆی دەکاتە یەکێ لە کۆڵانە دڵگەرمەکانی مەستی بێ نازی، لە منداڵێک دەپرسێ کامە ماڵی کاک حوسێن ئاغایە منداڵەکە ئاماژە بۆ دەرگایەکی دوو دەری ڕەش دەکات، بەو ڕەنگە ڕەشەی زۆر دڵگیر دەبێت، لەبەر خۆیەوە دەڵێت ئای خوایە گیان دەبێ نهێنی ئەم دەرگایە پەردە لەسەر تەرمی کام زەمەنە هەڵداتەوە بەئەسپایی لە دەرگای ماڵەکە دەدات، کە بینی ژنێکی پیری باڵابەرز دەرگاکەی لێ کردەوە هەر ئەوەندەی چاوی بەشیرین خان کەوت بەپشتا گەڕایەوە بەچمکی کراسە گوڵ گوڵیە ڕەشەکەی کە بەئاستەم نیتکی سپی تیا بوو دەمی خۆی داپۆشی وتی کەس لە ماڵێ نییە، شیرین خانیشدوو ئەوەندەی ئەو دەشڵەژێ و خۆی بەپێوە ڕاناگرێ، هەر لەبەر دەرگای حەوشەکە دائەنیشێ پشت ئەداتە تاکێ لە دەرگاکەوە و دەڵێ باشە پوورە ڕەعنا تۆ لێرە چی ئەکەی؟ پوورە ڕەعنا بەدەم هەنیسک هەڵدان و گریانەوە بەردەبێتە پاڕانەوە و دەڵێ: مەردی خوابە با کەس نەزانی لێرانەم ، خۆ تازە من کەسم نەما تا بگەڕێمەوە بۆ لای، لەو قسانە دەبن حوسێن ئاغا و خێزانەکەی لە بازاڕەوە دێنەوە، خێراتنی گەرموگوڕی شیرین خان دەکەن و دەڵێن ئەی بۆ نایەیتە ژوورەوە، چما تۆ پوورە ڕەعنا ناناسیتەوە، تکایە با

کەس نەزانێ کە لێرەیە دوایی شێخە چاوی بەدەرێ ناکەوێ و هیچ خەم مەخۆ من ڕۆژانە شێخە دەبینم و ئاگام لێیەتی. بەپشتی خوای گەورە ئەمڕۆ سبەینێ بەردەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ لاتان ، بەڵام کە هەر بوو من دەیهێنمەوە بۆ ماڵی خۆمان زۆر پێویستە چاوی بەپوورە ڕەعنا بکەوێت و بزانێت لێرانەیە. خۆ لەو ڕۆژەوەی تەسلیمی دەستی ئێمەی کردووە نەیزانیوە لە ماڵی ئێمەیە. پاشان زەردەخەنەیەکی کرد و سمێڵە ماش و برنجییەکەی ئەوەندەی تر نەخشاند و وتی تاکو دوێنێ نەمزانیبوو شێخە ژنێکی دی هێناوە. چاوە حەسرەتاویەکانی شیرین خان وڵاتێکی پڕ لە بریسکەیان بەرپا دەکرد کە دەیوت، باشە تۆ زانیوتە کێی مارە کردووە، کەنیشکی ئەم پوورە ڕەعنایەم بۆی خواستووە و کوڕێکیشیان هەیە. بەبیستنی ئەو ڕستەیە پوورە ڕەعنا پێش چاوی ڕەش دەبێت و دەکەوێتە سەر ئەرز، خێزانەکەی حوسێن ئاغا پەرداخە ئاوێک دێنێ و دەموچاوی پوورە ڕەعنا تەڕ دەکەن و دەیهێننەوە سەر خۆی تا ماوەیەک توانای قسەکردنی نامێنێ و باوەڕ بەو قسانە ناکات، پاشان دەڵێت: باشە تۆ دەڵێی هەتاو ماوە و مێردی بەشێخە کردووە؟ شیرین خان دەست دەخاتە سەر شانی و پێدەکەنێ و دەڵێ بەپشتی خواوە بەم زووانە دەیبینی. حوسێن ئاغای ئەفسەر چوارشانەیەکی باڵا مامناوەندییە سیمای ویقاری لێ دەباری هەمیشە دڵسۆزی خەڵکی ئازادیخواز و کەم دەست دەبێ تا ئەو کاتەش پەیوەندی بەهاوڕێکانی شاخەوە دەبێت، خۆ ئیکرامیش هەر لە ڕێگای ئەوەوە خەباتی دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی شیرین خان وەک فریشتەی ناوادە لە دەرگای ئەو ماڵەی نەدا کەس لە نهێنی کارکردنی شێخە لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت تێ نەگەیبوو. ئەوان هەموو بەچاوی سووک تەماشای ئەو کابرا دڵشکاوەیان دەکرد. تا ئەو ساتە پوورە ڕەعنا نەیدەزانی ئەمەکی شێخە ئەو و چەندینی تری لە ئەنفالەکە جیا کردۆتەوە، خۆ تا ئەو دەمەش بەنهێنی مەبەستی بچکۆلانە و کوژرانی ئیکرامی نەزانیبوو، ئەو ڕۆژە کە شیرین دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان زیاتر لە بتێکی جوانی تاساو دەچێت



کە ترس لە چاوانیدا مەیبێ، سیمای لە تابلۆ مەرگاویەکەی من جیا ناکرێتەوە، ڕوانینی لە تەماشای شەوە یەڵداکەی من درێژترە. دیمەنی خەزاناوی ڕوخساری لە بێبەشی بەهارە تەمەن کورتەکەم دەچێت، کە خۆی ئەکات بەژوورا لە جەستەیەکی نیوە مردوو دەچێت، هەتاو بەخێرایی بەپیریەوە دەچێت بەخێرهاتنی دەکات پاشان جامێ ئاوی بۆ دەهێنێ، بەدیتنی ئەم دیمەنە هەتاو دەپەشۆکێ و هەواڵی شێخەی لێ دەپرسێت. ئەویش چاوەکانی وەک جامە ئاوە ڕۆشنەکەی دەستی هەتاو دەبنە ئاوێنەی پرسیارەکانی زەمەن و سەر دەلەقێنی. دەستی هەتاو ڕادەکێشێت و دەڵێ قسەیەکت بۆ ئەکەم بیکە بەخاتری پیاوچاکان بەکەسی نەیێژێ دوایی شێخەمان لەدەست ئەچێ، لەو کاتە مەبەست هەر یەخەی دایکی دەگرێت و داوای شیری لێ دەکات، هەتاو تووڕەیی و شپرزەیی لە سیمای دەبارێ و دەڵێ: ئێ دە قسە بکە شێخە چی بەسەر هاتووە، شیرین خان سەردەلەقێنێ و دەڵێت مەسەلەکە شێخە نییە بەڵکو پوورە ڕەعنایە، ڕەعنای دایکت. هەتاو جەستەی وەکو شۆڕەبی دەلەرزێ، مەبەستیش لە باوەشیا خەوی لێ کەوتبوو و دەستی بەخۆ لێ وازێکانیوە بوو، دەڵێت چییە ئەوە تۆ شێت بوویتە دایکمی چی، چما دایکم و ڕێگا و باوکم و چەندینی تریش بەدەستی خۆفرۆشانی ئاواییەوە سەرگوم نەکران، تا ئەو دەمە هەتاو بەم شێوەیە تووڕەیی نەیپەشۆکاندبوو، شیرین خان وتی نا تۆ زۆر بەهەڵە چوویتە، تا ئەمڕۆکەش من هەر وا تێ گەیشتبووم. بەڵام کە چوومە شار ئەو جا ڕاستییەکانم بۆ ئاشکرا بوو، ئێستا زانیم چۆن شێخە توانی بچێتە شاخ و بەشوێن ئیکراما بگەڕێ و پرسەی بۆ دابنێ، ئەو دڵسۆزی خەڵکی ستەمدیدەیە، تا توانیوێتی خەڵکی دەرباز کردووە، بەسەرهاتەکەی دایکی بۆ دەگێڕێتەوە. لەودەمەوە مەیلی هەتاو تازە دەبێتەوە و فرمێسکی خۆشی و ناخۆشییەکانی تێکەڵ دەبێت.

پوورە ڕەعناش لەوکاتەوەی ڕاستی ژیانی شێخەی بۆ دەرئەکەوێ هەنسکی پەشیمانی هەڵئەدا و بۆ ساتێ دڵە پیرەکەی ژیر نابێتەوە، دەڵێی

منداڵێکه و ورک له ڕەنگه هەمیشه گۆڕاوەکانی زەمەن دەگرێ، ئەو ڕۆژەی شێخه بەردەبێت خۆی و حوسێن ئاغای ئەفسەر پیلانی بۆ دەکێشن که پاش سێ ڕۆژی تر بگەڕێتەوه بۆ ئۆردووگا، چیرۆکی خۆی له گەڕانەوەی هەندێ له ئەنفالەکانەوه بگێڕێتەوه گوایه له نەخۆشخانه بووه و که دەریش چووه له ماڵی خزمێکی خۆیان ماوەتەوه لەبەر ئەوەی وای زانیوه هەتاویش بەر لافاوی بەهاره بێ دەرەتانەکه کەوتووه و هیچی نەماوه تا بگەڕێتەوه بۆ لای هەر بەڕاستیش پووره ڕەعنا نەیدەزانی هەتاو له ئاوایی ماوەتەوه و دەرباز بووه.

***

هەر بۆ ئێوارەی پاشتر شێخه دەگاتەوه ماڵی خۆیان، هاوارێکی فره تووره له هەتاوەوه دەخولقێ. ناخی زەردەپەڕی گەردوون دەهەژێنێ، دەبێ ئەم دوایین دەنگی حەق بێت و لوغزی ژیانی هەتاو و شێخه بکاتەوه و بەختەوەری بکاته داڵدەیان خۆ لێکچوونی مەبەست و ئیکرام زۆر له ڕەوشتی شێخەی بەرانبەر بەهەتاو گۆڕیبوو، ئەو تەواو دڵی ئێشابوو و چاوی بەرایی نەئەدا تەماشای هەتاو بکات. پاش دوو ڕۆژ له گەڕانەوەی شێخه پووره ڕەعنا پێی غەریبی دەنێته ناو ئۆردووگاکه و له ماڵی شێخه دەگەڕێ، خەڵکی ئاوایی هەر کەسەو بەشێوەیەک خەم بەشی خۆی له ڕوخساریان دەخوات، ڕۆژێک بوو هەموو شتێک له سوباتدا بوو، پووره ڕەعنا دەگاته پێش دەرگایەک بەمەبەست ماڵەکه دەناسێتەوه، لەبەر خۆیەوه هەر دەڵێت ئای خودایه ئەمه چییه، خۆ کتومت دەڵێی ئیکرامه و یەک تۆزقاڵ لای نەداوه، باوەش دەکاته مەبەست و بەسینگیەوه دەینووسێنێ، لەوکاته مناڵێک دێته پێشەوه و دەڵێ پوورێ بۆ ماڵی کێ دەگەڕێی ئەمه، کوڕی مام شێخەیه، پووره ڕەعنا دەستی مەبەست دەگرێ دەیەوێ له دەرگای حەوشەکەیان بدات، گوێی له غەڵبەغەڵبی ژن و دەنگوباسی منداڵان دەبێت خۆی دەگەیێنێته ناو حەوشەکه، که هەواڵی مەرگی هەتاو دەبیستێ دەکەوێته سەر ئەرز و لەخۆی دەچێ، شیرین خان بەپرتاو دەگاته



سەر سەری و ژنان لێی کۆدەبنەوه و هەندێ ئاو دەپرژێننه سەر دەموچاوی، که دێتەوه سەرخۆی و ئەوەنده شیوەن دەکات و لەخۆی دەدا، قژه سپییەکەی بەدەم پەنجەکانیەوه با دەبیات، نینۆکەکانی دەڵێی هونەرمەندێکی شێوەکاران و زانایانه، هێڵه رووشاوەکانی ڕوومەتی چرچ و لۆچی دەکێشن، شیرین خان دەستی دەگرێت و دڵنەوایی دەکات، تومەز هەر ئەو ئێوارەیەی که شێخه له شار دێتەوه، هەتاو کوڕێکی تری دەبێت، له هەمووی ناخۆشتر بابلێین ئیکرامێکی بچکۆلانەی تر دەبێته برای مەبەست که هەتاو نیشانەکەی سەر ڕوومەتی دەبینێ زاڵەتەرەک دەبێت و هاوارێکی گەوره له مەملەکەته بێ هاناکەی ویژدایەوه دەرئەچێت و بەهاری خۆشیەکانی دەتاسێنێ. هەرکه شێخه دەبینێ، چاوەکانی دەبڕێته چاوەکانی و دەستەکانی توند ئەگوشێ وەکو ئەوەی لەترسا پەنای بۆ ببات و سوێندی پاکی و ئەمەکی بۆ بخوات، ئەو شەوه تا دەمەو بەیان شێخه فرمێسکی بۆ دەڕێژێت و دونیای هەردوو دەستەکانی ماچ باران دەکا و دەڕوانێته ئەو مەلۆتکەیەی که پاش ڕۆیینی ئیکرام خولقاوه هەر بەو شەوه سەری دەبێته مەملەکەتی پیران و دەڵێی پرووشه بەفر زستانێکی سەختی له کاسه سەری ساز کردووه، دەمەو بەیان کاتێ هەتاو بۆ دوا جار چاو دەتروکێنێ، شێخه ڕادەکێشێت و تێر هەناسەی یەکتری هەڵئەمژن تا دەستەکانی لەناو دەستی شێخەدا سارد دەبێتەوه و لێوەکانی چون کڵۆ بەفری زستانان لێوی شێخه دەتەزێنن و بۆ دوا جار بەدەستەکانی ئەو چاوه سیحراوییانه لێک دەنێت...

ئا ئەوه بوو مەرگی جوانیەکانی خۆشی، لەکاتێکدا ئازارەکانمان بیردەچێتەوه و بەختەوەری دەکەینه پێکه مەستەکانی ڕۆح و جەسته و ژان و خیانەتی ڕۆژگارمان بیر دەچێتەوه، ئەو هەواڵەی له پاش شەش مانگ له سەفەره خەماوێکەم بەمن گەیشت دونیایەکی تری پێم ئاشنا کرد، دونیای مەئیووسی و دابڕان، ئا ئەمه بوو بەشی دووەمی دراماکەی پاش ئەنفال و منداڵیمان خۆ دەبوایه ئەو ڕۆژه بمزانیبیایه که ڕەیحانه وشکەوبۆکەی تویی کتێبەکەم ورد و خاش بوو، ئەو کاتەی گوریسی جۆلانەکەم لێ پچڕا

هەرچەندە بانگی هاوڕێ ونبوکانم دەکرد و خۆیان لێ تێ نەدەگەیاندم بەڵام ڕاستی سوودی چییە کە درەنگانێ ئاشکرا بێت و خاوەنەکەی لە بوونا نەبێت و کەس شک نەبەیت تا برینەکانی لە حەسرەت پاک کەیتەوە...

***

پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر مەرگی هەتاو، ئێوارەیەک پوورە ڕەعنا و شیرین دەکەونە باسی خۆیان، شێخەش لەگەڵ مەبەستا گەمە دەکات و مەتەڵی بۆ دەگێڕێتەوە، شیرین خان ئەلبومی وێنەکانی خۆیان دێنێ و پیشانی پوورە ڕەعنای دەدات. ئەو هەمیشە منداڵەکانی هەتاوی لەوانەی خۆی جیا نەدەکردەوە، لە ناکاودا پوورە ڕەعنا قیژەی لێ بەرز دەبێتەوە بەهەردوو دەست دەکێشێتە سەر ڕانی خۆی و ڕوومەتی دەڕنێتەوە و دەڵێ: وەی ڕۆ، ئێوە ئەم وێنەیەتان لە کوێ بوو، شێخە وەک شێت ڕادەپەڕێ و دێتە تەنیشت پوورە ڕەعنا و سەیرێکی وێنەکە دەکا و ئەلبومەکە ڕادەکێشێ و دەڵێ چیتە بۆ وا دەقیژێنی، تۆ هەتاوی یەکەم لەکوێوە دەناسیت. ئەوە هەتاوی من بوو وا بیست ساڵی ڕەبەقە لەمنیان سەندۆتەوە و جوانەمەرگ بوو، فرمێسکەکانی پوورە ڕەعنا لێزمە بارانی پایزی ڕەنگ زەرد بوون، بەپشتی دەست فرمێسکەکانی دەسڕییەوە و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە لەپاش مەرگی دایکم، تەمەنم دە ساڵ بوو باوکم ژنێکی تری هێنا لەپاش ساڵێک باوەژنم هەتاوی هێنایە دونیاوە و خۆی تا ئەبەد بەجێی هێلا، ئەو دەمانە هەرەتی شۆڕش بوو باوکم ئاوایی خۆمانی بەجێ هێشتبوون، هەتاو تەمەنی بوو بەنۆ ساڵ بەبەختەوەری گۆشی دەکردین و ژیان تامی غەریبی لێ نەدەهات، بەڵام قەدەر دەستێکی باڵای هەبوو لە تێکدانی خۆشیەکانمان، ئەو زەردەپەڕەی کە باوکم بۆ هەتایە چاوی لێک نا ئاسوودەیی بەجێی هێشتن ئیدی خاڵۆانی هەتاو دەکەونە پەیجۆری و ماڵی ئێمە دەدۆزنەوە بیرمە ئەو ڕۆژەی خاڵۆانی هاتن بەشوێنیا ئەوەندە گریا مەگەر چاوەکانی هەتاوی کچم ئەوەندە حەسرەتاوی بن، پاشان منیش مێردم بەکوێخا شەریف کرد، ئەو لەگەڵ قادری مامم



کاری قاچاغچێتی شتومەکی دەکرد، بەم شێوەیە منیش گەڕامەوە بۆ کوردستانی خۆمان و لە شارێکدا نیشتەجێ بووم، ماوەی سێ ساڵی ڕێک هیچ هەواڵێکی هەتاوی خوشکمم نەزانی. تا ڕۆژێکیان کابرایەک هات و لە دەرگای ماڵەکەمانی دا، کە دەرگام لێ کردنەوە ڕوانیم ئافرەتێکیشی لەگەڵدایە. هەرچەندە لێی وردبوومەوە نەمناسیەوە، جا بەقوربان ئەوەندەم زانی ئافرەتەکە ڕوخساری لە سینگمدا نوقم کرد ئەوجا زانیم ئەمە هەتاوی خوشکمە دوای خێراتن و خۆشهاتن، دوو پەرداخ ئاوم بۆ هێنان، پیاوەکە بەربووە گێڕانەوەی بەسەرهاتی هەتاو: کە چۆن ژن بەژنیان پێ کرد و تەنها سێ مانگ لەماڵی مێرد بووە. پاشان خاڵی هەتاو جوانەمەرگ دەبێت، ڕۆژێک هەردوو خاڵەکەی تری نەشمیلی برازای شێخە دێننەوە و بەزەبری تفەنگ هەتاو لە مێردەکەی دەسەننەوە ئەوەشی بۆ گێڕامەوە کە چۆن ڕوودەکاتە شار بۆ سەندنەوەی تۆڵەی خۆی، پاشان وتی ئێستا خاڵوانی هەتاو ڕوویان لە چیا کردووە بۆیە دەبێ هەتاو بۆتۆ بەجێ بێڵن، لەو ڕۆژەوە من هاوبەشی غەمەکانی بووم، تا ڕۆژێکیان لە هەتاوم بیست کە سکی هەیە، بەبیستنی ئەم ڕستەیە دونیا لە پێش چاوی شێخە ڕەش بوو، پوور ڕەعناش جار ناجار گفتوگۆکەی بەهۆرەیەکی جەرگبڕ دەپچڕی و چیرۆکی هەتاوی یەکەم و دووەمی پێکەوە گرێ دەدایەوە، ئەوجا دەهاتەوە سەر باسەکە و دەیوت، کەس نەیدەزانی هەتاو دووگیانە خۆی نەبێ ئەویش کە لە ماڵی ئێمە مایەوە ئەوجا هەستی بەخۆی کرد منیش تازە هەتاوی کچم کەوتبۆ سک، ئێستاش بیرمە ڕۆژێکیان هەتاوی خوشکم بینی سوتووی جگەرەکەم دەخوارد، لێی کردم بەهەرایەک نەبێتەوە: ئەوە تۆ بۆ ئەوە دەخۆیت تا تێم گەیاند قیر سپی بوو، پوورە ڕەعنا کە ئەمەی دەوت زەردەخەنە و فرمێسکی دەخواردەوە، لە پاش هەشت مانگ ئیکرام هاتە دونیاوە بەڵام بەداخەوە هەتاو پاش ئەو شەوە بۆ هەتا هەتایە بەجێی دێڵی، دوو هەفتەی بەسەر نەچوو منیش هەتاوی دووەمم بوو ئەوە بوو بارودۆخی شار بەرەو خراپی دەچوو، شەریفی مێردم پارچە زەوییەکی لە ئاواییەکەی

خۆمان هەبوو، لە دەستی زوڵم و زۆری دەسەڵات ڕوومان کردە ئەوێ و تیایدا نیشتەجێ بووین بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی مێردی هەتاوەوە بزانین. ئەو دەمەی ئێمە هاتینەوە تۆ لە شار خەباتی ژێر زەمینیت دەکرد بەڵام خۆ شتێکی تریش هەیە مێردی هەتاو ناوی شێخە نەبوو بەڵکو بەسەفەر، بانگیان دەکرد جگە لە نیگای وێڵ مامە شێخە هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو جگەلەوەی هۆن هۆن فرمێسک زستانی چەرمووی ڕوخساری باراناوی دەکرد، ئێستا پیرێکی دڵ ناسکە و بەرگەی ئەم ڕاستییانە ناگرێ، وێنەکەی هەتاوی دەرهێنا و پرسەی هەموو ڕابردووی بەسەرا گێڕا...

لەو ئێوارەیەوە شێخە بووە بەیەکێک لە شێتەکانی تەریقەتی عەشق. هەرکە سپێدە ڕەنگی تاریکی دەشێوێنێ مامە شێخە بەپێی خاوس شەقامە قوڕاوێکانی بێ دەربەستی دەپێوێ و ماندوو نابێت هەر دەڕوات و بەدەم ڕێوە گۆرانی هەتاوەکانی ئەداتە گوێی خۆری مەزن و دڵی گەردوونی پێ مات دەکات، مەبەست و ئێکرامیش یاری بەخۆڵی ئەو زەمەنە دەکەن تادێت و دێت پەپوولە غوبارێکانی عەشق لە چاوی باوکیان دەڕوێننەوە و فێرە مەستی گریان و سەفەری دەکەن.

***

من لە ناو دونیای تابلۆکەش بۆ نیگا وێڵەکانی شێخە دەگەڕام، دەمویست دوا هەواڵەکانی ڕۆژگار بەئێکرام و هەتاو ڕابگەیێنم گەلێ جێگای داخە کە نەمتوانی، خۆ هەتاو بەیەکجارەکی ئاوا بووە و تۆرانی بیر ناچێتەوە لە ناکاوێک ئێکرام هەرمێیەکی بۆ وەشاندم بەئاگای هێنامەوە ویستم هەواڵی مەبەست و ئێکرامی بچکۆلانەی پێ ڕاگەیێنم پشتی تێ کردم میوەکانیش هەر لە زۆربوونا بوون ئێکرام بەلاسکی درەختێک دەسکێکی سەوزی بۆ شەبقە سپییەکەی دروست کرد تا بتوانم بەئاسانی هەڵی بگرم هەر دەڕۆیی و دەڕۆییم، شەقم لە میوە هەڵئەدا خۆ سزا و ڕێگا میوەبارانیان کردم. دەتوت شەیتانی ئەو مەملەکەتەم و بەمیوە ڕەجم دەکەن، ئێکرامیش دەچەمایەوە و زۆر بەپەلە هەرمێکانی بەردەم پێمی



دەچنییەوە خۆ من تارایەکی سپیم بەسەر ڕووەوە بوو. نەخشەکانی وەک نەخشی باڵی ئەو پەپوولانە بوون کە بەسەر سەرمەوە تەراویحیان دەکرد، گوڵە بۆندار و بێ بۆنەکانی بەپرچمەوە قایم دەکرد تەوقی سەرم هەموو گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بوو تا هێلانەیەکی جوانی لە تەوقی سەرم دروست کرد. پاشان دەستەکانی ئێکرام کەوتنە بالییەیەکی سەیر من نازانم سەمای مەرگ بوو یاخود ژانی ماڵئاوایی فریوی دا. پاش ئەو مەستبوونە شێتانەیە دەستەکانی بەرەو ئاسمانی بڵند کردەوە لە پڕێکا پۆل پۆل پەپوولەی سپی و زەرد و خۆڵەمێشی لەناو دەستەکانییەوە سەریان هەڵئەدا ئەو گوڵانەی پرچمیان کردە هێلانە دەڕۆیشتم و ئەو هێلانەیە وەکو تاجی شای مەملەکەتی نامۆیان بەسەرمەوە بوو، لەپڕێکا پێم لە کێڵی منداڵێکی بەجێماوی ئەنفالەکە هەڵکەوت یەک تۆزێ لەولاترەوە پێم بە دوو هێلکە قەتێ کەوت، کە دەستم بۆ بردن دەترووکان بەچکە قەتێکان چوونە ناو لەپمەوە، زۆر شتێکی سەیرم بینی چۆن وەها بەخێرایی پەڕیان دەکرد. هەتا لەو بیرکردنەوەیە بووم بەچکە قەتێکان گەورەبوون و پەڕ و باڵیان دەرکرد، بەخێرایی هەڵفڕینە ناو هێلانە گوڵینەکە سەرمەوە ئای چەند سەیرە، خۆ ئەوەندە بەزوویی ئاشنای پەپوولەکان بوون تا ئەو شتانەم بەچاو دی دەستەکانیشم بوون بەگوڵ، گوڵی جۆراوجۆر لە گوڵە نازناز و مینا و گوڵاڵە سوورە، خۆ سینگم هەر باسی لێوە ناکرێ دەتوت وڵاتی نێرگزەجاڕە و لە ئەزەلەوە ڕەگی لە دڵما کوتاوە لە سینگیشم بەخوارەوە نێڵەنێڵێکی سەیر هەڵدەستا. دەتوت نیوەی باوەگوڕگوڕ بەجەستەی وێڵی منەوە بەجێ ماوە، لە هەمووی سەیرتر ئەو نێڵەنێڵە لەجیاتی ئاگری شین پارچەیەک نووری برووسکە ڕەنگ بوو. گوڵەکانی لە سینگم بەرەو ژووری جوانتر دەکرد، ڕەونەق و بۆنی بەهارییانەی پێ ئەبەخشی، ئێستا جەستەم بۆتە گوڵدان ئەو بەهارە وەنەوشەییە و ئەو بڵێسە بەڕەونەقە بەناو دارستانەکە گێژ ئەدەن، ئەها ئەوە پەروانەکان چۆن بەدەورما دەخولێنەوە، خۆ هەر ساتە و وەرزێک ئەو مەملەکەتەی ئاوەدان دەکردەوە، دەمێ هەورە برووسکە بەئاگای دەهێنامەوە و دەمێ باڵەفڕەی پەروانەکان لە گەرمای هاوین

فێنکیان دەکردمەوە، وەرزێکی تر بەهارییانە سێبەرەکان دەیانبردم تەنها خەزانم بەچاو نەبینی و هەڵنەوەریم. ئای کە سەیرە ئا ئەوە یەکەم جارمە کە هەڵنەوەرم. ئێستا بوومەتە ئەو شارەی نیوەی سەرەوەم بەهارە و تا دێ جوانتر دەبمەوە، ئەو درەختە چوار وەرزییەی سزام کە میوەی هەمەوەر لە بەرچنەکەی دەستما جێی دەبێتەوە، ئەو بووکە ڕازاوەیەم کە دەستی هیچ ناکامێکم پێ ناگات. هەموو کوڕە جوانەکانم هێنایەوە پێش چاوی خۆم، ئای خودایە دەبێ چیم ون کردبێ، سەر لێشێواوانە بەدەوری خۆمدا دەسووڕامەوە، ئای خۆ ئەوە دەربەستم لێ ون بووە لەناکاوا، دەستەکانی ئیکرام بەئاگایان هێنامەوە. کە دەیویست دوو مۆم بەدەستەکانمەوە قایم کات، ئەی هاوار خۆ هەموو هاوڕێکانی ئێرەم ئاخافتنیان بیر چۆتەوە، نازانم بۆ دەربەست بەتەنها جێی هێشتووم، ئەم گێژەنە کوێوەم دەبات، ئێستا هەموو جەستەم گەڵای سەوزە، ڕۆحیشم بۆتە باڵندە و بەسەر هێلانەکەی سەرما ڕێگای کۆنە هەوارانم نیشان ئەدا، ئا ئەوەتا ئیکرام بوو بەپێشەنگی ئەم جەستە سێ وەرزییەم، منیش مەشخەڵێکم لە ژان بەشوێنیا مل دەنێم، دەبێ چی لەم بێدەنگییە کوشندەتر بێت. بۆ دەبێ هەموو شتێکی ئەم گەردوونە بێدەربەستانە گوڵەکانی ئاسوودەییم بژاکێنێ، وەک بێدەنگیەکەی دەربەست سەرقاڵ بووم، خۆ بیرمە لەپێش ژاکانم هێندە ئاونگاوی بووم مەپرسە، ئای ئیکرام گیان ئەی تۆ زانیوتە دەربەستیش دەستی لە ژاکانم هەیە. ئەو ئیمپراتۆرێکی پڕ لە لوغز و مەئیووسییە لێوان لێوە لە نغرۆبوونی خۆشیەکان، بەو پڕبوونەش ساتە جوانەکانم لەبار دەبات، خۆ بێگومانم لەوەی کە خۆشی دەوێم. بەڵام ئەگەر بەزمانی سۆز گوزارشت لە هەر شتێکی جوان نەکەین. ئەمە لە کاتێکدا کە بێزمانیش بێن ستەمە، ناڕەواییە، گوناهێکی فرە گەورەیە، ئەو ژیانەی کە خاڵی بێ لە گوزارشت بێماناییەکی گەورەیە، ئای ئیکرام گیان خۆ من لە بێدەنگییەوە فێری ڕق بووم، خووم بە مەوسیمەکانی ژیانەوە گرت، فێری بێ مانایی ژیان بووم، نازانم ئەم سەرلێشێوانەم بە چ بچووێنم هەردوو مۆمەکە بەناو لەپمەوە بوو، بەشوێن دەربەستا ئەگەڕام وەک نابینا ملم دەنا و هاوارم دەکرد: کوا نیوە



نەعلەتیەکەی ترم. من بەبێدەنگیەکەشی ڕازیم بیری دەکەم تەنها تۆزێ لە ڕوخساری دادەمێنم و ڕوخسەتی ئەم گەشتەمی لێ دەخوازم، لە پڕێکا پڕاوپڕ بووم لە بێدەنگی پڕ بەو مەملەکەتە هاوارم دەکرد، چاوەکانم پەڵەیان دا. گوڵەکانی سەر سینەم گەش دەبوونەوە، بەتەنها نازنازەکان نوستبوون، لەناو ئەو ئاوابوونەدا هەر چاوەڕوانی هەڵهاتنی هەتاو بوون تا دڵیانی بۆ بکەنەوە خۆیان بەتیشکەکەی بشۆن، نازنازەکان خەونیان بەهەتاوەوە دەدی و من بەدەربەست. بەپێی خاوس ڕێگام دەبڕی، هەر درەختێکم تووش دەبوو دونیایەک کڕنوشم لەبۆی دەبرد. لەو مەملەکەتەدا تاقە قسەکەربووم، هەموو ئەوانی تر گوێگر و بینەری بێ دەربەست بوون، لەپڕێکا ئیکرامیش لە چاو ون بوو، هەورە برووسکە تاقە قسەکەری تووڕەی ئەو وەرزە بوو ئێمە و باخچەکەی ڕائەژەند، ڕەشەبا گەمەی بەگوڵەکانی سەر سینەم دەکرد، دەتوت ئەوە خەزانە وەک ئەو دیمانەیەی من و ئیکرام و ئەوانی ترە بۆ ئەوە بەرپابووە تا من و دەربەست بەیەکتر شاد بکاتەوە. لەپڕێکا ڕێم هەڵە کرد، هەر دەڕۆییم و دەڕۆییم تا ڕێم کەوتە ناو دارخورمایەکی لەژمارە نەهاتوو، تاقە داربەڕوویەکی تێدا بوو، چیرۆکی ئەو تابلۆیەم بیر کەوتەوە کە منداڵێکی ئەنفال لەناو دارخورماکاندا بەجێ دەمێنێ و دەنکەبەڕوویەکی بەدەستەوە دەبێ، هەر لەو شوێنە زیندەبەچاڵی دەکەن، ئەو دەنکە بەڕووە دەبێتە دارێکی گەورە. بەتەنها لەناو ئەو مەملەکەتەدا مامەوە، بەرەو دواوە گەڕامەوە دەستم کردەوە بەگریانەکەی جاران وەکو زیکری درەختێکی پێگرتوو سەرم بادەدا و ڕۆشناییم دەبەخشییەوە تا دەهات مۆمەکان گڕیان دەگرت و فرمێسکم وەرزەکانی پاراو دەکرد، لەناکاودا دواین قیژەی سەرەمەرگی هەتاو خستمیە ناو ئەو دەریایەی کە لە دەروازەی تابلۆی تاراوگەکەی ڕامان کێشرابوو و حیکمەتی مەملەکەتی ئاوی لێوە فێر بووم و دەستی سزام تێدا ناسییەوە، تومەز ئەمە وەرزی هەڵوەرینمە کە لەو گەشتەدا بەشوێنیا عەوداڵ بووم، کە هاتمە سەرخۆ، دەربەستیش وڕێنەی بەبۆنی چنوورەکانی ترەوە دەکرد.

پایزی ٢٠٠٢– هەولێر

# دارتووە تەنیاکە

ڕۆژێکی سارد وەک ڕۆحی تەزیوی گومان، جار ناجارێ درەختەکان بەسەمایەکی شێتانە خۆیان دەدایە دەم تووڕەیی ئەو بایە ساردەی کە وەک دەروێش بەدەم زیکری بێ ئاگایانەوە، هەموو دەوروبەری تێک نابوو، جار جاریش لقوپۆپە چەماوەکان ملیان دەنا بەلارەوە و لە دەوروبەری خۆیان ڕادەمان، چەند دارێکی ڕووتەوەبووش، لەو بەری کانییەکەوە، بەپێوە ڕاوەستابوون و هەندێ لقی چەماوەش لەولاترەوە دەتوت نوێژ بۆ ئەو بەیانییە دەکەن کە هێشتا لەژێر لەشی قورسی شەودا سەری خۆی کز کردبوو. جار ناجارێ خوڕەی ئەو کانییە دڵ تەڕە، بەدەم ڕۆیشتنێکی سیحرئامێزەوە، خەونی ماسییە بچکۆلەکانی بۆ گەڵاوەریوەکان دەبرد. هەموو شتێک بەرگی سپی پۆشیبوو، تەنانەت شتە دزێوەکانیش سپی دەچوونەوە، ئەودەمانە هەموو شتێ ساردتر بوو لە دڵی ئەو گەنجە گەنم ڕەنگەی کە زۆر نەبوو گەیشتبووە ناو دارستانەکەی ئەوپەڕی دێ، ئەمێستا دارستان سەری سپییە و دڵیشی پیر وەک خەمەکانی دڵی ڕێکەوت، ئەو دەمە ڕێکەوت هەواڵی بەفرە باریوەکانی بیستبوو، بۆیە دەیویست لەژێر دارتووە تەنیاکە، پەیکەری خۆی و شیبا لە تۆپەڵە بەفر دروست بکا، چونکە هەموو شتەکان بۆی لەو پڕووشە بەفرانە دەچن کە دەکەونە سەر ئەرزێکی تەخت و دەتوێنەوە. تەنانەت ئەرزیش نایانگرێتە خۆی، بەوەشەوە



ڕانەوەستا بەرەو دارتووە تەنیاکە هەنگاوی وردی دەنا و ملی ڕێگای گرت، ئای خۆ ئەو دەمە کەس بەدەرەوە نەبوو، ماڵەکان سادە بوون، خانووەکان لە خشت و قوڕی سوور چێکرابوون، ماڵی ڕێکەوت دەیڕوانییە سەر دارتووە تەنیاکەوە و کانییەکیش لەژێر سێبەرەکەیدا ڕێگەی خۆی دەپێوا و هەر دەڕۆیی و بێ بڕانەوە لە جریوەی قاسپەی باڵندە و خشپەی گەڵا وەریوەکان و گازندەی دڵدارانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، ڕێکەوت دوو چاوی شینی ئاسمانی و باڵای بەرز و نێو قەدی، هەر بەبەژنی دارتووە تەنیاکە دەچوو، دەمی بچووک و پەرچەمی خاوی جوانییەکی تایبەتییان دابوو بەڕوخساری. تا بڵێی گەنجێکی ڕاستگۆ و هۆشیار، هەست ناسک وەک ڕاچڵەکینی ئەو پەپوولانەی کە تاڵە قژەکانی شیبایان کردبوو بەلانە، وەک ئەو چرپە ئالآنەی کە ختووکەی لێوەکانی شیبایان دەدا، ئەم گەنجە ئێستا بووەتە پەیکەرە پیاوێکی جوان و بەفر سەراپای گیانی سپی کردووە، ئەمێستا لەو پەیکەرە جیاناکرێتەوە کە لەو بەفرە دروستی کردووە، کتومت دەڵێی خۆیەتی و لە تەنیشتیشیەوە شیبایەکی زۆر سەیری دروست کردووە. هەموو جەستەی سپی دەچێتەوە. ئا ئەو بەفرە ڕەشیی چاوەکانی شیبای خواردووەتەوە و سووراوی لێوەکانی هەڵمژیوە. شیبا بەخۆی کچێکی ئێسک سووک و ڕووخۆش بوو، سیمای بەرائەتی لێ دەباری و چاوانی خەمیان لێ دەڕژا. دایکی هەر لە منداڵییەوە قژەخاوەکەی بۆ دەهۆنییەوە و بەسەر شانیدا دوو پەلکی جوان شۆڕ دەبوونەوە، کەسێ نەبوو ئەفسانەی ناو گوڵەقردێلە سپییەکانی ئەوی نەبیستبێ. ڕێکەوت لەپاش سەفەری دوورودرێژی کە لە شار گەڕابووەوە، لەوە دەچوو کە هیچ ئومێدێکی نەمابێ، ئەو سەردانەوەی ئەم جارەی بۆ بەسەرکردنەوەی ماڵی بابی نەبوو نا، بەڵکو گەڕانەوەی ئەم جارەی بۆ ئەوە بوو خەمی گەورەی خۆی بەدڵی ساردی بەفر و دارتووە تەنیاکە بسپێرێ و ئەو دوو پەیکەرە جوانەی لێ دروست بکات. ئەو دەزانێ خەون و ویستەکانی ئەو کە دەیویست وەکچە شاد بێتەوە وەک ئەو جووتە پەیکەرە بێ ئامانەن، بەڵام

هێشتا لەزەتی ئەو جووتە پەیکەرە زیاتر بەردەوام دەبێ و درەنگتر لە ڕاستی ئەوان دەتوێتەوە. ئەو ژێری دارتووە تەنیاکەی بەردەوام دەبێ و درەنگتر لە ڕاستی ئەوان دەتوێتەوە. ئەو ژێری دارتووە تەنیاکەی کرد بەماڵ و تێیدا دانیشت. زۆر بەوردی لە هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی ڕادەما ، ئەو دارتووەی کە چەندین ساڵ جۆلانەیەکی پێوە هەڵواسرابوو، ڕێکەوت و هاوڕێکانی تێیدا گەورە بوون، هەموو هاوڕێکانی هێنایەوە پێش چاوی خۆی، یەکێکیش لەوانە شیبای وەنەوز و خەون و منداڵی و ئێستای بوو، وەک بڵێی ڕێکەوت بەقەدەری خۆی زانیبێ، بۆیە لە ڕۆژێکی کش و مات وەک دڵی گریاناویی خۆی، بڕیاری دا دێ بەجێ بهێڵێ، ئەو گوندەی کە تەنیا قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدا بوو. ڕێکەوت قۆناغەکانی سەرەتایی بەچاکی و زیرەکی بڕی، بەڵام باوکی بووە ڕێگر و نەیهێشت بەرەو شار بڕوا و قۆناغەکانی تری خوێندن ببڕێ. ڕێکەوت دوای ئەوەی بڕیاری دا کار بکا ، سەری خۆی هەڵگرت بەرەو دنیای ئۆتۆمبێل و دووکەڵ و هەراو زەنای ئەو شارەی کە چەندین ساڵە ژێر دەستەیە، ئەو شارەی کە زێڕی لێ دەڕژا و ڕۆژانە بەدووربینی خەیاڵمان نەبێ لە سەیرکردنی تێر نابین، ئەو هاوتەمەنی شیبابوو، لە پۆلێکدا دەیانخوێند، بەڵام ماڵی شیبا بەخێزانەوە بەرەو شار چوون و ئێستا شیبا لە قۆناغی ئامادەیی دەخوێنێ و زۆریش سەرکەوتووە، کە ڕێکەوت گەیشتە شار تەمەنی خۆی لە شازدە ساڵ دەدا، ڕێکەوت خولیای زۆر بوون، ئەو خولیایانە مێشکیان ئاژنیبوو، ڕوخساری لە نەزاکەتی بەیانییانێک دەچوو کە ئاوی نەدیتبێ، چاوەکانی غرووری ڕۆژانەیان لێ دەڕژا، چەندین چرپە لەسەر لێوەکانی مەیيبوون، سیمایەک کە ترسێکی پیرۆز تاپۆی کردبوو، ترسێک وەک ناسکی ڕاڕاییيەک وەک ئەو شنەیەی کە هەمیشە دێت و دەچێت، بەبێ ئەوەی سەر بەماڵی دڵی عاشقێکدا بکات، ئا ئەو ئێوارەیە بوو کە ڕێکەوت هەر بەڕێکەوت ملی ڕێگای گرت و ڕووبەڕووی ناسکی و جوانیی شیبا بووەوە. ئەو ڕوخساری شیبای لەو بایە تەزیوە جیا نەکردەوە



کە بەبینینی هەموو لەشی تەزیبوو تا ئەو وەختە نەیدەزانی جەستەی لەگەڵیدا دەسووتێ یا سەرما دەیمرێنێ، ڕێکەوت هەستی بەبوونی پەنجەکانی نەدەکرد، کاتێ شیبا بەرەو ڕووی هات، ئا لەو ئێوارەیەوە ڕێکەوت زانی بۆچی ناوی (ڕێکەوت)ە و قەدەری ئەم بینینەی چۆن بۆ ڕەخسا ، ئای لە دەست و پەنجە نیانەکانی قەدەر چۆن دەستمان دەگرێ، پێشمان دەکەوێ و دەمانخاتە ناو پیرۆزترین و گەرمترین ژوورەکانی دیدارەوە و چۆن بەهەمان شێوەش، لێکمان جیادەکاتەوە و ماڵئاواییشمان پێ دەکا!. کاتێ شیبا ڕۆیی، شارێکی لەگەڵ خۆیدا برد، بۆنی دووکەڵی ئەو شارە کاسی کردبوو، هەر کەسیشی بەلادا تێپەڕ بووایە، هەستی بەو بۆنە پیرۆزە دەکرد و پێی مەست دەبوو، ئەو تەنیا پارچەیەک لە نوور نەبوو نا ، بەڵکو زۆر لە ڕێکەوت جیاوازتر بوو، کۆمەڵێ کتێبی بەدەستەوە دەگرت و بەرگی قوتابخانەی لەبەردابوو و بەخەیاڵێکی ڕووتتر لەو دیدارانە، بەرەو ماڵی خۆیان دەگەڕایەوە، ئەو خەمەکانی تازە چەکەرەیان کردبوو، هەردەم بیری لە وانەی وەرزەکان دەکردەوە، بەزستانان وانەیەکی بۆ باران تەرخان کردبوو بەهارانیش بەوانەکانی دارتووە تەنیاکە، ئاونگی چاوی گوڵەکانی دەخوێندەوە، هاوینانیش وانەی هەڵچوونی عاتیفە و گەرمبوونی ڕوومەتی سروشتی دەنووسییەوە، پایزانیش ڕووتبوونەوەی درەختەکان و گەڵا ئاو بردووەکانی لە نیگا تووڕەکانی خۆی جێ دەکردەوە، لە دڵیدا وانەیەکی بۆ بارانیش تەرخان کردبوو، ئەو دەیوت دەشێ بارانیش قوتابخانەیەکی تایبەتی بێ و بەتەڕبووممان وانەیەکی تازەتر بۆ وشکبوونەوەمان بخوازێ، ئەو دەمانە شیبای حەسرەت و بێ ئارام لە دەستەکانی خۆی ڕادەما ، ئاخۆ چی بێ لە پێنووس دەسگیرانتر بێ بۆ ئەو پەنجانەی کە پاکییان لێ بترازێ، هیچی تریان نەدەناسی، مەگەر دوو گوریسی جۆلانەکە، هێندە لێوەی نزیک بایەن. ئەو ئێوارە پەمەیییە، دەرزێکی لە عومری ڕێکەوت برد و بەرەو خوار بووەوە، تا ئەو ڕۆژەی شیبا هەستی بەوە کرد کە ڕێکەوت قەدەرێکی نوێیە و بەرەو ڕووی بووەتەوە، کە

ڕێکەوتی دەبینی ڕوخساری سوورهەڵدەگەڕا و نیگاکانی لە ئەرز ڕۆ دەکرد و پێیەکانی بەیەکدا دەهات، قۆڵی دەکرد بەقۆڵی تریفەی هاوڕێی و لە پاش ئێستێک ملی ڕێگایان دەگرت، تا ئەو ڕۆژەی ئاشکرا بوو، لە سەرووی ماڵی شیباوە، ڕێکەوت ژوورێکی گرتووە و بەکاری ڕۆژنامە فرۆشییەوە خەریکە، ئەو تینووی هەڵقوڵێنی وشەیەک بوو، دەیوت هەر کەسەو کار بۆ ئەو شتە دەکا کە پێویستی پێیەتی، بەڵام من تینووی حەرفە تەریوەکانی سەر تەختە ڕەشەکەی منداڵیی خۆمم، ئاوها ئێستاش لێوەی دوور کەوتوومەوە، چونکە باوکی مۆڵەتی تەواوکردنی خوێندنی پێ نەدا، تا ئەو بۆشاییە گەورەی ناخی خۆی پڕ بکاتەوە ئەو کارەی ئەنجام دەدا، هەروەها لە پاڵپیشێوە، کارە سیاسییەکانی خۆی ڕێک دەخست، هەڵبەت ئەو دوو پرۆژەیە پەلکێشی شاریان کردبوو. خۆشەویستیی وڵات و ئەو غوربەتەی کە پاش ڕۆیشتنی شیبا و خێزانەکەی بۆ شار هەستی پێ کردبوو، ڕێکەوت لە بواری کارەکەیدا دوو هاوڕێی پەیدا کردبوو هەر چەندە ئەوان خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەبوون، بەڵام ئەوەندە پێک دەچوون دەت گوت سێوی دارێکن، لە زۆر شتدا پێک دەچوون، ئەوەی کە زۆر پێکەوەی بەستبوون و هۆگری یەکدی کردبوون، کارێکی ویژدانیی گەورە بوو.

ئای لەو ئێوارانەی کە خۆی و هاوڕێکانی ئاوایی لە ژێر دارتووەکە گەمەیان دەکرد و ئەو گوریسە دەیهێنان و دەیبردن وەک ئەوەی لەم بەری دنیاوە بچن بۆ ئەو بەری دنیایەکی نوێتر، ئای لەو نەفامییە پیرۆزەی کە ئێستاکە هەست بەتامیان دەکا! ڕێکەوت وڵاتی لە هەموو شتێ زیاتر لا گرنگتر بوو، لە کاتی ڕۆژنامە فرۆشتندا بەیاننامە نهێنییەکانی دەبەخشییەوە، ئەو لەلای مامۆستا ئەرشەد کاری دەکرد بەڕاستی کۆمەڵە لاوێکی بەجەرگ بوون، ڕێکەوت وەک تەتەر بەسەریاندا دەسووڕایەوە و لەناو هەموویاندا دیاربوو، یەکێکی تریش لە هاوڕێکانی کە بێ ئیش و کار بوو، دەڤەری هاوڕێیان، دەڤەر لە زۆر شتدا لە ڕێکەوت نەدەچوو، ڕەقەڵەیەکی باریک، نیمچە خوێندەوار و بێ لانە، لە ژوورەکەی ڕێکەوت



گیرسابووەوە، شەوان ڕاز و خواستەکانیان بۆ یەک بەیان دەکرد، بەیانییانیش دەڤەر بۆ کرێکاری و ڕێکەوت - یش بۆ ڕۆژنامە فرۆشی، لە یەکێک لەو بەیانییانە، ئەو بەیانییەی کە نیگاکانی شیبای ئاڵۆسکاند، دڵی هەردووکیان بوو بەهەڵۆیەک و چارەنووسیانی لەگەڵ خۆیدا برد، ڕێکەوت خۆی بۆ ڕانەگیرا و ڕاوەستا و ڕووی کردە شیبا و وتی: تۆ ئەو قەدەرەی کە لێم نابیتەوە، دەڵێی من تۆ دەناسمەوە، بەڵام نازانم گۆناکانی شیبا کە لە دوو پشکۆی سوور دەچوون، تەزوویەک سەر تا پێی داگرتبوو وەک یەکێک تازە لە بێ هۆشییەکەوە وەئاگا هاتبێتەوە، ئەوینێک دڵی ڕاپچڵەکێنێ، هۆن هۆن فرمێسکی سوورایی ڕوومەتەکانی فێنک دەکردەوە و گەرمتر دەبوو کە باڵای ڕێکەوت -ی بینی، ئەو سنەوبەرانەی لاڕێیانی وڵاتێکی وێرانی هاتەوە یاد و بەبەرزاییان خەم لەسەر سینگی کەڵەکە بوو، ڕوانی مەئیووسییەکی گەورە، ڕۆشنایی چاوە گەشەکانی ڕێکەوت، لێک دەکات شیبا هەر لەو کزەبایە دەچوو کە لە وەخت و ناوەختدا سەری دەکرد بەدڵی ماڵی ڕێکەوت-دا و لە شیرینیی خەوی قووڵدا ڕای دەچڵەکاند، چونکە هەستی بەو جیاوازییە دەکرد کە لە نێوانیاندایە، بەدەم سەربادانەوە چاوەکانی بوون بەجووتێ گۆمی سوور و دەیوت: ئای شیبای زستان تۆ ئەو منداڵە چەتوونە نەبووی کە هەردەم وڕکت لە دیلانێی ژێر دارتووەکەی لای ماڵی ئێمە دەگرت، من ڕام دەژەندی و تۆش ژمارەت دەکرد و هەموو جارێ، تۆ زیاتر دیلانێت دەکرد، چونکە بۆ منت کەمتر دەژمارد، تۆ کە هەردەم نۆرەی منداڵەکانی تریشت دەویست، ئای هاوڕێکەم تۆ ئێستا ئەو قەدەرەی کە گشت شەوێ، قەدەرێ خەمەکانم ڕادەژەنی تا بێدارم دەکەیتەوە، ئای ڕێکەوت تۆ ئەو ڕێکەوتەی کە ماوەیەکە وڵاتێکت لە مێشکم داگیر کردووە و بەبێ ئەوەی کە دوو لای گوریسەکەم بەدەستەوە بێ هەر دێم و دەچم. هەموو ڕۆژێ لە ڕاستییەکی خەون ئاسادا لە ژوورە بچکۆلانەکەم سەما دەکەم و نازانم تۆ ئەو غرووره جوانەی کە دنیای چاوەکانت بردووم... ڕێکەوت بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە،

که پڕ بوو له تامەزرۆیی و عەتفێکی هەتیو، وتی: نا نەخێر من غروور نەبووم بەڵکو تەزیوی تۆ مەستی کردبووم، تا ئەو ڕادەیەی کە نەمدەزانی چۆن تەماشام کردی و چۆن تێپەڕیم، ئاخ دەڵێم بۆچی دەتناسم دەترسم تۆ شیبای وڕکنی ئاوایی بیت، ئاوایی دارتووە تەنیاکە! شیبا بوو بەپارچە قوماشێکی سوور و دەستی کرد بەگریان و هیچی نەوت، لەو ڕۆژەوە خەمەکانی دڵی شیبا ڕیز ڕیز بەڕوخساریدا دەهاتنە خوارەوە، ڕێکەوت بەدەڤەری دەگوت دەشێ قەدەر بمداتە بەر ڕەهێڵەی تووڕەیی چاوەکانی شیباوە و ئەوسا بمرم، نا تا ئەمڕۆ نەمدەزانی ژیان هێندە خۆشە، نەمدەزانی مردن ترسێکی گەورەیە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە من هەست بەناخۆشییەکان ناکەم تا ئەو کاتەی دەگەمە ترۆپکی بەختەوەری، ئەوسا بۆ نەگبەتیی خۆم دەگریم، گریان بەمانای بێ دەسەڵاتی نا، دەڤەرگیان بەڵکو بەمانا ئینسانییەکەی، تۆ لێکی بدەرەوە بزانە من چەندە ڕاستم، ئای دەڤەر دەبێ دایک و باوکی شیبا ڕازی بن و مۆڵەتمان بدەن و ئەو خۆشەویستییە خۆڕسکییانەی کە دڵی داگیر کردووین گەورەی بکەین! ڕۆژ دەهات و دەچوو وەک جۆلانەکەی ڕێکەوت بەبێ وچان دڵی ئەو دوو عاشقەی ڕادەژەند، بەبێ ئەوەی بۆ تەنیا جارێک خەونە ئاڵۆزەکانیان بێنەدی، تا ئەو ڕۆژەی کە ڕێکەوت ڕاستیی دڵی خۆی بۆ شیبا درکاند، شیبا چاوەکانی نووقاند و پێیەکانی لە زەوی گیر دەکرد، وەڵامی دایەوە ئەوەی تۆ باسی دەکەی قەدەغەیە، مەحاڵە وەک ئەو خەونانەی کە ناشێ خەونیشی پێوە ببینین، کەواتە کوفرێکە لەو گوناهە گەورانەی کە تا مردن لێیان پاک نابینەوە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، خەمەکانی ڕێکەوت بەهارێکی تازەیان لە ڕۆحیدا زەرد دەکرد و نیگاکانی وەک گەڵاڕێزانی پایزە دیدارێک هەڵدەوەریبیە سەر تەرمی ساردی ئەو ڕۆژانەی کە سنوورێکی بەرزی لە نێوانیان دادەنا، ڕێکەوت وازی لە کارەکەی خۆی نەدەهێنا، ئەو دەمانەی کە ڕاستیی ڕاکانی شیبای زانی چی باکی لە مەرگ نەبوو، بەو لاوییەشەوە خۆی



بەمردوویەکی سەر زەوی دادەنا، لە بچووکترین جووڵە وەڕز دەبوو، لە ژێر دارتووە تەنیاکەی خۆی نەبێ، بۆ تاوێ بیر لە داهاتووی ناکاتەوە، نا نەخێر کوێوە بچین ئەگەر لە شەقامەکانی دیدار وەگیر هاتین، ڕووی موناجاتی خەمەکان کوێوە بەرین کاتێ ژان سەرپشکمان بێت، گشت ساتەکان بەئاشکرا لە دڵمان دەڕژێن و جەستەمان دەکەن بەبێژنگی دەستی ئەو داپیرە و باپیرە توندڕەوانەی کە نەیانزانی باوک و دایکێکی نیانمان بۆ بخوڵقێنن، تاوانی هەڵوەرینی زەردەخەنەمان، لە ئەستۆی گۆرانییە ناتەواوەکان نییە، بەڵکو لە ملی ئەوانەیە کە لای لایەکانیان بەنەوەکامی بۆ دەکردین و نەیاندەهێشت خەونە یاساغەکانیش ببینین، من نازانم بۆچی شیبا نەبێ هیچ نەسیمێک دڵم فێنک ناکاتەوە، دەڵێن گوایە شتەکانمان دەوێ، بۆیە لە چاوماندا جوانن نازانم تۆ بۆچ هێندە جوانی!

ئایا لەبەر ئەوەی من دەمەوێی؟ نا شیباکەم بەمن مەڵێ بیر چوونەوە من خۆم ناوم لە ژێر خۆری ئاواییەکی لەبیرکراو دانراوە، بۆیە ناویان ناوم ڕێکەوت بەڕێکەوتیش لە ئەنجامی بیرچوونەوەیەکی خۆشی دایک و باوکمدا دروست بووم، دەشێ هەموو یاساکان کۆک بن لەسەر ئەوەی کە من و تۆ پێک نەگەین.

چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو دیدارە لانەوازەدا تێپەڕی و شیبا هەر ڕێکەوتی نەدی، نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە، هەفتەکان پەتوویەکی ڕەشیان لە خۆیان ئاڵاند و تا دەهات درێژتر دەبوونەوە. مانگەکان ڕەشتر دەچوونەوە تا بوون بەساڵ و دووان، ڕێکەوت هیچ ئەسەرێکی نەبوو، بەڵام لە دڵی شیبا ئەسەرێکی زۆر گەورەی بەجێ هێشتبوو، شیبا هەر وای دەزانی لە قسەکانی ئەو دڵتەنگ بووە، بۆیە ئاوها خۆی ون دەکرد، ڕێگای قوتابخانە بووبوو بەدوو دەستی قورس و دڵیان دەگوشی، لە ڕاستیدا هەنگاوەکانی شیبا زۆر قورس بووبوون، دەتگوت پێیەکانی بەئەرزەوە لکاون و لێی جوێ نابنەوە، تا ئەو ڕۆژەی دەڤەری بینی، چاوەکانی شپرزەییان لێ دەڕژا، ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد کە ڕێکەوتی لە ڕێگادا بینی

لەو سەری کۆڵانەکە لەم گەنجە جیا دەبووەوە، ئیێدی نەیدەزانی ئەم گەنجە هاورێییەکی خۆشەویستی ڕێکەوتە و ئەو دەناسێ، بەڵام شیبا لێی نزیک بووەوە و پرسی: ئەرێ کاکە تۆ هاورێی ڕێکەوت نیت؟ ئەی پێم ناڵێی ئەم ماوە دوور و درێژە ڕێکەوت بۆچی دیار نەما ؟

دەبێ گەڕابێتەوە بۆ ئاوایی دارتووە تەنیاکە و دیلانێ بەقەدەری من و خۆی بکات؟ دەبێ لە ڕاستییەکانی من زویر بووبێ؟ دەبێ لە کوێ گیرسابێتەوە؟ دەڤەر بەپەڵمەگریانەوە وتی: ئەدی تۆ لە هەواڵی ڕێکەوت ئاگادار نیت؟ ڕەنگی شیبا لەو زەعفەرانە دەچوو کە بەترسێکی زەرد ڕووی خۆی ئارایشت دابێ، لێوەکانی گۆیان نەدەکرد قسەکانی تەواو بکات، وشەکان وەک کوشتنی یەکەم ماچ لەسەر لێوەکانی دەتوانەوە، تا ئەو دەمەی کە دەڤەر هاتە قسە و گوتی چما ئەتۆ نەتزانیوە ڕێکەوت بەندیخانەی هەڵبژارد نەک دوورکەوتنەوەی بۆ ئاوایی!

ڕێکەوت لە بەندیخانە فێری گەلێ شت بوو، تامی پێکەنینی بیر چووبووەوە، خۆڕاگری گشت گیانی بێدەنگی بیری ئاسوودە کردبوو، جانتای بچووکی بەزەنگیانە دەچنی و ناوی جۆراوجۆری لەسەر دەنووسی هەر ئەو ڕۆژەی پاش ئەوەی کە تووشی مەئیووسی هاتبوو لە گفتوگۆکەی شیبا، چووە دەرەوە، تا چەند نامەیەکی نهێنی کۆمەڵە گەنجەکە بگەیەنێتە مامۆستا ئەرشەد، بەڵام بێ ئاگابوو لەوەی کە لە پارێزدان و کەوتە تۆڕی جاڵجاڵۆکەوە و دەسگیر کرا، ئەو دەمە مەئیووسی شیبا، کارێکی گەورەی کردبووە سەر جووڵە و ڕەفتاری، بۆیە بەو سانایییە ڕاو کرا و سێ ساڵی ڕەبەق زیندانی چەشت، جار جار دەڤەر بەسەری دەکردەوە و سەردانی دەکرد، بەڵام هەرگیز پێی خۆش نەبوو، شیبا بەڕاستی حاڵی ژیانی بزانێ، نەبادا پەپوولەکانی ناو گوڵەکەی لە کاتی گریە و قیژاندا بتۆرێن، لێدان و بەندیخانە وایان لێ کردبوو کە مانای گەورەیی شیبا لەبیر نەکات لەگەڵ ئەوەدا، ڕێکەوت بەندیخانەی پێ خۆشتر بوو تا ئەو مەحاڵانەی کە شیبا پەردەی گوێچکەکانی پێ دەلەرانەوە.

***



دوای ئەوەی ڕێکەوت لە بەندیخانە ڕزگاری بوو، دنیایەکی تری ناسی، بەهار تازە سەری دەرهێنابوو، ڕێکەوت کامڵ و بەهێزتر بووە، شتێکی بۆ نیشتیمانەکەی کردووە، هیچ نەبێ ئێستا ویژدانی ئاسوودەیە، بەڵام لەوەش ناخۆشتر لای ڕێکەوت ئەوە بوو، باوکی نامەیەکی بۆ نووسیوە و دوای گەڕانەوەی بۆ ئاوایی لێ کردووە، کاروان-ی هاورێی گوندی، بەناونیشان، شوێنەکەی دۆزیبووەوە، لە دەرگای حەوشەوە ژوورکەوت و گەیشتە ژووری دانیشتن، ڕوانی ڕێکەوت ئەوی جاران نییە و ئەو ڕێکەوت-ە لێو بەخەندەی جاران و ئەو منداڵکارە شەرمنەی جاری جاران لە کوێ؟ هەموو جارێ کە ڕام دەژەند ئەویش هەردوو گوریسی جۆلانەکەی دەگرت و لای دەکردەوە تەماشای دەکرد و پێدەکەنی، نا کاروان گیان ئەمێستا من دوو گوریسی ترم ناسیوە، دەمهێنن و دەمبەن، لە هاوردن و بردنم بۆ چرکەیەک ناوەستن، یەکیان وڵات و ئەوی دیش شیبای لای خۆمانە؛ شیبای وڕکن و چەتوونی منداڵی، بەڵام دیلانێکەی من خۆشی پێ دەبەخشین، ئەو جۆلانەیەی کە ئێستاکە پێی ڕاهاتووم ئەزیەت و گریانم پێ دەبەخشن و پێکەنینیان لە بیرم بردووەتەوە، پاشان کاروان گیان بۆ کوێ بێمەوە؟ تازە من ئەرکێکی پیرۆزم لەسەر شانە وەک نەخۆشی جەستەم پێی فێر بووە و من ئیتر ناتوانم لەو ژیانە جیابیمەوە، دەزانی دوورکەوتنەوە یەعنی چی؟ مانای نەجووڵانە، مەرگەساتە، ئەمێستا من نەخوێندەوارم، بەڵام ئەرکێکی جوانتر و پیرۆزترم گرتووەتە ئەستۆ، جوانیی چاوەکانم شیبا لێی وەرگرتم و نەیدامەوە، بەچاوە پشکۆکانی سووتاندمی و تا هەتایە خۆش نابمەوە، کاروان کە گوێی لەو قسانە بوو، بەپشتی دەستی چاوەکانی وشک کردەوە و چڵمی لووتی هەڵوشی، کاروان کوڕێکی هەست ناسک بوو بەسانایی لە نهێنیی دڵی مرۆڤ دەگەیشت، هەر چەندە ئەویش قوربانیی گوند و خەڵکانێکی ناهۆشیار بوو، بەڵام چی بکات ڕێکەوت نا، دڵی شیبا مەملەکەتێکی جیاوازە، ئەو لە ئێمە تێگەیشتووە دەزانێ ستەم، زۆرداری یانی چی... نا... نا ئەو وانەکانی دڵی ئێمەی

هەموو کردەوە، بەنامەی قوتابخانەکەی ئێمە و ڕۆژە ڕەشەکانی گوند ئێمە بێ ماڵین، بێ خاکین، شیبا لە باوەشی هیچ کامێکیان گیر نابێ و ژێر نابێتەوە، تا لێ گەڕێ خۆت لەو گێژاوە دەرباز بکە، پاشان مام ڕەحمانی باوکت منی بەشوێن تۆدا ناردووە تا نازەنینی کچی مام ڕەحمانت بۆ بگوێزێتەوە، چما ئەو لەسەر بێشکە لە تۆ مارە نەکراوە و دەسگیرانی تۆ نییە؟ کاروان قسەکەی تەواو نەکرد و ڕێکەوت وەڵامی دایەوە... تا جارێکی تر مۆڵەت نادەم بەگەورەییش هەر ستەمدیدە بم، پاشان نازەنین چ گوناهێکی کردووە تا بەزۆر بەمنەوە ببەسترێتەوە! تا هاوڕێ گیان دەبێ ئێمە ئەو بیرە کۆنانە ڕەت بکەینەوە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەین، دەبێ لە خۆمانەوە بێ، هەرگیز نابێ (ئاوا)ی کوڕم وەک خۆم مەویس و بێ لانەبێ، ئێستا من بەندیخانە بەسەدان ژیان و زەماوەندی لەو جۆرانە ناگۆڕمەوە، چما من کراسێک دەکرم یان دڵی مرۆڤێکی بێ تاوان بەخۆمەوە دەبەستم، وشەکان وەک گوللە لە دەمی ڕێکەوتەوە دەرباز دەبوون، فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی دانە دانە وەک دەنکە مرواری دەکەوتنە خوارێ، پیشێکی تری خواردەوە، تا کاروان گیان بۆ زەماوەند نایەمەوە.

***

بەهار ڕۆیشت و هاوین هات، سەربانەکان ئێواران فێنک دەکرانەوە و ماڵ پڕ دەبوو لە میوان و لەسەری گەڕەکەکان گەنجەکان چاویان بەیەک دەکەوت، ماڵی شیبا لە دوو ژووری گەورە دروست کرابوو، یەکیان تەرخان بوو بۆ خوێندنی شیبا و براکانی ئەوی تریش بۆ نانخواردن و دانیشتن، ئەو ئێوارەیە شیبا سەربانی دەشوشت، گوێی لە دەنگی ئاراس بوو، لەگەڵ هێرش و هاوڕێیەکانیدا، قسەی دەکرد، هەر کە شیبا هاتە خوارەوە، ڕوانی دایکی بەخێرهاتنی ڕێکەوت دەکات و ئاراس و هێرش بەخۆشحاڵییەوە، بەدەمییەوە پێدەکەنن و باسی ڕۆژانی منداڵی خۆیان دەکەن.

هێرش دوو ساڵ لە شیبا گەورەتر بوو، بەڵام بەباڵا چونیەک بوون، مام سمایلی باوکی شیبا، برادەری زۆری هەبوون، دەبووایە لە وەختی هاتنی



میواندا، ئاراس و هێرش لە ژوورەکەی دی، خۆیان بەوانەکانیانەوە خەریک بکەن، شیبای تاقانە کچیش خزمەتی باخچە بچکۆلانەکەی دەکرد و گوێی لە خشپەی گەڵا ڕزیوەکان دەگرت و لە ئاونگی چاوی گوڵەکان ڕادەما، پاشان وانەکانی ئامادە دەکرد، باوکیان پیاوێکی بێ ئاگابوو لێیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هانی دەدان بۆ خوێندن و سەرکەوتنیان لە قوتابخانە، ئەو دەمانە خەونەکانی شیبا پۆلە پەپوولەیەک بوون بەسەر سەریدا دەخولانەوە، زۆرجار ئەو پەپوولانە دەبینران و هەندێ جاریش بەسەر قردێلە سپییەکەی سەری شیباوە دەنیشتنەوە، ڕۆژێکیان باوکی شیبا بەچاوی خۆی پەپوولە نیشتووەکە دەبینێ، تا لێی ورد دەبێتەوە پەپوولە لەناو گوڵی قردێلەکەیدا ون دەبێ، ئەو دەمانە دوو دڵۆپە فرمێسکی ڕوون لەسەر ڕوومەتی شیبا ئۆقرەیان دەگرت، دووبارە پەپوولەکە بەدەوری سەری ئەو نەشمیلەوە دەخولایەوە ئەو پەپوولەیە خولیاکانی شیبای ناسکی دەناسی و ڕۆژ بەڕۆژ ئەو حاڵەتە دووبارە دەبووەوە لەو ڕۆژەوەی شیبای وەنەوز خەمەکانی دڵی ڕێکەوتی دەخواردەوە، لەو زرە خەوانەدا گەورەتر دەبوو، زیاتر دەچووە ناو قووڵایی بچووکترین شتی دەوروبەری، چاوەکانی بەو پەڵە هەورە تووڕانە دەچوون کە بەبینین و نەبینین و بیرکردنەوەی لە ڕێکەوت دایان دەکرد و لێ نەدەبوونەوە، تازە ئەو شیبایەکی بێ ئارامە، لە کوێ دڵی مەملەکەتی ئارامی دەناسێ.

***

ڕۆژێکی تر وەک دڵی ئەو دوو عاشقە ژاکا و نازنازەکان تازە لە خەو هەستابوون، ئاو تینی لە خۆر وەردەگرت، ئەرز دڵی بەشنەبای ئێواران فێنک دەکردەوە، ڕێبواران لە سێبەر دەگەڕان، شیبا بەکتێبەکانیەوە بەرەو کتێبخانەی گشتی چوو، کات لای شیبا مەملەکەتێکی گەورە بوو، لێی غافڵ نەدەبوو، ئەوەندەی حەز بەخوێندن دەکرد، بۆیە بەوانەکانی تەسکینیی نەدەهات و ڕۆمانیشی دەخوێندەوە، ئەم جارەشیان بۆ ڕۆمان وەرگرتن بۆ کتێبخانەی گشتی چوو، هەر هەنگاوێکی خورپەیەکی گەورەی بەدواوە

بوو، وەک ئەوەی هەستی کردبێ کە تووشی ڕێکەوت دەبێت، لەشی بێ هێز بووبوو، پێیەکانی بەیەکدا دەهاتن، بەدوودڵییەوە دەیڕوانییە ڕێگاکە وەک ئەو دوودڵییەی کە هەر لە منداڵییەوە هەستی پێ کردبوو، کاتێ ڕێکەوت جۆلانەکەی ڕادەژەند و یاری لە تەکدا دەکرد کە گەیشتە کتێبخانەکە، لە باخچەکەدا ڕێکەوتی بینی بەدوو، پەنجە سڵاوی لێ کرد و وەژوورکەوت، ئەو هەردەم حەزی لەو چیرۆکانە دەکرد کە ڕووداوی سەیرو سەمەرەیان تێدایە، پاش خوێندنەوەشیان پەلکی گوڵێ بۆنخۆشی تێ دەکرد تا هەرگیز بۆنی خۆش لەو دێڕانە نەبڕێ کە مەستیان دەکرد و زیاتر چاوی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژە سەختەکانی ژیان دەکردەوە کە لە هۆڵی کتێبخانەکە وەدەرکەوت، دوو کتێبی تری بەدەستەوە بوو، بەرەوڕووی ڕێکەوت بووەوە، ڕێکەوت وەک پەیکەر لەبەردەمیدا ڕاوەستا، دەستی گرت و لەسەر کورسی ناو چیمەنەکە دانیشتن، ئەو دیدارە لەناو مەحاڵەکانی شیبادا دەژاکا و لە چاوی ڕێکەوتدا سەدان تەرمی هیوای دەناشت، ئەگەر تەماشای ئەو دوو عاشقە بکەین کە مەحاڵە لە ژێر بنمیچێکدا کۆببنەوە و ببن بەخێزانێکی بەختەوەر، دەڵێی خواوەند بۆ یەکتری دروست کردوون، دەڵێی سێوێکن و کراون بەدوولەتەوە، لە نیانی، لە شەرمنی، لە پاکی و لە زۆر شتی تردا، ڕێکەوت توند دەستی شیبای گرت و ماچی کرد، فرمێسکەکانی ڕێکەوت دەستی شیبای تەڕ کرد، پاشان تەماشای ڕوخساری کرد و وتی: ئای هاوڕێی دارتووە تەنیاکە بیرتە کە منداڵ بووین چ ماڵێکی بچکۆلانەمان پێکەوە نابوو، تێیدا خەونی زەرد و سوورمان دەبینی، من دەمەوێ جۆلانەی دارتووە تەنیاکە گەورەتر بکەمەوە، باوەشم بکەم بەجۆلانەی خەمەکانی تۆ و هەموو ساتێ تێیدا ئارامت بکەمەوە، ئەو وشانە چەند ساڵێکی تر شیبایان گەورەتر کرد، خەمەکانی زیاتریان کرد، ئەو خەمانەی کە لە پەتۆیەکی مەخمەڵی دەچوون و بەشانی هەردووکیانەوە بوون، شیبا دەستی لە دەستەکانی ڕێکەوت کردەوە و وەڵامی دایەوە: ئای ڕێکەوت گیان ئێمە هەرگیز مەحاڵەکان ناهێڵن ببین بەهاوسەری یەکتر! دڵی منیش



لە تۆ زیاتر کەسی تری نەویستووە، بەڵام ئێمە قوربانیی دەستی شتە قەدەغەکانین، ئێمە باجی تاوانی گەورەکان دەدەین، ئای دەبێ کەینێ دەیان ڕێکەوت و شیبای تر لەم داوانە ڕزگار بن و بیری نەوەکانی دوای خۆیان ڕۆشن بکەنەوە! ئەو بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە مام عوسمانی ئاشەوان بەباوکی دەگوت بۆ کوێ دەڕۆی بۆ شار؟ منداڵ خوێندنی ناوێ هەر ئەوەندە بەسە بزانن ناوی خۆیان بنووسن، بۆ ماڵ و حاڵ لە خۆت تێک دەدەی؟ ئەم تێفکرینانە ئەوەندەی تر دڵی شیبایان توند دەکرد و دە ئەوەندەش دواڕۆژی ڕێکەوتی لە خۆی دوور دەخستەوە، بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە چۆن ئاشتیی هاوڕێیان بەتۆبزی لە پۆل دەهێنایە دەرەوە نەیاندەهێشت گوێ لە وانەکانی ڕابگرێ، تا ڕۆژێکیان مامۆستا ڕابەر لەگەڵ باوکی ئاشتیدا قسەی لەو بارەیەوە کرد، بەڵام بێ هوودە لەو ڕۆژەوە شیبای بێ ئارام بەکارەساتەکانی دەوروبەر گەورەتر دەبوو، تا ئەو دەمەی ماڵیان گوێزایەوە... بۆ شار، ئەو جۆلانەیەی کە بەمنداڵی دەیهێنا و دەیبرد، وای لێ کرد، ئەمڕۆ گەردوونێک ڕای بژەنێ و بۆ ساتێکیش بەئاسوودەیی چاو لێک نەنێ.

***

لەو ڕۆژەوەی مەحاڵەکان دڵی شیبایان دەلاواندەوە، چاوەکانی بەدووریی ڕێکەوت ئەڕشت، دەبێ چەند پەپوولەی بێ ناز لە ژێر پێڵووەکانی خۆیان حەشاردا بێ.

کۆلێجی ئەندازیاری بەنیسبەت شیباوە ڕێکەوتێک بوو، چاوەڕوانی نەدەکرد، مەحاڵێک بوو وەک خۆشەویستی ڕێکەوت، شیبا زستان هەر لە ماڵی دڵی ڕێکەوتدا پشوویەکی دڵنیایی نەدا، ساڵ بەساڵ ڕێکەوت بێ ئومێدتر دەبوو، دەیوت شیبای بەتەنیا خۆی ئاستەنگە لەبەردەم خۆشەویستیماندا چەندین جار بەشیبای وتبوو، با نەخشەیەک بکێشین بۆ پێکگەیشتنمان، لە سەرەتادا وای دەزانی شیبا ترسی یەکێکی لە دڵدایە، بۆیە هەر دەڵێ مەحاڵە ئەو نەخشەیەی کە ڕێکەوت باسی لێوە دەکرد وەک

تێفکرینە ئاڵۆزەکانی شیبا بوون، کاتێ کە منداڵ بوو، چۆن نەفرەتی لەو خۆشەویستانە دەکرد کە لە پێناوی دڵ و عەشقدا چۆن ویژدانیان پێشێل دەکەن و بیر لە دوارۆژی نەوەکان ناکەنەوە، بیر لەو خونچانە ناکەنەوە کە لە شەبەقی تاوانی دوو گوناهی پیرۆز، چۆن چاو هەڵدێنن و سەیری مەرگی دایک و باوکیان دەکەن، پاشان ئەو کۆمەڵگەیە چۆن تەماشای ئەو خونچانە دەکا، شیبا تەنیا بیری لەو قەسابخانانە نەدەکردەوە کە چەندین مەملەکەت لە گومان شەلاڵ دەکەن، نەخێر ئەوە ترس نەبوو کە نەیدەهێشت بەرێکەوت شادبێتەوە، بەڵکو خۆی بەربەستی ئەو جۆرە شادییانە بوو کە منداڵ بوو زۆری لەو عەشقە ئەفسوونا وییانە بیستبوو، چەندین چیرۆکی لەو بابەتانەی خوێندبووەوە، بەڕای ئەو، ئەو کەسانەی کە مەملەکەتێک هەڵدەبژێرن، تەنیایەکی تێدا لە ئامێز بگرن و ڕێگای هیچ بەرەو پێشەوە چوونێکیان نامێنێ، نا با لە جێگای ئەو شادییە من مەحاڵەکانی دیکەم بێتە دی و لە ڕێکەوت دوور بکەمەوە.

شیبا دەقی لەگەڵ خوێندنەوەدا بەستبوو، شەوانە ڕۆمانی گەورە نووسەرانی دەخوێندەوە، بەڵام لە هەر دێڕێکدا ڕێکەوتێکی گەورەی دەدواند، بەپشتی دەستی فرمێسکە قەتیسەکانی سەرگۆنای دەسڕییەوە وەک نامۆیەکی بێ وڵات، بێ هاوڕێ، بێ خاک، سەری با دەدا و لەناو مەراسیمی گریانێکی بەکوڵتر لە دڵی کانییەکەی دارتووە تەنیاکە، بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە چۆن بەدیار کانییەکەوە وەستا و وێنەی خۆی تێدا دەبینی و کانییەکەش ئەوی دەدواند، ئای شیبای لێو تەزیو! یەک قومێ ئاو لە میهری دڵە پڕەکەی من فێری زۆر شتی جوانت دەکا، تا گەورە دەبی هێزێکی سیحراوی خوێنت جۆش دەدا و توانایەکی ئەفسووناوی، ناخت تاپۆ دەکا، شیبا زۆری لە ئاوی کانییە دڵپڕەکە خواردبووەوە بۆیە چاوەکانی ئەوەندە بەهێز و دووربین بوون، ئەو دەمانەی کە جۆلانەکە دەیهێنا و دەیبرد دەیڕوانییە گەڵاڕێزانی دارتووەکە، بەڕادەیەک بیری لەو حاڵەتە دەکردەوە، خەو دەبوو بەڕێکەوت و بەپەنجە نیانەکانی یاری بەپرچی ئاڵۆزی دەکرد و



پەپوولەکان لەژێر پێڵووەکانی دەردەچوون و بەنیانی شنەیەک چاوی شیبایان لێک دەنا و خەوێکی خۆش و چەندین خەونی دوور لە مەحاڵ دڵیان فێنک دەکردەوە، ئەو جەستە بێ ئاگایەیان دەپێوا کە ماندوویی دنیایەکی سەمەرەیان لێ دەڕژا، تەنانەت لە خەوە قووڵەکانیشدا لێی نەدەبوونەوە و کۆتاییان نەدەهات.

***

لە دوا ڕۆژ و ساڵەکانی شیبادا لە زانکۆ، هەموو شتەکان سەوز بوون، ڕایەخی ئەرز لە ژێر تاوە بارانی شین ڕاکشابوو، گوڵەکان خەیاڵی جوانییان لە شەوقی ڕۆژ دەکردەوە، بەژنی درەختەکان وەک ناوقەدی یەکەم بینین باڵا و هەموو شتێک گەش بوون وەک ڕوخساری ئەو بەیانەی کە پرچی ڕەشی شەوە یەڵداکان، بەجێ دێڵن ئاوهاش چاوەکانی ڕێکەوت خەمێکی گەورەیان گەورەتر دەکرد، چاوەڕوانی هەدای نەدەدا بەختەوەری لەناو دڵی ویدا پێ بگرێ، ڕێکەوت وێڕای ڕۆژنامەفرۆشی خۆی بەخوێندنەوەشیان خەریک دەکرد، جگە ئولفەتی لەگەڵ هەواڵ و سیاسەتدا چێژی لە شیعری وەردەگرت و لە چیرۆکیش ژیانێکی سەیر و نادیاری دەخوێندەوە، بەڵام ئاخ لەو بیرە کۆنانەی کە بووە قوربانییان و دوا ڕۆژانی ژیانیان پڕ میحنەت و ژان کردووە! هەردەم دەیوت دەبێ شیبای ئەندازیار چۆن بتوانێ سەیری من بکات! ئاخ بابە ئاخ من چەند ڕۆڵەی ستەم و ژێردەستەییم چەشتووە! میحنەت بووە بەباوک و ناونیشانم، من گشت ڕۆژێ سەدان جار دەمرم و زیندوو دەبمەوە بریا هەموو جەستەمت داپڵۆسیایە، بەڵام ئاوها بیروبۆچوون و منداڵیمت زیندەبەچاڵ نەکردبایە! ئەمێستا من لە چاوی شیبادا پارچە ئەرزێکی بێ پیتم، تەنانەت بۆ خانووچکێنەی منداڵانیش بەکار نایەم، پاڕانەوە و نزاکانی من وەک گیزەی مێشوولە بەلای گوێیدا تێ دەپەڕێ چەندین جار بەدەستەکانی لە خۆی دووریان دەخاتەوە من مۆتەکەی بیرە جوانەکانی شیبام شەوانە خەونەکانی لێخن دەکەم، ڕێکەوت هەردەم قسەکانی شیبای لەگەڵ خۆیدا دەوتەوە کە دەیگوت: ئای ڕێکەوت گیان

چەند خۆش دەبوو، ئەگەر من و تۆ بووبووینایە بەقوربانی بۆ گۆڕینی ئاوایی دارتووە تەنیاکە! چەند خۆش دەبوو کە بچووکترین مافی منداڵانی ئاوایی جێبەجێ بکرایە کە ئەویش خوێندنە، ڕێکەوت گیان کە نەکرێ و نەتوانی ماڵەوەتان ڕازی بکەی تا ببی بەخوێندەوار ئەی سبەینێ چۆن دەتوانی من و خۆت لەو بیرە کۆنانە بپارێزی کە ژیانمان دەتەنن؟ یا دەبێ من و تۆ یەکەم قوربانی بین تا بەخوێنمان دارتووە تەنیاکە سەوز و گەشتر ببێتەوە، بەوەشەوە ناوەستین، دەوروبەری دارتووەکە دەکەین بەباخچەیەکی جوان و گوڵی جۆراوجۆری تێدا بڕوێنین، با من و تۆ یەکەم هەرەس بین و ببین بەژان، ئەو ژانانەی کە هانمان دەدەن، بەرەو لووتکە بڕۆین، ڕێکەوت گیان ئەو ساتانەی کە لە ئامێزی تۆدا دەستەمۆ دەبم هەرگیز بەژیانی نازانم نا. بەڵکو ئارەزووەکانمان دێتەدی، کاتێکیش کە ئارەزووەکانمان پاراو بوون، خەڵکی لە بیر دەکەین، جوانی شتەکان دەنێژین، فرمێسکەکانمان وشک دەبن، بەڵام ئەگەر بەیەک نەگەین ئەوە چەندین بیری جوان، لە مێشکماندا چەکەرە دەکەن، ماڵئاوا هاوڕێم ئەوەی وتم کۆتاییە و لێشی پاشگەز نابمەوە.

***

ئاوا دیسان چۆن جۆگەلە ڕۆژان دەڕۆیی و ساڵان نوێ دەبوونەوە، ڕێکەوت ئێستا مرۆڤێکی ترە و پێوەندیی لەگەڵ نیشتیمانپەروەراندا وای لێ کردووە کە بیر و تێڕوانینی زۆر کامڵ بووە و ئێستا مرۆڤێکە دەتوانێ وەک دیوار لەبەردەم ئەو بیرە کۆنانە ڕاوەستێ و بڵێ نەء، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانی شیبای بۆ نابێ، نازەنینی مارەبڕیشی سەربەست کرد، ئەویش ڕۆژێک بۆ ئەو مەبەستە چووەوە دێکەی خۆیان و چووەوە ناو بەفرەکە و دەستی کردەوە بەدروستکردنی شێرە بەفرینە، بەڵام ئەم جارەیان پەیکەری بەفرینی خۆی و شیبای دروست کرد، ئەرکی سەرشانی ڕێکەوت لە ئێستادا، زۆر لە جاران گەورەتر بوو، بۆیە هەرگیز نەیدەتوانی جارێکی تر لە گوندەکەیان نیشتەجێ بێت، وەک ئەوان بیر بکاتەوە نان پەیدا بکا. لە



دوایین چاوپێکەوتنی بەشیبا توانی قەناعەت بەو واقیعەی خۆی بهێنێ و لەوە بەدوا وەک هاوڕێیەک ڕەفتار بکەن، بەڵام شیبا بووبووە سومبلێک بۆ ساتێکیش چییە لە ژیانی ڕێکەوت دوور نەدەکەوتەوە. ڕێکەوت نامەیەکی بۆ شیبا بەجێ هێشتبوو.

ڕۆژ باش

من نامەوێ، شیبای پاش باران و ناو دڵی دەشت و سەرەڕۆ بەند بکەم، با وەک با بڕوا و هەناسەی پاک بچنێتەوە، با وەک گریان دڵی گەرمی ڕووبارەکانی ژێر بکاتەوە، وەک نەسیم سەردانی گوڵەبەڕۆژەکان بکا، وەک زایەڵەی نەترس و جورئەت ناخی هەزاران ڕێکەوت بورووژێنێ، با ئەوینت لە درزی پەنجەرەکەمەوە، شەوەکانم خەم پڕژێن بکا، ئەو لە من و کانییە ڕۆشنەکە فراوانتر دەگریا، بۆیە منی ناو نا مەحاڵ و جێی هێشتم تا تاریکی خواردمیەوە، لەناو تاریکی شەوانی گونددا، لەخۆ چووم و چەندین ساڵ، هەر کوێرانە شیبا و هاوڕێکانم پاڵ دەدا، جۆلانەی دارتووەکەی کردبوو بەقوتابخانە و منیش پاسەوانیم دەکرد. من وا دەزانم منداڵێک ژێر دەکەمەوە، هەرگیز نەمدەزانی شیبای چاو داگیرساو قوتابییەکی زیرەکە و یەکە یەکەی وانەکانی دڵی من دەخوێنێت، لە هەمووشیان سەرکەوتووە. نەمدەزانی جۆلانەکە دەیبا و نایهێنێتەوە. من هەر مەودای نێوان خاڵی جووڵاندن و گەیشتنی بۆ ئەوبەرم لەیەک دەدایەوە، کەچی شیبای لێو بەخەندە ئەو مەودایەی کرد بەزانکۆی ئەندازیاری و وانەکانی منیشی تێدا شی دەکردەوە، ئەمڕۆش شیبا لە جیاتی ئەوین و دڵی خۆی شتێکی زۆر گەورەتری پێشکەش کردم، ڕۆمانی گوندی دارتووە تەنیاکە، کە هەموو چرکەیەک گەورەترم دەکا...

٢٠٠٠/٢/٢٦

# پێڕست

مەئوا ......... 5
تابلۆ ......... 37
دارتووە تەنیاکە ......... 91